# له سۆراخی لافاوی نووحدا

## هەر لە دۆندی ئاراراتەوە تا قووڵاییەکانیی دەریای ڕەش

سەلاح ڕێبوار

لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە لافاوی نووح و ساخکردنەوی
لە ڕووی مێژووی ڕوودانی، هۆکار و دەرئەنجامەکانی

مافی لە چاپدانی پارێزراوە

ئەو پەرتووکە لەکاتی ئێستادا تەنیا لەسەر ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو
دەکرێتەوە. داگرتن و کۆپی کردنی ئازادە، بەمەرجێ بازرگانی پێوە نەکرێ.

٢٠١٧

ئەو پەرتووکە، پێشکەشە بە گیانی پاکی برا گەورە و هاوڕێم عەبدوڵا ڕێبوار. کە لە کۆتایی ژیانی زۆر ئازاری بینی و حەسرەتی خوارد. زۆر بەبێ نازی سەری نایەوە.

یادت بەخێر و ڕەوانت شاد

سەلاح

# ڕوونکردنه

خوێنەری هێژا

ئەو باسەی لەبەردەستت دایە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە لەسەر لافاوی نووح، بۆیە ڕەچاوی ئەوە مەکە نووسینێکی بێ لایەن بێ. لە بنەڕەتدا بۆ چوون و پرسیاری دیاریکراوی خۆی هەیە، کە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن.

ئامانجی بنەڕەتیش گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی وەڵامی گونجاو و بنبڕ، کە بتوانن پرسەکان بە زانست پشتڕاست بکەنەوە. پاشخانی نووسینەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بەگومان بوون، لە ڕاستی ئەو لافاوەی پەرتووکە دینییەکان دەیخەنەڕوو. هەر ئەوەش بۆتە هۆی پەیجووری و ئارەزووی بەدواداچوون بۆ ساخکردنەوەی ووردەکاری ڕووداوەکە.

بۆ ناوەرۆک و وردەکارییەکانی، بەپێی مێتوودی زانستی کاری لەسەرکراوە و هەوڵ دراوە تا ئەو ئاستەی لە توانادابێ مافی خۆی بدرێتی.

ئەو دەق و بڕگانەی ناو ئەو تێکستە، کە لەزمانانی تر وەرگێڕدراون چی زانستی، شارستانیی یان دینی لەلایەن نووسەرەوە کراونەتە کوردی.

# پێڕست


دەستپێک ........................................ 9
چوونە ناوباس ........................................ 11
بەشی یەکەم ........................................ 15
لافاو و کەراکتەری ڕزگارکەر لە شارستانییە دێرینەکان ........................................ 15
١. لافاو و کەراکتەری ڕزگارکەر لای سۆمەرییەکان ........................................ 18
٢. داستانی لافاو و کەشتی ڕزگارکەر لای ئەکەدییەکان ........................................ 27
٣. لافاو و کەشتی ڕزگارکەر لە لای بابلییەکان ........................................ 29
٤. داستانی لافاو و کەشتی  ڕزگارکەر لای یۆنانییەکان ........................................ 33
٥. داستانی لافاو لە ئەفسانەی ڕۆم دا ........................................ 36
بەشی دووەم ........................................ 39
داستانی لافاوی نووح لە پەرتووکە دینییەکان ........................................ 39
دینەکانی گەلانی ئاری و سۆمەر ........................................ 41
داستانی لافاو و کەشتی ڕزگارکەر لە ئاوێستا ........................................ 43
لافاوی گەورە لە پەرتووکی ڕەشی ئێزیدیان ........................................ 50
داستانی لافاو لە پەرتووکی ڤیدای هیندۆسی ........................................ 53
لافاوی نووح لە پەرتووکی دینە ئیبراهیمییەکاندا ........................................ 56
داستانی لافاوی تاوان و کەشتی نووح لە تەورات دا ........................................ 56
ڕووداوی لافاوی تاوان لە ئینجیل ........................................ 62
داستانی تووفان و کەشتی نووح لە قورئاندا ........................................ 64
بەشی سێیەم ........................................ 72
کەنیسە و گەڕان بەدوای کەشتی نووح دا ........................................ 72
بەشی چوارەم ........................................ 81
١. لێتۆژینەوەی زانستی سەبارەت شوێنەواری لافاوی نەفرین ........................................ 81
٢. هەلستانی ئاوی دەریای سپیی ناوەڕاست ........................................ 87
٣. بەرزبوونەوەی ئاوی دەریای سپیی ناوەڕاست ........................................ 90
بەشی پێنجەم ........................................ 93
هەڵسەنگاندنی لافاو و کەشتی نووح لە سێ خاڵدا ........................................ 93

بەشی شەشەم ........................................................................................................ 106
پرسی لافاو و بەراوردێک لە نێوان دین و زانست ....................................................................... 106
بەشی حەوتەم ........................................................................................................ 110
١. توێژەکانی زەوی لە ناوەڕاستی ئاسیا و ئاسیای بچووک ............................................................ 110
٢. تەمەنی ڕەچەڵەکی مرۆڤ ........................................................................................ 113
٣. هەڵستانی لافاوی گەورە و مێژووی ............................................................................. 115
٤. قۆناخی نیۆلیتیک و هەلومەرجەکانی پەرەسەندن .................................................................. 117
بەشی هەشتەم ........................................................................................................ 124
١. بەراوردێکی ئەفسانەی سۆمەری لەگەڵ تەورات و قورئان ............................................................. 124
٢. تەمەنی مرۆڤ لە پێش لافاودا ..................................................................................... 126
٣. دەستەڵات و زانین ................................................................................................ 129
٤. لافاو وەک سەرچاوەی پیرۆزی ..................................................................................... 134
بەشی نۆیەم .......................................................................................................... 137
شرۆڤە و دەرئەنجام .................................................................................................. 137

# دەستپێک

بابەتی لافاو و کەشتی نووح و داستانەکانی تری ناو پەرتووکە دینییەکان زۆر جار لەگەڵ هزری مندا سەرەتاتکێیان کردووە. پرسیارگەلێکیان دروستکردووە، کە نەدەکرا وەڵامێکی گونجاو و لۆژیکییان هەبێ. تا لە کۆتایی سالآنی ١٩٩٠، وورده وورده لاپەڕەی گۆڤاره زانستیه ئەوروپییەکان، لێره و لەوێ لایان لە لافاوی نووح کردەوه. پەردەیان لەسەر زۆر نهێنی هەڵماڵی. نایشارمەوە ئەو نووسینانە، لە سەرەتادا وەک خوێندنەوەیەکی ئاسایی و سەرپێیی بە ئەهایەک کۆتاییان دەهات و جارجاریش نووسینەکانم لە لای خۆم دەپاراستن. ئیتر دەکەوتنە ناو ئارشیفی لەبیرچوونەوە.

لەو سالآنەی دووایی‌دا زۆر جار بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچی باسێکی وا بە زمانی کوردی نییە؟ بۆچی کوردیش وەک نەتەوەکانی تر ناتوانێ لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی زانستی دابێ. ئەو بیرکردنانەوەم گەیاندمییانە ئەو باوەڕەی، دەبێ هەوڵ بدەم نووسینێک لەسەر ئەو بابەتە ئامادە بکەم. بەڵام هەمیشە هەستم بەوە دەکرد کە لە شتێکی کەمە. باسی زانستی دەبێ باسێکی چەند لایەنی بێ. مرۆڤ بتوانێ بە لای کەمی لە چەند گۆشەنیگای جیاواز بڕوانێتە بابەتەکە و بەراوردێک لەنێوان گۆشە نیگا جیاوازەکاندا بکات. تا بەو شێوەیە لەلایەک مافی ڕەوا بداتە نووسینەکە. لەلایەکی تریش دەرفەت بۆ خوێنەر بڕەخسێنێ, تا مەودای بەدواداچوونی زیاتر و کێشەکە لە مەیدانێکی فراوان تربیبنێ.

لەو دواییانەدا، هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ شتێ بەرهەم بێنم. بەلای کەمی ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو بابەتە. ڕەنگە وەڵامێکیش بێ بۆ کۆمەڵێ پرسیار. دەرئەنجام ئەو نووسینە لە دایک بوو.
ئیدی لێرەوە خوێنەر خۆی سەرپشکە و بڕیار دەدا. تاکە خۆزگەی من ئەوەیە، ئەو نووسینە بتوانی وەڵامی چەند پرسیارێکی پێبێ. یان پرسی تر بوروژێنی و ڕێخۆشکەربێ بۆ ئەوەی لە ئایندەدا، ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ لەم بابەتە بتۆژنەوە. چونکە بەڕای من نەک تەنیا ئەو داستانە، بەڵکوو سەرجەمی داستانەکانی لە سەر لاپەڕەی پەرتووکە دینییەکان هاتوون، دوای بەدواداچوون دەمانگەیێننە بنەڕەتێکی جیا لەوەی پێیی ئاشناین، کە زۆریش جیاوازبێ لەوەی کە پەرتووکە دینییەکان پێیان ڕەوادەبینن.

سەلاح ڕێبوار

ژونی ٢٠١٧ سوێد

# چوونە ناوباس

ئەگەر بە دواداچوونێک لەسەر پەرسەندنی مێژووی مرۆڤایەتی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە پڕییەتی لە کارەساتی جەرگبڕ، جا ئەو کارەساتانە سرووشتی یان دەستکردی مرۆڤ بن، کەم یان زۆر توانیویانە ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگە و پەرەسەندنی هەبێ. گەلێ لەو کارەساتانە، هەر دوای ماوەیەک نەک خۆیان بەڵکوو شوێنەواریشیان دیار نەماون. کەچی هەندێکی تریان ئەوەندە کاریگەرن، بوونەتە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵایەتی. بە زیندوویی شانبەشانی مرۆڤایەتی بە تووێلەکانی مێژوودا شۆڕبوونەتەوە. ئەو ڕووداوە کاریگەرانە لە شێوەی داستان یانیش وەک ئەفسانە نەوە دوای نەوە دەگێڕدرێنەوە، وەک پەند یان ئەفسانەی کۆمەڵایەتی، دەبنە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵگە و تێکەڵی بیر و ڕەفتاری مرۆڤ دەبن. ئەو ڕووداوانە ئەوەندە کاریگەرییان داناوە، نەک هەر لەناو ناچن بەڵکوو بە هۆی تێپەڕبوونی کات و دەماو دەم گێڕانەوە. فۆرمە بنەڕەتییەکەیان لەدەست دەدەن، و دەبنە دیاردەیەکی بەرز وەک پیرۆزییەک چاویان لێدەکرێ. جا لێرەدا ڕووداوی کارەساتەکە ئەو گرنگییەی نامێنێ، بەڵکوو فۆڕمێکی تر وەردەگرێ و دیمەنێکی ئەفسووناوی لە دوای خۆی بەجێ دێڵێ. ئەوەی جێگای سەرنج ڕاکێشانە، کۆمەڵگە تەواوی تواناکانی خۆی بۆ بەدواداچوونی کاریگەریە ئەفسووناوییەکە و شێوەی گێڕانەوەی تەرخان دەکا، نەک خودی ڕووداوەکە. هەر ئەوەش وایکردووە، سەرجەمی کاریگەرییەکانی سەر مرۆڤ، بەرهەمی گێڕانەوەی ئەفسانەبن.[1] واتە مرۆڤ ئەوەندەی گیرۆدەی دەستی

---

[1] Discourse and Truth: The problematization of Parrhesia. 6 lectures given by Michel Foucault at the University of California at Berkeley. Oct – Nov. 1983

گیڕانەوە و پەروەردەی ئەفسانەکانییەتی، نیوەی ئەوەندە خۆی بە جیهانبینی ڕیالیستانە و گەڕان بەدوای ڕاستی ڕووداوەکاندا خەریک ناکا .

جا لێرەدا پرسە بنەڕەتییەکە ئەوەیە، ئەو ڕووداوانەی لە مێژووی مرۆڤایەتی ڕوویانداوە، چۆن دەگێڕدرێنەوە؟ تا چی ئاستێک دەتوانن وەڵامدەرەوەی لۆژیکی رووداو و دەرئەنجامەکانی بن؟ ئایا بۆ هەڵسەنگاندنییان لە ڕووی هەردوو سەنگی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، کام پێوانە دەتوانێ مافی ڕەوای خۆیان بداتێ؟ هەر ئەوەش مەبەستی سەرەکی ئەو نووسینەیە. سەرەڕای ئەوە هەوڵدانێکیشە بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی ڕاستییەکانی سرووشتی بۆ ڕووداوەکان و کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی پەرەسەندن.

هەر لە خۆڕاییەوە نییە، کە زۆربەی هەرە زۆری داستان و ئەفسانەکانی ناو تۆیی پەرتووکە دینییەکاندان، مرۆڤ دەخەنە دووڕیانێکی لۆژیکی. ئەو داستانانە ناکۆکی لە نێوان ژێدەرەکانی پرۆسەی ڕووداو و بیرکردنەوەی ڕیالیستانە دروست دەکەن. و دەبنە مایەی بیرکردنەوەی مرۆڤ لەسەر داستانەکان، تا دەگاتە ئاستی گومان لەسەر دروستی ڕوودانی شتێکی وا.
ئەو داستانانەش کەم نین کە جێگەی گومان بن. ڕەنگە بتوانم بڵێم تەواوی ئەو داستانانەی ناو پەرتووکە دینییەکان ئەو ئاکارە وەردەگرن. بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین ئەگەر لێتۆژینەوەیەکی بنبڕ لەسەر هەر داستانێکی ناو تۆیی پەرتووکە دینییەکان بکرێ، پەردە لەسەر هەندێک ڕاستیی هەڵدەماڵێ، کە دەرئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراومان بداتە دەست. دەرئەنجامێک دووربێ لەو ڕاڤەکردنەی پێیی ڕەوا بینراوە. ئەو نووسینەش یەک لەو داستانانە دەکاتە ئامانج کە لە گشت شارستانییە دێرینەکان دا هاتووە. لە پەرتووکە دینییەکانیشدا دووبارە بۆتەوە، جێگایەکی تا ئاستێکی بەرچاو بەرزی پێ بەخشراوە .

ئەو داستانەش داستانی لافاوی تاوان و کەشتی نووحە. ڕووداوێکە بە زۆر ناوی جیاواز باسکراوە، بەڵام لێرەدا هەر بە ناوی (لافاوی نووح) ناوی دەبەین، چونکە لە سایەی دینە ئیبراهیمییەکان و کاریگەرییان لە جیهانی ئێمە بەو ناوە ناسراوە. بەڵام ئەگەر لەو شوێنانەی ناو پەرتووکە دینییەکانی تر یان شارستانییە دێرینەکان ناوێکی تری هەبوو، ئەوا بەو ناوە باسی دەکەین کە لەو شارستانییەتە پێی ناسراوە.

کەس نییە لە جیهاندا جا لە هەر نەتەوەیەک یان سەر بە هەر دینێک بێ، بەو داستانە (لافاوی نووح) ئاشنا نەبێ. هەر بەو پێیەش دەبێتە یەکێک لەو داستانانەی بە درێژایی مێژوو سەری بە هەموو ماڵێک داکردبێ و لە گەڵ گێڕانەوەیان جا چی دەماو دەم یان بە نووسین لەگەڵ هزری گەورە وبچووکدا تێکەڵ نەبووبێ. تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی لە زۆر جێگا، بە تایبەتی پەرستگا دینییەکان وەک بەڵگەی ڕاستی بۆ ئامۆژگاری و پەند و ترساندن لە دڵی خەڵکیدا بەردەوام  بەکار بهێنرێ.

لە بەرامبەریشدا بە درێژایی مێژوو، هەمیشە مرۆڤی خاوەن ئاوەزی خستۆتە بەردەم دووڕیانێکی سەخت. لەلایەک لە  ناخەوە هەستی بەوە کردووە کە ڕووداوەکانی ناو ئەو داستانە ناتوانن جێگای باوەڕبن و پێچەوانەی لۆژیکن. لەلایەکی تر نەبوونی ئاڵترنەتیڤێکی لۆژیکانە کە ببێتە جێگای متمانە.

هەردوو شارستانی دێرین و دین بۆ تێگەیشتن و بەدواداچوونی ڕاستی ئەو ڕووداوە، بەربەستن و دیوارێکی ئەوەندە بەهێزیان لە ترس و تۆقاندن هەڵناوە، کە ڕەنگە بەڕاشکاوی بڵێم. بەگومان بوون و خستنە ژێر پرسیاری ئەو ئەفسانەیە ئەگەر کارێکی مەحاڵیش نەبووبێ، ئەوا زۆر ئەستەم بووە. لایەنە دینییەکان وەڵامەکەی بە هێزێکی سەرسرووشت دەسپێرن و بە شێوەی ستیریۆتایپ هەر خۆیان دووبارە دەکەنەوە .

کەراکتەری ڕزگارکەر کە لە ناو پەرتووکە دینییەکان بە نووح ناسراوە، شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو زۆر کۆنترە و بەشێوەیەکی یەجگار نزیک وەک کۆپیی دووبارە دەبێتەوە. ئەوەش وای کردووە، کە هەمیشە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کولتووری. ئەگەر هیچ وەڵامێکیشی نەبێ، هەڵوێستەیەک هەر بکا. و چەندین پرسیار لەسەر ئەو ڕووداوە لە مێشکی خۆیدا بوروژێنێ.

بە هەرحاڵ ئەو باسەی بەردەستت، هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و ساخکردنەوەی داستانی لافا و کەشتی نووح. باسەکە بریتییە لە تێڕامانێکی چەندلایەنی، واتە لە ڕوانگەی جیاوازەوە داستانەکە دەکرێتە ئامانج . دوای ئەوە تاووتوێکردن و هەولێک بۆ ساخکردنەوەی بەپێی ئەو بەڵگانەی لە بەر دەستدان. لە کۆتاییشدا شرۆڤەیەکی دەرئەنجامەکەی، بەپێی چۆنییەتی بۆچوونی مێژوویی و جیۆلۆژی دەخرێتە ڕوو.

# بەشی یەکەم
# لافاو و کەراکتەری ڕزگارکەر لە شارستانییە دێرینەکان

بیرۆکەی دین و پیرۆزکردنی دیاردەکان لە مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤ. پاشخانێکی زۆر دووری هەیە. بە پێی ئەو زانیاریانەی تا ئێستا لەبەر دەستدان. پەرستنی دیاردەکانی سرووشت لەلایەن مرۆڤەوە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٩٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر.

لە سەرەتادا مرۆڤ بە شێوەی زۆر سادە و سەرەتایی، لە ئەنجامی دروست بوونی کۆمەڵێ پرسیار ڕووی لە دیاردە نامۆکانی سرووشت دەکرد. دوای پەیجووری لە ژیانی ڕۆژانەی دا شێوەی پیرۆزکردن و ڕیتوالی تایبەتی دەنواند.[1]

دروستبوونی پەرستنی دیاردەکانی سرووشت لەلای مرۆڤ بەرەبەرە پەرەی دەسەند و شێوەی نوێی وەردەگرت. لە نزیکەی ١٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا. بە شێوەیەکی بەرجەستە بیرۆکەی پەرستنی فرەخودایی سەری هەڵدا و لە هەر شارستانییەتێکی کۆن بە شێوەی جیا، خۆی بەرجەستە دەکرد. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی پەرەسەندنی شارستانییەتی ئەو کۆمەڵگەیە.[2]

---

[1] جیجو، فەرحان امین (٢٠١٠) القومیة الآزیدیه. جذورها- مقوماتها- معاناتها. بغداد

[2] هەمان سەرچاوە

هەر ئەوەش وامان لێدەکا، بەرلەوەی باسی داستانی لافاوی نووح لەسەر لاپەڕەی پەرتوکە دینییەکان بکەین، باشترە بگەڕێینەوە پێش سەردەمی پەیدابوونی بیرۆکەی تاکپەرستی و بوونی ئەو داستانە لەناو شارستانییە دێرینەکاندا. چونکە وەک دەردەکەوێ داستانی لافاو و کەرەکتەری ڕزگارکەر زۆر کۆنترە لە مێژووی پەیدابوونی دینی تاکپەرستی. هەر یەک لە دینەکان بەرهەمی پەرەسەندنی بیری ژینگەی ئەو کۆمەڵگەیەن کە لێی لەدایک بووین. دواتر بە هەر شێوەیەکبێ، دین داستان و کولتوور و نەریتەکانی ئەو شارستانییەتەیان قۆزتۆتەوە. و وەک بەشێک لە پەیامی ئاسمانی خۆیان تۆماریان کردووە. جا لە هەر بارێکدابێ، گێڕانەوەی پڕۆسە و پەیامی داستانەکە لە شارستانییە کۆنەکان دەبێتە ڕێخۆشکەر، بۆ باشتر تێگەیشتنمان لەو پرسە مێژووییە..

دەستپێکی هەزارەی سێیەمی پ.ز سەرەتاییەک بوو بۆ گرنگترین ڕووداوەکانی مرۆڤایەتی. بەهێزترین و قووڵترین شوێەنەواری کولتووری و دەروونیان، لەسەر پەرسەندنی مرۆڤ و بنیاتنانی کۆمەڵگە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەجێ هێشت. ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە شارستانییەتێکی مەزنی بۆ ئێمە بنیاتنا، کە ئێمە تا ئێستاش دەربارەیان خەریکی لێتۆژینەوەین. چۆن و تا چ ئاستێک ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە توانیویانە ڕێچکەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی بەو ئاقارە دابەن، کە تا ئێستاش لەلایەک ئێمە خۆشبەختانە پەرە پێدەری ئەو شارستانییەتەین کە ئەوان بناخەکەیان دانا. لەلایەکی تریش بۆتە کۆسپێک، بە هۆی ئەفسانە سەرەتاییەکانی ئەو شارستانیانە، مرۆڤایەتی گیرۆدەی گەورەترین نەهامەتی کردووە. کە تا ئێستاش لێی دەرناچێ.[1]

کۆنترین سەرچاوە، سەبارەت بە داستانی لافاو و کەراکتەری ڕزگارکەر دۆزرابێتەوە، ئەو بەردە نووسراوانەن کە دەگەڕێنەوە بۆ شارستانییەتی کۆنی میسۆپۆتامیا. هەر لە ٣٥٠٠

[1] د. سيد القمنى. قصة الخلق آو منابع سفر التكوين ل ٥

سالٚ پ.ز تا دەگاتە لاوژەی گلگامش کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٨٠٠ ساڵ پ.ز.[1]
سەرەڕای ئەوە داستانەکە لە سەرتاسەری جیهان، لە ناو میللەتە جیاجیاکان بوونی هەیەو دەگێڕدرێتەوە. بۆنموونە هیند، سۆمەری، بابلی، ئەکەدیی، یۆنانی، چینی، ماپووچی، مایا، ئەزتێک و .... هتد، بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنی جوگرافی و شارستانییەتی ئەو داستانەیان لەناو باوە و نەوە دوای نەوە دەیگێڕنەوە .

لە هەر هەموو شارستانییەکاندا یەک پەیامی هاوبەش هەیە. پەیامەکە بریتییە لەوەی مرۆڤەکان فەرمانی خودایان فەرامۆش کردووە و دەستیان بە خراپەکاری کردووە. خوداش لێیان بە قین داچووە و لە داخی ئەوان دەیەوێ تەواوی بوونەوەرەکانی سەر زەوی لە ناوبەرێ. ژیان لەم جیهانەدا بنبڕکات. پڕۆسەی ڕووداوەکە تا ئاستێکی دیار جیاوازی لە ناو گەلە جیاجیاکان هەیە، بەڵام هەر هەموویان یەک ئەنجام دەدەنە دەست. خودا ڕاسپێرییەک بۆ کەسێکی باش وجێیی متمانەی خۆی دەنێرێ، کە بتوانێ مرۆڤایەتی، و ژیان بە گشتی بە هۆی چەند کەس و بوونەوەری تر ڕزگار بکا. تاجارێکی تر لە سەرەتاوە واتە لە سفر ژیان لەسەر زەوی دەست پێبکاتەوە و بگەشێنێتەوە. بەڵام ئەو جارەیان بەدڵی خودا بێ و بە پێیی فەرمایشت و ڕێنماییەکانی ئەو بێ. [2]

---

[1] Populärhistoria 2001 mars 19

[2] Världshistoria (1983) del 1 av 16 pp.134 مێژووی جیهان لە ١٦ بەرگدا، بەرگی ١ ل.١٣٤

# ١. لافاو و کەراکتەری ڕزگارکەر لای سۆمەرییەکان

سەرەتای پەیدابوونی سۆمەرییەکان مێژوویەکی ناڕوون و لێڵی هەیە. بەپێی بۆچوونی مێژوونووسان، دەبێ لە باکووری مێسۆپۆتامیا هاتبن، هەندێک مێژوونووسی تر پێیانوایە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵەوە هاتوون. لە هەردوو بۆچوونەکەدا، شوێنەکە کوردستان دەگرێتەوە. زۆربەی لێتۆژەرەوان لەسەر ئەوە کۆکن، کە سۆمەرییەکان نەتەوەیەکی سامی نین. و بەر لە کۆچ و ڕەوی سامییەکان، هاتوونەتە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا، بەڵام ڕەگوڕیشەی ڕەچەڵەکیان تەماوی و نادیارە.[1] لە قۆناخی نیۆلیتیک[2] دەوروبەی ٦ هەزارساڵ پ.ز کۆچ و ڕەویان، بەرەو باشووری میسۆپۆتامیا کردووە و ئیتر لەوێ شارستانییەتەکەیان دەستی پێکردووە.

سۆمەریەکان وەک یەکەمین شارستانیی دێرین لە میسۆپۆتامیا، لە نێوان ٥٩٠٠ تا ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز لە دەوروبەری دوو ڕووباری دیجلەو فوڕات ژیاون و بە سەردەمی جیاجیا دا تێپەڕیوون. هەر لە یەکەم نیشتەجێ بوونیان تا دەگاتە دەستەڵاتدارییەتی و دواتریش کزبوون بەیەکجاری لەناوچوون. ئەو مێژووەش لە لیستی پاشاکانی سۆمەری بە ووردی تۆمارکراوە (بڕوانە تابلۆی خوارەوە). هەرچەندە ناتوانرێ بە لێبڕاوانە جێی متمانەبێ، لەبەر ئەوەی هەزار ساڵ دوای پاشای یەکەمی سۆمەری دەست بە نووسرانەوەی کراوە و هیچ سەرچاوەیەکی تریش لەبەردەست دانییە تا ئەو مێژووە ڕەتبکاتەوە.[3]

---

[1] د. سيد القمنی. قصة الخلق آو سفر التكوين. ل٨

[2] نیۆلیتیک Neolitic چاخی بەردی نوێ. قۆناخی گواستنەوەی مرۆڤ لە ژیانی ڕاوو شکار بۆ نیشتەجێبوون و دەستکردن بە کشتوکاڵ

[3] Nationalencyklopedi ئێنسیکلۆپەدیای نیشتمانی بە زمانی سوێدی.

بەم شێوەی خوارەوە سەردەمەکانی سۆمەری دابەشدەکرێ:

| سەردەم | ساڵ |
| --- | --- |
| نیۆلیتیک | نەزانراو - ٥٩٠٠ پ.ز |
| سەردەمی عوبێدییەکان[1] | ٦٠٠٠ – ٤٣٠٠ پ.ز |
| سەردەمی ئورک | ٤٣٠٠ – ٣١٠٠ پ.ز |
| سەردەمەی سۆمەری گلگامش | ٣١٠٠ _ ٢٣٠٠ پ.ز |
| سەردەمی ئەکەدی گلگامش | ٢٣٠٠ – ٢١٠٠ پ.ز |
| سەردەمی سۆمەری نوێ | ٢١٠٠ – ٢٠٠٠ پ.ز<br>بۆ ئەو تابلۆیە بروانە[2] |

مێژوونووسان پێیان وایە سۆمەرییەکان، هەروەک لە پێشتر باسکرا. لە بنەڕەتدا لە چیاکانی باکووری میسۆپۆتامیا هاتوون. کۆنترین شوێنەواری نیشتەجێ بوونی مرۆڤ، لە ناوچە شاخاوییەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای میسۆپۆتامیا دۆزراوەتە. لەو شوێنە بە هۆی ئاوی ڕووبار و زەوی بەپیت کە یارمەتیی دەربووە بۆ پەردان و بەرەو پێشەوەبردنی کشتوکاڵ.

[1] سەردەمی عوبەیدی یەکەمین قۆناخی جێگیربوونی سۆمەرییەکانە. هەر بەناوی ئەو شوێنەی هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسی لێکراوە ناسراوە. کە پێی دەڵێن (تل عبید)

[2] Lisman et al (2013) At the begining, Cosmogony, Theogony and Anthropologony in sumerian texts of the third and second millenium BCE

کۆنترین شوێنەواری ئاودێری دەستکردیش لە خوارووی میسۆپۆتامیا دۆزراوەتەوە، دەکەوێتە بەشی خوارووو و ناوەڕاستی ئێراقی ئێستا و دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر لە ٦٠٠٠ ساڵ یان ڕاستر بڵێین ٥٩٠٠ ساڵ پ.ز.[1]

بەپێی بۆچوونی مێژوونووسان دەبێ یەکەم شار لە جیهاندا، سۆمەرییەکان لە دەوروبەری ٥ هەزار ساڵ پ.ز دروستیان کردبێ. ئەوەش بە شێوەیەکی لەسەر خۆ و هەنگاو بە هەنگاوی، نیشتەجێ بوونی خێڵەکییەکان و وازهێنانیان لە ڕاووشکار و دەستکردنیان بە کشتوکاڵ، بەردی بناخەی یەکەم گوندیان داناوەو لە دەوری یەکتری کۆبوونەتەوە. لەسەرخۆ پێ بە پێی لە زیادی دابوون تا دوایی بوونەتە شار. ئەو شارانەش ئەنجامی پەرەسەندنی بەردەوام بوونەتە شارستانی سۆمەری و دروستکردنی دەوڵەتی شار. [2]

لە دەوروبەری ٤ هەزار ساڵ پ.ز کولتووری سۆمەرییەکان لە گشت لایەکەوە گەشەی سەندووە. هەر لە ریتوالی دینی و نەریتی کولتووری کۆمەڵایەتی، هەروەها سەرکەوتووبوون لە دەمەزراندن و بەڕێوەبەرایەتی، بیرکاری و پلانی شاردانان و کشتوکاڵ.[3] لە هەزارەی سێیەمیش دا دەستیان کرد بە نووسینی سادە لەسەر تابلۆی گڵین، و دواتر بە نووسینی مێخی.[4]

بەپێی ئەو بەردەنووسانەی شوێنەوارناسان لە شوێنەواری سۆمەرییەکان دوای گەڕانێکی مەیدانی زۆر توانیویانە تەختەیەکی قوڕی سوورەوەکراوی سۆمەری بدۆزنەوە. ئەو تابلۆیە زۆر کۆنترە لە لاوژەی گلگامش. مێژووەکەی بۆ ٣٥٠٠ ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە. لەو

---

[1] Samuel Noah Kramer (2000) The Sumerians, their history, Culter and Character.

[2] Anciet Mesopotamia

[3] Khan Akademy

[4] Eopch Time

تابلۆیەدا باسی لافاوێکی ناوچەیی دەکا. پاڵەوانی داستانی لافاو و کەشتی ڕزگارکەر ناوی زیۆسوودرایە[1]. بەپێی مێژووی ئەو تابلۆیە ٧٠٠ ساڵ لە لاوژەی گلگامش کۆنترە.

ئەفسانەکە وا دەست پێدەکا. دوای ئەوەی خودا مرۆڤی دروستکرد، بینی زۆر زوو لە زیاد بووندایە و دەنگ و هەرایان خودایانی مەزنیان بیزارکردووە. خوداکان هەر زوو وەدەستهاتن تا چارەیەک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە. هەر زوو نامتار (خودای مەرگ کە بەرپرس بوو لە نەخۆشیەکان) ڕاسپێردرا کە نەخۆشییەکان بەرەڵلا بکاتە گیانی خەڵکی ژن و پیاو. ئێنکی خودای ئاو و ژیان. ئەو خودایەی کە ڕەگەزی مرۆڤی دروستکردبوو، توانی ڕزگارییان بکا. دوای ئەوە خوداکان کارەساتی تریان یەک لە دوای یەک دەنارد، بەڵام ئێنکی هەر جارە یارمەتی مرۆڤی بە ژن و پیاوەوە دەدا و ڕزگاری دەکردن. ئێنلیل خودای ڕەشەبا، زۆر ئیرەیی بە پەیوەندی ئێنکی و بوونەوەرەکان دەبرد. بڕیاری دا لافاوێکی سەرتاسەری هەڵستێنی و تەواوی مرۆڤایەتی نقووم کا. جا ئێنکی هاتە خەونی زیۆسوودرا[2] و ڕێنمایی کرد و نەخشەی دروستکردنی کەشتی دایە. زیۆسوودرا کەشتییەکی دروست کرد و خۆی و بنەماڵەکەی چوونە ناو کەشتی. دوای ئەوەی بارانێکی بەخووڕ باری تا حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لافاو هەڵستا. دوای نیشتنەوەی لافاو زیۆسوودرا و بنەماڵەکەی لە کەشتی دابەزین و قوربانییان بو خوداکان کرد کە برسی بوون. ئێنلیل زۆر تووڕەبوو، ئۆقرەی لێبڕابوو. دانی بەوە دانا کە مرۆڤایەتی لە ناو نەچوو و لە لافاو ڕزگاری بوو. ئیتر بەدوای چارەیەکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێ خوداکان چیتر لەدەستی مرۆڤ هەراسان نەبن. ئەوە دەرفەتی دایە ئێنکی بۆ ڕازیکردنی ئێنلیل و لە هەنا کاتدا بەردەوام بوونی ڕەچەڵەکی مرۆڤ. ئێنکی پێشنیارێکی مام ناوەندی بۆ ئێنلیل کرد. پێشنیارەکە بریتی بوو لەوەی کە لەمەودوا نەیەڵن مرۆڤ وا بەخێرایی زیاد بکەن، هەمیشە

---

[1] Seppo, Nurmi (2007-2010) Mytt möter fakta. kosmiska

[2] زیۆسوودرا میری سۆمەری بوو و ژیانی هەتاهەتایی لەلایەن خوداوە پێ بەخشرابوو.

نەخۆشی یەک لەسەر سێیان دابڕێ (بە نەخۆشی بمرن). ئیتر لەو ڕۆژەوە نەخۆشی یەخەی مرۆڤایەتی گرتووە و هەر ساڵە بەشی خۆی قوربانی دەوێ.[1]

هەمان داستان بە شێوەیەکی تر سەبارەت بە لافاو و کەشتی ڕزگارکەر دەگێڕدرێتەوە. کە دەبێ دوای ئێنکی زیۆسوودرا کە میری شار بوو، لە لافاو ئاگادار دەکاتەوە. زیۆسوودراش کەشتییەکی ئاژەڵ گواستنەوە پەیدا دەکات. بە کەشتییەکە خۆی و ماڵ و خێزانی و مەڕوماڵاتی پێ ڕزگار دەکات و خەڵکیتر بەجێ دێڵێ. خەڵکی شار لە ناکەسبەچەیی میر تووڕەدەبن. ئیتر زیوسوودرا بە کەشتی بەرەو باکووری ڕۆژئاوا خۆی دەربازدەکا. هەمان داستان بە زۆر شێوەی تر گێڕدراوەتەوە. لە هەندێکیان وەک قارەمان مرۆڤایەتی ڕزگار دەکا، جێگای ڕەزامەندی خودایانە. لە هەندێکی تر کەراکتەر لە پێناوی خودا و خۆپەرستی گەلەکەی بەجێ دێڵێ. بە هەر حاڵ لە گێڕانەوی داستانەکە بێجگە لە ناوی کەراکتەری سەرەکی، وەک دەقی ئەو داستانە وایە کە دواتر لە لاوژەی گلگامش هات.

لە لاوژەی گلگامشی سۆمەریش داستانی لافاو هاتووە (بڕوانە وێنەی ١) و کەراکتەری سەرەکی ناوی زیۆگیدۆ یە .
زیۆگیدۆ کەسێکی نەمرە (خاوەنی ژیانی هەتا هەتاییە لە ئاستی خودا دایە) ئەو نەمرییەشی لەلایەن ئێنلیلەوە پێ بەخشراوە. پاشان زیۆگیدۆ لەوە ئاگاداردەکرێتەوە کە خودا لە مرۆڤەکان بەقین داچووە. لەبەر ئەوەی فەرمانەکانی ئەویان فەرامۆش کردووە، و دەستیان بە خراپەکاری و گومڕایی کردووە. بۆیە خوداش دەیەوێ سزایان بدات. هەر بەو مەبەستەش بەتەمایە لافاوێکی گەورە بنێرێ تا جیهان لە گشت بوونەوەرەکان پاککاتەوە و ژیانی تێدا نەیەڵێ.

---

[1] Brittsh Museum

زیۆگیدۆش وەک ڕزگارکەرێک دێتە مەیدان و بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی و ژیان بەتەواوی لەسەر زەوی، کەشتییەک دروست دەکات. لەو کەشتییەدا بنەماڵەی خۆی و لە هەر بوونەوەرێک جووتێک یەک نێر و یەک مێ لەگەڵ خۆی سواری کەشتییەکەی دەکات. لە ناو کەشتی چاوەڕوان دەکەن تا لافاوی تاوان هەڵدەستێ. کەشتییەکە دووای سەرئاوکەوتن ماوەی حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لەسەر ئاو دەسووڕێتەوە. لە کۆتاییدا ئاوی لافاوەکە دەنیشێتەوە و کەشتییەکەش لەسەر کێوێک لەنگەر دەگرێ و، ئیتر ژیان لە سەرەتاوە دەست پێ دەکاتەوە و زیۆگیدۆش وەک ڕزگارکەر و پاشای ئەو خەڵکە هەوڵدەدا بەپێی فەرمانەکانی خودا، گوێڕایەڵی خەڵکی بۆ مەیسەر بکا.[1]

ئەوەی لێرەدا گرنگە کە هەڵوێستەی لەسەر بکەین ئەوەیە، لە لاوژە کۆنەکانی سەردەمی سۆمەریی، تەنیا باسی لافاوێکی ناوچەیی بچووکی ڕووبارەکانی میسۆپۆتامیا دەکا. کە دەبێ ئاو شاری داپۆشیبێ و تا دۆندی چیا هەڵکشابێ. کەچی لە ڤێرژەناکانی دواتر لە ئەنجامی گێڕانەوەی دەماو دەم و لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر ،لافاو تا دێ فۆرمێکی گەورەتر وەردەگرێ، و ووردەووردە دەگۆڕدرێ بۆ دەریا. ڕەنگە هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ نزیکی شارستانییەتی سۆمەری لە ڕووداوی لافاوێکی گەورە. ئەوەش جێگای باوەڕە، لەبەر ئەوەی ڕوودانی لافاو لە ناوچەکانی باکووری میسۆپۆتامیا ئاساییە و زۆر جار شاریشی لەگەڵ خۆیدا ڕاداوە.[2] لە جێی خۆیەتی هەر لێرە ڕووداوێکی تر بەسەرکەینەوە. خۆ ڕەنگە لاوژەی گلگامش هەر لەو ڕووداوەوە هاتبێ .

---

[1] Eden and Saga

[2] Nurmi, Seppo (2007-2010) Myt möter Fakta. Kosmiska

سۆمەرییەکان لە ٢٩٠٠ ساڵ پ.ز لە بەشی خوارووی میسۆپۆتامیا شارستانییکی گەشەسەندوویان هەبوو. پایتەختی شارستانییەتەکەیان باد- پیترا بوو. کە بە نزیکەی ٣٠ کیلۆمەتر دەکەوتە خوارووی شاری شوروپاک. لەو سەردەمە لافاوێک هەلستا و ئەو دەڤەرەی داپۆشی. خەڵکەکەی تووشی کۆچ و ڕەو دەبن، بەرەو باکوور هەڵدێن. لەو دەمەدا ئەکەدییەکان نیشتەجێیی باکووری سۆمەرییەکان بوون. و بەو کۆچکردنە شێوەی جوگرافیای دانیشتوان دەگۆڕی و پایتەختی سۆمەرییەکان گواسترایەوە بۆ کیش کە دەکەوێتە سەرەوەتر(بڕوانە وێنەی ٢). ئەوەش ڕێیی تێدەچێ، بە پێیی مێژووی جیهان، سۆمەریەکان لە ٣ هەزار ساڵ پ.ز لە شاری کیش بۆ پارێزگاری لە شارستانییەتی خۆیان، دەستیان کردووە بە دروستکردنی سوپایەکی بەهێز و قووڵە دروستکردن. ئەوەش بۆ بەگریکردن بەرامبەر هێرشی عیلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە (ئێرانی ئێستا)، کە ئیمپراتۆرییەتێکی بە هێزیان هەبوو.[1]

داستانەکە کۆتایی بەوەدێ کە لە دەوروبەری شوروپاک گردۆلکەی بەرزی لێیە. بەپێیی گێڕانەوەی داستانەکە ، لافاو ئەو گردۆلکانەی داپۆشیون. دوای ئاو نیشتنەوە کەشتی لەسەر یەکێک لەو گردۆلکانە چەقیووە.[2]

ماوەی نێوان ئەو ڕووداوە کە ٢٩٠٠ ساڵ پ.ز و یەکەم تابلۆی لاوژەی گلگامش کە ٢٨٠٠ ساڵ پ.ز دەکاتە سەد ساڵ. ئەو ماوەیە زۆر کۆرتە و بەسنییە بۆ دارشتنی بنەڕەتی دروستبوونی ئەفسانەی لەو شێوەیە. لەبەر ئەوەی ڕەنگە کەسان هەبن کە باوباپیرانیان لافاوەکەیان دیبێ و شایتحالی نزیکی بن. چی لە کارەساتی ڕووداوی لافاو و

---

[1] گوڵاڵە کەمانگەر(٢٧١٢) قورئان لە نێوان ئوستوورە و جادوو دا. ل.١٥٢

[2] Världshistoria del 1 av 16 pp.140.

هەڵاتن و کۆچ ورەو وەک نیشانەی زیندوو. چی لە شێوەی گێڕانەوەکە سەختە ئەوەندە زێدەڕۆیی تێدا بکرێ.
بۆیە ڕێیی تێناچێ ئەوە هەمان لافاوبێ کە لە تابلۆکان هاتبن. هەڵبەتە ئەو داستانە یەکێکە لە گێڕانەوەکانی سەردەمی سۆمەرییەکان. لە هیچ سەرچاوەیەکی تر بەرچاو ناکەوێ کە پشتڕاست کرابێتەوە. سەرەڕای ئەوە ماوەی مێژوویی لەگەڵ ئەو تابلۆ بەردینەش ناگونجێ کە بەر لە ٣٥٠٠ ساڵ پ.ز نووسرابێ (کە پێشتر باسکرا).
چۆنییەتی لافاوەکان نیشانەی ئەوەیە لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا، بە هۆی هەڵستانی هەردوو ڕووباری دیجلەو فوڕات دەبێ چەندەها لافاوی گەورە و بچووکی دیبێ. گێڕانەوەکانیش تا ئاستێکی باش ئەوە دەسەلمێنن، کە ڕەنگدانەوەی ئەو لافاوانە کاریگەری لەسەر کولتوور و ژیانی سۆمەرییەکان هەبووە.



وێنەی ١

British_Museum_Flood_Tablet

وێنەی تابلۆی لاوژەی گلگامش

کە ئێس تا لە مووزەخانەی

بەریتانیایە

لە دەوروبەری ساڵانی ٢٥٠٠ پ.ز دەوڵەتی شارەکانی سۆمەری کەوتنە شەڕ و ناکۆکی لەگەڵ یەکتری. بەهۆی کوشتن و تاڵان و بڕۆی ناوخۆ، زۆر بێ هێزی بووبوون و توانای بەرەنگارییان بەرامبەر هێرشی دەرەوە نامابوو. سەرجۆنی ئەکەدی ئەو بێ هێزییەی قۆستەوە و لە دەوروبەری ساڵانی ٢٣٠٠ پ.ز هێرشی توندی کرد و سەر سەرزەمینی سۆمەریی و داگیری کرد، بەو سەکەوتنە، ئەکەدییەکان کۆتاییان بە دەوڵەتی شار هێناو یەکەمین ئیمپراتۆرییەتی لە جیهاندا دروستکرد.[1]




وێنەی ٢

دیمەنی وولاتی سۆمەری لە ٢٩٠٠ ساڵ پ.ز کە دەبێ لافاوێکی ناوچەیی هەڵستابێ و خەڵکی دەربەدەر کردبێ. بۆ زیاتر روونبوونەوە بڕوانە خاڵە سوورەکانی (گەورەکراو) ناو نەخشەکە.

---

[2] Nationalencyklopedin سویدیئینسکلۆپیدیای نیشتمانی - سویدی

## ٢. داستانی لافاو و کەشتی ڕزگارکەر لای ئەکەدییەکان

لە دەستپێکی هەزارەی سێیەمی پ.ز شەپۆلێکی گەورەی مرۆڤ بە کۆچ و ڕەوی جیاجیا، زۆر بەخێرایی بە دەشتاییەکانی میسۆپۆتامیا و شام دا بڵاوبوونەوە. ئەو شەپۆلەی کۆچکەران ناوی لێنرا (کۆچی گەلانی سامی). پە پێی بۆچوونی زۆربەی لیتۆژەرەوان، دەبێ ئەو کۆچ و ڕەوە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە، بۆ ئەو ناوچانە بە دوای ئاو و بژێوی دا دەگەڕان. و چارەنووسیان هاتە ئە وولاتە بە پیتە.[1]

هەرچەندە دەزانین ئەوانە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە بۆ ئەو ناوچانە هاتوون، کەچی مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆک نین، ئایا نیشتمانی ڕەسەنی ئەو گەلە سامییانە نیمچە دوورگەی عەرەبی بووە یان لە بنەڕەتدا لە ئەفریقاوە کۆچیان بۆ ئەوێ کردووە و دوایی بۆ ناو چەکانی میسۆپۆتامیا و شام هاتوون.[2]

ئەکەدییەکان یەک لەو گەلە سامییانەن کە لە ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا گیرساونەتەوە و دواتر لە دەوروبەری ٢٣٠٠ –٢١٠٠ پ.ز لە باکووری سنووری سۆمەرییەکان دەژیان. و شارستانییەتی ئەکەدییان دامەزراند. بەناوبانگترین پاشا و بنیاتنەری ئیمپراتۆرییەتی ئەکەدی ناوی (سەرجۆن) بوو کە توانی لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی سۆمەرییەکان و بێهێزبوونیان سوود وەربگرێ. هێرشیان بکاتە سەر و سەرزەمینی سۆمەری داگیربکات. بەو داگیرکردنەش کۆتایی یەکجاری بە دەوڵەتی شار بێنێ و ئیمپراتۆرییەتێکی فراوانتری بەهێز دروست بکات کە زیاتر لە ١٠٠ ساڵ تاکە فەرمانڕەوابێ. ئیمپراتۆری ئەکەدی لە دوای

---

[1] د. سيد القمنى. قصة الخلق آو سفر التكوين. ل٦

[2] د. سيد القمنى. قصة الخلق آو سفر التكوين. ل٦

نارامسین ۲۲۰۰ پ.ز. پێ به پێ له شکەست دابوو و وا لاواز بوو له کۆتایی دا دووباره کەوتنەوە ژێر دەستەڵاتی سۆمەرییەکان.[1]

داستانی لافاو و کەراکتەری رزگارکەر لای ئەکەدییەکان هەروەک سۆمەرییەکان وایە ئەوەی جیای دەکاتەوە ناوی ڕزگارکەرە کە لە لای سۆمەرییەکان ناوی زیۆسوودرا یان زیۆگیدۆیە، کەچی لای ئەکەدییەکان ناوی ئەتراهاسیس و کوڕی ئوبەر-تاتوو پاشای شووروپاک بووە. ئەگینا داستانەکە کتومت وەک یەک وان

ئەگەرچی داستانەکان زیاتر ماوەی نێوانیان لە چەند سەدە زیاترە، کەچی دەبینین بێجگە لە ناوەکان و پەیوەندی ڕزگارکەر لەگەڵ سەرەوەدا و شێوەی گونجاندنی کولتووری گێڕانەوە گۆڕانی بەسەر داهاتووە. ئەگینا ئەوەندە لەیەک نزیکن، وەکوو دوو کۆپیێ یەکترین. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەریەک لەو شارستانییەتانە لاوژەی گلگامشی خۆی هەبووە و وەک سەرچاوەیەکی کولتووری خۆی دەبینێ. هەرچەندە چی گلگامش خۆی و چی لاوژەکەی لە بنەڕەتدا سۆمەرین. کەچی هەمان لاوژە لە ناو هەر شارستانییەک، بە ناوی جیا جیا دووبارە بۆتەوە. ئەوەش وایکردووە گێڕانەوەکان وەک یەک وابن، هەر شارستانییەتێکیش بەماڵی خۆی بزانێ، بەپێی ڕوونکردنەوەی مێژووی جیهان بەرگی ١ لە هەر تابلۆیەکدا لاوژەکە ماک و دیمەنی شارستانییەتی خۆی تێدا بەدی دەکرێ، کە لەوانی تر جیا دەکاتەوە.[2]

---

[1] Nurmi, Seppo (2007 – 2010) Myt möter Fakta. Kosmiska

[2] Världshistoria del 1 av 16 pp.140

# ٣. لافاو و کەشتی ڕزگارکەر لە لای بابلییەکان

بابلییەکان ١٧٥٠- ٥٣٩ پ.ز گەلێکی سامین و لە دەوروبەری ڕووباری فوڕات لە خوارووی ئێراقی ئێستا دەژیان.
دوای کزبوونی سۆمەری نوێ دەوڵەتێکی ئاشووری لە بابل دامەزرا. ئەو دەوڵەتە لە هەردوو ئیمپراتۆرییەتی سۆمەری و ئەکەدی توکمەتر و خاوەن پلانتربوو بەناوبانگترین پاشایان حامووڕابی بوو.

سەرەتا ئاشوورییەکان لەسەر کاولگەی سۆمەرییەکان ئیمپراتۆرییەتێکی ناوچەییان دروست کرد (بڕوانە وێنەی ٣). دوای خۆ بەهێزکردن و دروستکردنی سوپایەکی بەهێز پەلاماری هەموو لایەکییان دا. لە ڕۆژهەڵاتەوە ئیمپراتۆری عیلامییەکان و ڕۆژئاواش تا گەیشتە پاشایەتی میسر (بڕوانە وێنەی ٤).

لەو دوو وێنەیەدا دەبینرێ چۆن ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری لە بابل بەو سنوورەی سۆمەری و ئەکەدییەکان نەوەستا بەڵکوو دەستەڵاتی خۆی هەم لە ڕۆژهەڵات تا ناوەندی ئیمپراتۆری عیلامی لە ڕۆژئاواش تا خوارووی میسر درێژ کردبووەوە.

داستانی لافاو و کەشتی ڕزگارکەر لە شارستانییەتی بابلی دەق وەک هەمان داستانی سۆمەری و ئەکەدی وایە کە لەسەر بەردی بە مێخ نووسراو و بەتایبەتی لە لاوژەی گلگامشی بابلی داهاتووە، بێجگە لەوەی لە گێڕانەوەی بابلی زێدەڕۆیی لە گەورەیی لافاوەکەدا کراوە. لافاوی بابلی لە گێڕانەوەیدا دەبێ تەواوی جیهانی گرتبێتەوە و تا دۆندی

چیای بۆ ماوەی چەند مانگ داپۆشیبێ ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شارستانییەتی بابلی یەکەم ماوەکەی[1]




وێنەی ٣

ئیمپراتۆری بابل لە سەردەمی حامووڕابی لە نێوان ساڵانی ١٧٩٢ تا ١٧٥٠

دوو تر کەوتۆتەوە لە ڕوودانی لافاوەکە و دوای گێڕانەوەی پشتاو پشت، شتی لەسەر زیاد کرابێ. دوای ئەوەش شتێکی سەیر نییە. فراوان بوونی قەڵەمڕەوی دەستەڵاتی ئمپراتۆری

[1] گولالە کەمانگەر(٢٧١٢ ) قورئان لە نێوان ئوستوورە و جادوودا. ل ١٥٣




وێنەی ٤

دەستەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری

لە کۆتایی سالی ٦٧١ پ.ز.

ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی

گرتبووەوە هەر لە ئیمراتۆری عیلام

شاری سووسە تا دەگاتە پاشایەتی

میسر.

ئاشووری و دەرچوونی لە ناوچەیەکی دیاریکراو بۆ جیهانگیری بەرفراوان. کاریگەری لەسەر داستانی لافاویش هەبووە. بە درێژایی تێپەڕبوونی ئەو کاتە دوورودرێژە و دووبارە گێڕانەوە و تۆمارکردنەوەی لەگەڵ هەڵومەرجەکاندا گونجێندراوە. بۆیە سەیر نییە لافاو لە لاوژەی گلگامش لە سەردەمی بابلییەکان لە ناوچەیەکی بچووک، ببێتە لافاوێکی سەرتاسەری و تەواوی گۆی زەوی گرتبێتەوە.

لە داستانی بابلی، کەسێک بەناوی ئۆتنەپیستیم کەرەکتەری سەرکییەو کەسێکی وەک زیۆگیدۆ نەمرە (خاوەنی ژیانی هەتا هەتاییە لە ئاستی خودا دایە) دەبێتە رزگارکەری ژیان لەسەر زەوی.

ئۆتنەپیسیم لەلایەن خودای ئاو و زانین (ئێیا)[1] لەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە خودا، لەبەر خراپیی و گوناهکاری مرۆڤ نیازی وایە ژیان لەسەر زەوی بنبرکا.

سەرەڕای ئەوەش ئێیا پەیمان بە ئۆتنەپیستیم دەدا کە فێری کەشتی دروستکردنی بکا. ئۆنەپیستیم دوای دروستکردنی کەشتی، ئامادە بوو بۆ رزگار کردنی ژیان لەسەر زەوی. جا کاتی کەشتییەکەی دروست کرد لە هەر بوونەوەرێک جووتێک واتە یەک نێر و یەک[2] مێیی سواری کەشتی کرد. لێرەشدا هەروەک کەشتی زیۆگیدۆی سۆمەری کەشتی سەر ئاو دەکەوێ. کەچی لێرەدا لافاو بۆ ماوەی چەند مانگێک هەڵدەستی. دوای وەستانی لافاو، تاماوەی حەوت شەو وحەوت ڕۆژ کەشتی بێ چارەنووس دەسووڕێتەوە، تا لافاو دەوەستێ و ئاو دەنیشێتەوە جا کەشتی لەسەر کێوێک لەنگەر دەگرێ. ئەوسا ژیان لەوانەوە لەسەر زەوی دەست پێدەکاتەوە. مرۆڤەکانیش بەوە تەمبێ دەکرێن کە ئەگەر بە فەرمانی خودا نەکەن، ئەوا خودا هەر ڕۆژێک دەتوانێ ژیان لەسەر زەوی قڕکات. [3]

---

[1] Nurmi, Seppo (2007 – 2010) Myt möter fakta. Kosmiska

[2] ئەوەی جێی سەرنجە بۆ یەکەمجار لەسەردەمی بابلییەکان، ڕزگارکەر لە هەر بوونەوەرێک جووتێکی (نێر و مێ) بۆ ڕزگارکردن هەڵدەبژێرێ.

[3] Nurmi, Seppo (2007 – 2010) Myt möter fakta. Kosmiska

# ٤. داستانی لافاو و کەشتی ڕزگارکەر لای یۆنانییەکان

یۆنانی کۆن زیاتر لە سێ هەزار ساڵ پێش زاین دەستی بە بنیاتنانی دەسەڵاتی خۆی کردووە. بەڵام یۆنانی مەزن (ماگنا گریتسیا ٧٠٠ – ٣٠٠ پ.ز). هەر ئەو سەردەمەشە کە گەورەیی دەسەڵاتی یۆنانییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە گەیشتبووە بەرزترین پلەی شارستانی. یۆنانییەکان لە بواری ئەفسانەدا دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی سەبازی و سیاسی وکولتووری کەمتر نەبوو. ئەوەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە هەردوو ڕووی فراوانی و ئاستی ناوەرۆکەکانیان دەردەکەوێ. داستانی لافاو و کەشتی ڕزگارکەر لە ئەفسانەی یۆنانییدا دا بە چەند شیوە هەیە .کە لیرەدا سێیانیان باسدەکەین. ئەگەر ناوەرۆکی گێڕانەوەی ئەو سێ داستانە هەندێ جیاوازی لە نیوان خۆیان لەلایەک و لەلایەکی تر لەگەڵ داستانی شارستانییەکانی تردا بەدەیدەکرێ، کەچی هەمان پەیامیان پێیە. وەک چون لە شارستانییەکانی تردا هەیە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی ئەفسانەی یۆنانی و گونجانی لەگەڵ ڕووداوەکە دا، کە بەو شێوەیە .

کۆنترین داستان لە ئەفسانەی یۆنانی بریتییە لە لافاوی گەورەی داردەنووس. داردەنووس کوڕی زیوس و ئەلێکترای کچی ئەتلەس بوو. داردەنووس بنیاتنەری شاری داردەنووس لە داوێن چیای ئیدا بوو، بەڵام خۆی هەمیشە لە ئەکاردیا نیشتەجێ بوو. داردەنووس هاوسەرگیری لەگەڵ کریسە کچی پالاس کرد و دوو کوڕیان بوون، بە ناوی ئێدانیووس و دایماس.[1] کاتی لافاوە گەورەکە هات سەرلەبەری دەشتاییەکانی ئاکاردیانی داپۆشی. خەڵکەکە بەرەو چیاکان هەڵاتن و دەربەدەر بوون. لە هەوارگەی قەد شاخ هەر زوو درکیان بەوەکرد کە ئەوەندە زەوی نەماوە بۆ کشتوکاڵ بایی هەموویان بکا.

---

[1] Atlandipedia

بۆیە خەڵکەکە بوونە دوو بەش بەشێکیان لەگەڵ دایماسی کوڕی داردەنووس مانەوە و کردیانە پاشای خۆیان[1] بەشەکەی تریان بە کەشتی لەگەڵ داردەنووس بەرەو سامۆتراکی کەوتنەڕێ. کاتی گەیشتنە سامۆتراکی داردەنووس بینی زەوەی و زاری زۆر بێ بڕشتە، بۆیە ئەوێیان بەجێهێشت و بەرەو ئاسیای بچووک بەڕێ کەوتن.[2]

داستانی دووەم

لافاوی ئۆگیگێس لە تێبە لەسەردەمی زۆر زوو ئەو کاتەی ئۆگیگێس کە بنیاتنەری شاری تێبەیە و پاشای شاریشە. لافاوێکی زۆر گەورە هەڵستا، سەرتاسەری جیهانی داپۆشی. هەمووشتێکی تێکدا شاری وێرانکرد. وولات بێ پاشا مایەوە تا سەردەمی فەرمانڕەوایی شا شیکروپس. تێبە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای ئەسینای پایتەختی یۆنان.

داستانی سێیەم کە بەناوبانگترین داستانە لە ناو ئەفسانەی یۆنانی

زیۆس وەک لە هەموو ئەفسانەکانی تری یۆنانی، گەورەترین خودایە و هەر ئەویش بڕیاردەرە لە ئەفسانەکاندا:

سەردەمێک هات مرۆڤەکان زۆر خراپ و گوناهکار بووبوون، هیچ کارێکی باشیان نەدەکرد. هەموو ئەو فەرمانانەی کە زیۆس پێیی دابوون و چاوەڕوانی جێ بەجێ کردنیان بوو، ئەوان پشت گوێیان دەخست. ئەوەش زیۆسی زۆر وەڕس کردبوو و دەیەویست بە هەر شێوەیەکبێ سەر زەویان لێ پاکبکاتەوە. لەبەر ئەوە بڕیاریدا لە لافاوی تاواندا نقوومیان بکا و زەویان لێ پاک بکاتەوە. ئەوسا جارێکی تر سەرلەنوێ ژیان بەو شێوەیە بنیات بنێتەوە، کە مرۆڤەکان لە ژێر فەرمانی خوی دەرنەچن و خراپەکاری نەکەن. زیوس لە ناو

---

[1] Nurmi, Seppo (2007 -2010) Myt möter fakta. Kosmiska

[2] Anno, mundi. From Noah to Dardanus

ئەو خەڵکە دێوکالین و پیرها ی هەڵبژارد کە بەبەر لافاو نەکەوون. لەبەر ئەوەی دوو مرۆڤ بوون بە کردار و ئاکار باش بوون و لەگەڵ خەلکی تر جیاوازبوون .

لافاوی تاوان هورژمی هێناو هەموو شتێکی لەگەڵ خۆی ڕاداو نقوومی کرد. باران و لافاو بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ و نۆ شەو بەبێ وچان هەر دەباری. هەموو شارەکانی سەرجەمی جیهان کەوتنە ژێر ئاو، دوای ئەوەی هەمووشتێک کۆتایی هات و سەر زەوی پاک بووەوە، ئەوسا، کەشتی لەنگەری گرت. دیۆکالین و پیرها کە بە کەشتی ڕزگارییان بووبوو، پێشکەشی خوداکان کران بۆ ئەوەی خێزانی مرۆڤایەتی لە نوێوە دروست بێتەوەو پەرە بستێنێ، پەیڕەوی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی زیوسیان کرد. دوای ئەوەی هەردووکیان بە دەمامک دەم و چاوی خۆیان داپۆشی دەستیانکرد بە ڕۆیشتن و هاوکات بەردییان بەرەو دواوەی خۆیان دەهاویشت. هەر بەردێک دیۆکالین دەیهاویشت دەبووە کوڕ و هەر بەردێکیش پیرها دەیهاویشت دەبووە کچ. بەو جۆرە سەدەها منداڵی کوڕ وکچیان ئەفراند . بێجگە لەوانە منداڵی خۆشیان بوون کە دەبوونە منداڵی زیوس. ئەو منداڵانەش هێلێنین، ئەمفیکتیۆن، پرۆتۆگینا، مێلانیشیا، ثێیا و پەندۆرە بوون. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی دەبێ کوڕی گەورەیان هێلینین باوکی یۆنانییەکانی ئێستابێ[1]

[1] Sofia, Souli (1995) Grekisk mythologi. P.19



وێنەی ٥: تابلۆی لافاو و دیۆکالین و پیرها لە ئەفسانەی یۆنانی دا.

ئەو تابلۆیە لەلایەن هونەرمەندی بەلژیکی پیتەر پاول ڕوبێنس (١٥٧٧ – ١٦٤٠). لە ساڵی ١٦٣٦ کێشراوە.

# ٥. داستانی لافاو لە ئەفسانەی ڕۆم دا

ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمی ٥١٠ پ.ز – ٦٠٠ ز بەو پێیەی لە ڕووی سیاسی و سەربازی، دوای کەوتنی یۆنانی مەزن. ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم لە هەموو ڕوویەکەوە بووە میراتگر، و ئیمپراتۆریەتێکی مەزنی لەسەر پاشماوەکانی یۆنانی هەڵنا. ئەو میراتگرییە تەنیا لە ڕووی سەربازی و جوگرافی نەبوو، بەڵکوو ئەفسانەکانیشی گرتەوە. هەر لەبەر ئەوەش ئەفسانەی ڕۆم کۆپییەکی دەقادەقی ئەفسانەی یۆنانییە کە لەلایەن ڕۆشنبیری مەزنی ڕۆم ئۆڤیدیوس

(٤٣ پ.ز- ١٧ ز) لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی مێتامۆرفسیۆن کە بریتییە لە ١٥بەرگ، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەفسانەی یۆنانی پێکهاتووە. باسی لافاوی تاوان دەکا، کە چۆن دیۆکالین و پیرها، بە ئەرکی زیۆس هەلستاون و مرۆڤایەتییان ڕزگارکردووە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئۆڤیدیۆس بە هیچ شێوەیەک لە ئەفسانەکانی نەگۆڕیووە و هەر بە ئەفسانەی یۆنانیش ناوی بردوون و زۆر بە دەستپاکی تۆمار و بڵاوی کردوونەتەوە[1]

گێڕانەوەی داستانی لافاو لە دوو کۆمەڵە شارستانی کە لەو بەشەدا باسکرا جیاوازییەک هەیە. لە کۆمەڵە شارستانیی میسۆپۆتامیا کە لە سۆمەرییەکان دەست پێدەکا و دوای ئەوە ئەکەدییەکان دێن. ئەکەدییەکان لەبەر ئەوەی هەم لەباری جوگرافی لەگەڵ سۆمەرییەکان تێکەڵاوییەکی نزیک و ئاڵۆزیان هەبوو. هەم لە ڕووی مێژوویی لەیەک نزیک بوون.

هەردووک ئیمپراتۆریش دەستەڵاتی ناوچەیی بوون. هەم دۆستایەتی هەمیش شەڕ و ناکۆکیان لە نێواندا بەبەردەوامی هەبوو. جا سەیر نییە ئەکەدییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی لاوژەی گلگامش بە گشتی و لافاوەکە بە تایبەتی چی لە شێوەی دارشتنی و ڕەنگدانەوەی کولتووری زۆر لە ئەوەی سۆمەرییەکان نزیکبێ. کە چی داستانەکە لای بابلییەکان لەبەر دووری ماوەی مێژوویی نێوان سۆمەری و بابلی لەلایەک. لەلایەکی تر ئیمپراتۆری بابلی فراوانبوونی شێوەیەکی نوێی جیهانگیریی لە دەستەڵات وەرگرت. ئەوە کاریگەری لەسەر داستانی لافاویش هەبوو، کە لە سنووری ناوچە دەرباز دەبێ و فۆرمی سەرتاسەری جیهان وەردەگرێ.

[1] Poul, Johnsson (1988) A history of the Jewes. Harper Perential.

لەلایەن هەردوو شارستانییەتی ڕۆژئاوا هەمان ئەفسانە لەلایەن ڕۆمەکان تۆماردەکرێتەوە، بەڵام هەر بە ناوی یۆنانییەکانەوە تۆمارکراوەتەوە. لێرەدا دەبێ هەڵوێستەیەک لەسەر سنوور دارشتنی کولتووری میراتگری بکەین.

لە هەردوو ئیمپراوتۆری میسۆپۆتامیا ئەکەد و بابلی، نەک تەنیا ئەفسانەکە دەقاو دەق لە سۆمەرییەکان وەردەگرن، بەڵکوو بێ پەروا بە مولکی خۆشیانی دەزانن، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکەن سەرچاوەکەی لە کوێوە (سۆمەرییەکان) هاتووە.
سید القمنی دەفەرمووێ( کە گەلە سامییەکان هاتن، شارستانییەت و بیر و دینەکەشیان داگیرکردن)[1]

کەچی لە شارستانییەتی ڕۆم، هەرچەندە میراتگری سەرجەمی کولتوور و دەسەڵاتی یۆنانییەکانن، کەچی ئەفسانەکان هەر بەناوی یۆنانییەکان تۆماردەکەنەوە. بەبێ ئەوەی دەسکاری بکەن یان داگیریان بکەن.

---

[1] د.سید القمنی. قصة الخلق آو منابع سفر التكوين. ل٨

# بەشی دووەم
# داستانی لافاوی نووح لە پەرتووکە دینییەکان

لافاوی تاوان و کەشتی ڕزگارکەر وەک چۆن لە کولتوور و شارستانییە دێرینەکان دا هەبووە، هەروەها دینەکانیش سووچێکی پەرتوکەکانی خۆیانیان پێ پڕکردۆتەوە. بە پەیدابوونی دین ئەو داستانەش ڕەوتێکی تری بەخۆیەوە بینییووە و تێکەڵاوی بە هێزێکی ئاسمانی تاکو تەنیا کراوە. بەو تێکەڵاوییە ئەوەندەی تر لەناخی مرۆڤی ڕۆچوواندووە. هەرچەندە پڕۆسەی داستانەکە هەمان پڕۆسەیە بە هەمان شێواز و ناوەرۆک تۆمارکراوە، بەڵام کاریگەرتر خراوەتە ڕوو. یان کراوەتە پەڕجووک بۆ سەلماندنی هێزێکی سەرەوەی دەستەڵاتی مرۆڤ و ئەو جیهانە کە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ پەیڕەوکارانی دینی وەک ئامرازێک لەلایەک بۆ ئامۆژگاری بە خەڵکی دەفرۆشن و لەلایەکی تریش بۆ تۆقاندن بەکاری دێنن.

هەر دینێک لە سرووشت و پەیامەکانی خۆی بەستراوەتەوە بەو ژینگەیەی لێی دروست بووە. سرووشت و نەریتەکانی کۆمەڵایەتی و ئاستی شارستانیی کۆمەڵگە. ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر ئەو دینەی کە لە هەناوی لە دایک دەبێ. هەر بۆیەش لێکۆڵینەوە لەسەر سرووشت و ئاکارەکانی هەر شارستانییەک. دەتوانێ کلیلی بیروباوەڕو پیرۆزییەکانی ئەو دینەت بداتێ کە لەو شارستانییەتە لە دایک بووە و پەرەی سەندووە.

بۆ نموونە تێگەیشتن لە سرووشتی کولتوور و ئاکارەکانی سۆمەری[1] و بابلی وئەکەدی دەتوانێ دینە ئیبراهیمییەکانت پێ بناسێنێ. چونکە ئەفسانەکانی ئەو سێ کولتووره منداڵدانی هەموو ئەو داستانانەن کە دینەکان وەک پەیامی خۆیان بڵاویان دەکەنەوە.[2] بە هەمان شێوە لە هەناوی شارستانییەتی ئێرانی و سۆمەری[3] دینەکانی زەردەشتی و ئێزیدی و مانی لە دایک بووین. هەر بۆیەش دۆزینەوەی پەیامی ئەو سێ دینە، لەناو کەسایەتی شارستانی ئێرانی و سۆمەری دایە.

[1] سۆمەرییەکان هەرچەندە سامی نین، بەڵام کولتوور و داهێنانەکانیان کاریگەرییەکی بەهێزی هەبووە لەسەر هەر سێ دینە ئیبراهیمییەکان. پەرتووکە پیرۆزەکانیان کۆپییەکی تەواوی بیروباوەڕ و پیرۆزییەکانی سۆمەری تێدایە، کە لە ڕێگای بابلی و ئەکەدی وەریان گرتووە.

2 محجوب خالق، سومر – رحم الادیان السماویة.

[3] کولتوور و شارستانی سۆمەری کاریگەریی لەسەر ناوچەکە بە گشتی هەبووە. هەر لە دینە ئیبراهیمییەکان تا دەگاتە زەردەشتی، ئێزیدی و مانی. بۆیە ناوی سۆمەر لە هەردوو بنەماڵە دینییەکان دا هاتووە.

# ١

# دینەکانی گەلانی ئاری و سۆمەر

بەر لەوەی بچینە ناو باسی دینەکان دەبێ هەندێک شت ڕوون بکەینەوە.

یەکەم:

لە دوەروبەری هەزارەی سێیەمی پ.ز هەندێک هۆز لە ئەوڕوپا لەیەک جیادەبنەوە. بەشێکیان لە وڵاتی یۆنان و ئیتالیا گیرسانەوە. بەشەکەی تریان بەرەو باکوور کەوتنەڕێ و لە ووڵاتانی ئەسکەندەناڤیا نیشتەجێ بوون. گرووپی سێیەم بەرەو ووڵاتی پارس و هیندوستان کەوتنە ڕێ. جا پەرەسەندنی ڕەچەڵەکی ئەو گرووپەیە کە خزمایەتی زمان و کولتووری لە ووڵاتانی هیندوستان تا پارس[1] داکوتا.

بە هاتنی شەپۆل دوای شەپۆلی ئەو هۆزانە و جێگیربوونیان، لە سەر زەمینی پارس و هیندوستان، بوونە سەرچاوەی دروستبوونی دینە ئارییەکانی زەردەشتی و کاریگەرییەکی باشیان لەسەر دین و کولتووری هیندۆسی هەبووە. ئەو گرووپە لە بەڵگەنامەکاندا بە ئارییەکان (نەجیبزادە) یان هیندو ئەوڕوپییەکان ناویان دەبردرێ.

---

[1] پارس مەبەست بانی ئێرانە هەر لە پاکستان ، ئەفگانستان، ئێران، کوردستان، تاجیکستان و بلووچستان دەگرێتەوە کە پێیان دەوترێ کۆمەڵەی زمانی ئێرانییەکان. دینی زەردەشتی وەک دینی گەلانی ئێران، بەبێ ڕەچاوکردنی زمان و شوێنی جۆگرافی دینێکی هاوبەشە لە ناو ئەو گەلانە،

هەڵبەتە ئەو هۆزانە و کۆچ و ڕەویان بەرەو ڕۆژهەڵات کرد. شەپۆلەکانی سەرەتا بە باکووری پارس دا ڕەتبوون و لە دەوروبەری ٢ هەزار ساڵ پ. ز کەمێکیان گیرسانەوە. ئەوانەی تر بەرەو باکووری ڕۆژئاوای هیندوستان بەردەوام بوون.
شەپۆلەکانی دواتر لە هەزار و پێنج سەد ساڵی پ.ز لە وولاتی پارس گیرسانەوە[1]. و بوونە هۆی پەرسەندنی کولتوور و زمانی ئەو ناوچانە.
هەرچەندە ئارییەکان زمان و کولتوورێکی پەرەسەندوویان هەبوو، بە هیچ شێوەیەک هەوڵی ئەوەیان نەدەدا کولتوورو دینە سرووشتییە کۆنەکانی هیندی لەناو بەرن، بەلکوو بە هۆی زیاتر پەرسەندنی شارستانییان لە ڕووی زمان و کولتوور، کایگەرییان خستە سەریان.
ئارییەکان زمانی سانسکریتییان لە هیند پەرە پێدا، کە دەتوانري لەگەڵ زمانەکانی یۆنانی و لاتینی بەراوردی پێبکریٚ[2].
دینی هیندۆسی کۆنترە لەو کۆچ و ڕەوە، بەڵام بە هۆی تێکەڵی کولتوور و زمان کاریگەری لەسەر پاش ڤیدا هەیە، ڕێگڤیدا (ڤیدای کۆن ) بە زیاتر لە هەزارساڵ کۆنترە لە کۆچ و ڕەوی ئارییەکان بۆ هیندوستان.
کەچی دینی زەردەشتی لە وولاتی پارس بەرهەمی پەرەسەندنی کولتووری ئەو گەلانەن و دینێکی هاوبەشە لە نێوانیان کە نەتەوەی کوردیش دەگرێتەوە.

دووەم:
گەلێ دووەم کە زۆر باسی لەسەر دەکرێ سۆمەرییەکانن. ئەو گەلە بنەڕەتێکی نادیاریان هەیە و جیاوازن لە شەپۆلی هیندو ئەڕوپییەکان و لە هەمان کاتدا بەشێکیش نین لە گەلانی سامی. سۆمەرییەکان مێژوویان لە تەواوی ئەو گەلانە کۆنترە لە ناوچەکە.

---

[1] Världens religioner (2000) Verum förlag pp.80

[2] Världens religioner (2000) Verum förlag pp. 173

زۆربەی لێتۆژەرەوان لەسەر ئەوە کۆکن کە تاکە دین بتوانرێ بگەڕێنرێتەوە بۆ سەر سۆمەرییەکان دینی ئێزیدییە[1]. لە هەمان کاتدا شارستانییە سامییەکان توانیویانە دەست بەسەر بەشی هەرە زۆری زمان و کولتوور و ئەفسانەکانی سۆمەری دابگرن و بە هی خۆیانی تۆمار بکەن. هەر چەندە شارستانییەتی سۆمەر کاریگەری قووڵی لەسەر دینە ئیبراهیمییەکان هەبووە، کەچی بەپێی سەرچاوەکان، تەنیا دینی ئێزیدی دەکرێ بگەڕێتەوە سەر سۆمەرییەکان و تائێستاش نەریت و شێوەکانی پەرستنییان تاکە ڕەچەڵەکی ڕەسەنی سۆمەرییەکانە.

# داستانی لافاو و کەشتی ڕزگارکەر لە ئاوێستا

ئاوێستا وەک پەرتووکی پیرۆزی دینی زەردەشتی، سەرچاوەی خوداپەرستی بووە لە ناو گەلانی کۆنی ئێراندا (کورد، فارس، بلوچ، ئەفگان و تاجیک).

ئایدیای دینی زەردەشتی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ دینی هیندو ئێرانییەکان. هیند و ئێرانییەکان کۆچەری بووین. ئەو هۆزە ئارییە کۆچەریانە، کە لە ئەوروپاوە بەرەو ئەو ناوچانە کۆچ و ڕەویان کردبوو، هەرگیز بۆ ماوەیەکی درێژ لە جێگایەک نەدەمانەوە. هەر ئەوەش بووە کە نەیانتوانیوە پەرستگا یان شوێنی پیرۆز بنیات بنێن. ریتوالەکانی دینیشیان پەیوەندی بە با و ڕەشەبا و ڕۆژ و بارانەوە هەبووە. ئەوان پێیان وانەبوو خودا پەیکەری مرۆڤی

[1] قربی.عمار. الديانة الآيزيدية. ڵ٢

هەبی، بەڵكوو هێزو توانای هەبوو كە مرۆڤ هەستی پێبكا[1] . خواكان نوێنەری وتەی دروست. دلفراوانی و رەوایی و سەركەوتن بوون. هێزە خراپەكانیش توورەیی، ڕەزیلی، درۆ و تەوەزەلی بوون.[2]

دروستبوونی دینی زەردەشتی لەسەر ئەو پاشخانەیە، بۆیە سەیر نییە كە ببێتە دینێک بۆ مرۆڤایەتی.

پەرتووكی ئاوێستا لەیەک سەردەم و بەدەستی یەک كەس نەنووسراوەتەوە. وا مەزەندە دەكرێ نووسینەوەی ماوەیەكی زۆری ویستبێ. نووسینەوەی دەفتەرەكانی گاتاكان، یەسنا، یەشتاكان، وەندیداد، ویسپرد و خوردە ئاوێستا. كەواتە دەبی نووسینەوەی دەفتەرەكانی ئاوێستای دینی زەردەشتی چەندین سەدەی بردبێ. هەر لە سەرهەڵدانی و تا بڵاو بوونەوە و خۆ سەلماندن.

بە بۆچوونی جەلیل دوستخواە دەبێ دەفتەری گاتاكانی ئاوێستا، كە كۆنترین دەفتەری نووسراوە. و لە هەڵبەستەكانی زەردەشت بووبێ و لە سەدەی دەیەمی پ.ز نووسرابێتەوە [3]. دواتر كەسانی دیكە بەردەوامیان پێدابێ.

گرنگی دینی زەردەشتیی لە جیاوازییەكانی دایە، لەگەڵ دینەكانی تری ناوچەكە بەتایبەتی دینە ئیبراهیمییەكان، ئەوان باوەڕیان بە چارەنووسی پێشوەخت هەیە (لوح المحفوظ) كە مرۆڤ لەگەڵ لەدایک بوونی چارەنووسی دیاریكراوە..
لە دینی زەدەشت مرۆڤ بە چارەنووسێكی نادیار نەبەستراوەتەوە و ناچاریش ناكرێ. بەڵكوو خۆی بە كردار و ڕەفتاری خۆی دەتوانێت لە نێوان دوو هێزی ڕووناكی و تاریكی

---

[1] Världens religioner (2000) pp.80
[2] Världens religioner (2000) pp.80
[3] جلیل دوستخواه. آوستا نامه مینویآیین زرتشت ل ٤

یەکیان هەڵبژێری. لە دینی زەردەشتی مرۆڤ ئازاد و سەربەست ئەفرێندراوە و هیچ چارەنووسی پێشوەختیشی بۆ دیاری نەکراوە. هیچ هێزێک ناتوانێ بەبێ ویستی خۆی بەرەو ڕێگای نادیاری ببا. واتە بەگشتی مرۆڤ لەو سەر زەمینە ئازادە لەکوێ بژی یان دڵی چی بخوازێ خۆی بڕیار دەدا. بە کورتی خۆی بەر پرسیارە لە هەڵبژاردنی ڕێگای ڕووناک یان تاریک[1]. پەیامیشی ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤ بۆ باشە هاندەدا و لە خراپە دوور کەوێتەوە. بە سێ ووشەی (پندار نیک، گفتار نیک، کردار نیک)[2] واتە بیری چاک، ووتەی چاک و کرداری چاک.

خودای ئەو دینە دوژمنی تایبەتی خۆی نییە، بەڵکوو دوژمنی کۆمەڵ دوژمنی ئەون، تەنانەت نایەوێ بە هۆی ئەهریمەن، ژیان لەسەر زەوی بنبڕ بکا. فەرمان بەجەم دەدا کە چۆن ڕزگاریشیان بێ. دەبینین خراپەکار تەنیا دوژمنی خودا نییە، بەڵکوو دوژمنی مرۆڤ و بەڵگەشە کە دینێکە لە خزمەتی مرۆڤ و کۆمەڵگەدایە.

داستانی لافاو لە پەرتووکی ئاوێستای دینی زەردەشت، درێژەدەری ئەو پەیامەیە کە دینی زەردەشتی بە مرۆڤایەتی ڕادەگەیێنێ. هەر ئەوەشە کە جیاوازی لە ووردەکاری و شێوەی دارشتنی گێڕانەوەی پرۆسەی ڕووداوەکە دا هەیە، کەچی ناوەرۆکی پەیامەکە هەر هەمان ناوەرۆکی ئەو لافاوەیە کە شارستانییە کۆنەکان و دینەکانی تر دەیگێڕنەوە. بەڵام بە گونجاندنی هەلومەرجی مێژووی و کۆمەڵایەتی ئەو دەمەی شارستانی ساسانییەکان و بەتایبەتی دینی زەردەشتی وەک دینی گەشبینی و باوەڕ بە چاکە.

---

[1] جەیل دوستخواه. آوستا نامه مینوی زرتشت. چاپ پنجم ١٣٦٤

[2] حاجی زادە، جەلال. زەردەشتی کورد وخوێندنەوەیەکی فەلسەفی – مێژوویی.

لە ڕوودانی لافاوی وەندیدات ڕزگارکەر پێخەمبەر نییە. بەڵکوو پاشایە. ئاهورامەزدا خۆی بۆ ئەو ئەرکەی هەڵیبژاردووە.

ئەگەر سەرنج بدەینە تەواوی پرۆسەی ڕووداوەکە و دەرئەنجامەکەی، دەبینین نزیکییەکی زۆری لەگەڵ ئەو داستانانەدا هەیە کە لە شارستانییەتی سۆمەری دا هاتوونە. ئەوە دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی، کە چۆن پەرتووکە دینییەکانی تر لە شارستانییەتییەکانی دێرین. وەک ژینگەی سەرهەڵدان و گەشەکردن وەریان گرتووە. هەر بەو شێوەیەش دەبێ ئاوێستاش لە شارستانییەتەکانی تری کۆنی ناوچەکە وەریگرتبێ. ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەشبینی لە شارستانییەتی سەرزەمینی گەلانی ئێرانی کۆن خزاوەتە ناو پەیامی زەردەشت.

لە دەفتەری وەندیدات فەرگەردی ٢ بەشی دوو، برگەکانی ٢١ تا ٣٠ تایبەتن بە پرسی لافاو و پرۆسەکەی.

لە ئاوێستای جەلیل دوستخواە وەندیدات لە فەرگەردی پێنجەوە دەست پێدەکات[1]. لەبەر هەر هۆیەک بێ ئەو فەرگەردەی تێدانییە. بەڵام بە بەراوردێک لە نێوان پەرتووکی مێژووی ئاینی زەردەشتی نووسینی عەبدوڵلا موبلغی ئابادانی و پەرتووکی گولالە کەمانگەر[2] توانراوە دیمەنی داستانەکە، بە شێوەیەکی تێرو تەسەل بخرێتە ڕوو. داستانەکە وەک دەمەتەقێیەکە لە نێوان ئاهورامەزدا و زەردەشت. بەپێی فەرگەردی ٢ دەبێ زەردەشت پرسیاری لە

[1] دوستخواه، جلیل (١٣٦٤) آوستا. نامه مینوی آیین زرتشت. ل ٣١٦
[2] کەمانگەر. گولالە (١٧١٢) قورئان لە نیوان ئوستوورە و جادوودا. چاپی دووەم.

ئاهورامەزدا کردبێ و ئەویش لە وەڵامدا چۆنییەتی هەڵبژاردنی جەمشید و کارەساتەکە بۆ زەردەشت دەگێڕێتەوە.[1]

فەرگەردی دووەم: ئاهورامەزدا لە وەڵامی پرسیاری زەردەشت دا فەرمووی. لە پێش تۆدا لەگەڵ جەمشیدی شۆخ و پیرۆزدا ووتووێژم کرد. بەهۆی کفرێکەوە کە کردی. لە سەرۆکایەتی خەڵک وەلانرا. دوای ئەوە، هەزاران ساڵ بە پاکی پاشایەتی کرد. خەڵکی خراپەکار و گەندەڵ بوون. بە جەمشیدم ڕاگەیاند، بەفرو سەرمایەکی زۆر بەڕێوەیە. تەواوی خانووەکان و دۆڵەکان و قەڵاکان دەگرێتەوە. لەو کاتەدا تۆ ئەشکەوتێک لە شێوەی چوارگۆشە دا دروستبکە، هەر لایەکی بە درێژایی مەیدانی ئەسپ بێت. لەو ئەشکەوتە دا گیانلەبەران و ڕووەک و ژن و پیاوی باش کۆبکەرەوە، جێیان پێبدە [2].

لە پەرتووکی مێژووی دینی زەردەشت زیاتری لەسەر ناڕوات. ئاهورامەزدا وەک کورتە زانیاری دەربارەی ڕاوێژی خۆی و جەمشید، بە زەردەشت ڕادەگیێنێ. بەڵام گولالە کەمانگەر زیاتر و قوولتر دەچێتە ناو داستانەکەو تا کۆتایی بەشیوەیەکی بنبڕتر و جێ متمانە باسی دەکات.

## پوختەی کێشەی بنەڕەتی داستانەکە سەبارەت بە کارەساتی لافاو.

لە نێوان ئاهورامەزدا و ئەهریمەن ناکۆکی و شەڕ دروست دەبێ. ئاهورامەزدا دەیەوێت بە لافاوێکی گەورە ئەهریمەن سەرکوت بکا. سەرەڕای ئەوە دەیدیت ژمارەی مرۆڤەکان زۆر

---

[1] ئابادانی، عەبدوڵڵا موبلغی (٢٠٠٢) مێژووی ئایینی زەردەشتی. وەرگێڕانی: وریا قانع.

[2] ئابادانی عەبدوڵڵا موبلغی (٢٠٠٢) مێژووی ئایینی زەردەشت. وەرگێڕانی وریا قانع. ل. ٨٦-٨٧

زیادی کردووە ،ئەوەش ئاهورامەزدای خستبووە گومان و لەوە دەترسا لەسەر زەوی جێگایان نەبێتەوە، ئەهریمەنیش سوود لەو هەڵومەرجە وەربگرێ. بەڵام نەیدەویست بە سەرکوتکردنی ئەهریمەن ژیان لەسەر زەوی نەمێنێ. بەڵکوو مەبەستی ئەوە بوو، هەڵبژاردەیەک لە مرۆڤ و بوونەوری تر بتوانن ژیان سەر لەنوێ دروستبکەنەوە.

## ئاهورامەزدا جەمشید ئاگادار دەکاتەوە

ئاهوورامەزدا سێ جار "جەم"[1] سەبارەت بە زۆری ژمارەی مرۆڤەکان لەسەر زەوی ئاگادار دەکاتەوە. هەرسێ جارەکە جەم لەلای سپەنداری مەز (ژن- خودای زەوی) نزادەکا کە گەورەتر بێ، بۆ ئەوەی جێگای مرۆڤی زیاتری لەسەر ببێتەوە.[2]، [3]

کاتێ جەم فەرمایشتەکانی ئاهوورامەزدای بە گرنگ وەرنەگرت، و هەر خۆی لێ دەدزییەوە، ئاهوورامەزدا بە شێوەی هەڵسوکەوتی جەم دڵگران بوو، بۆیە ئاهورامەزدا دوا جار بە توندی ئاگاداری دەکاتەوە و پێیی دەڵێ زستانێکی سەخت و کوشندە بەڕێوەیە کە سەرجەمی بوونەوەران لەناو دەبا، ژیان لەسەر زەوی بنبڕ دەکا. لەو سەرمایە بەفرێکی زۆر دەبارێ و دەگاتە تەپۆلکەی چیاکان.

جا ئەی جەمشید، بەر لەوەی سەرما بێ. گیانلەبەرانی سێ شوێن کۆبکەرەوە. یەکەم ئەو گیانلەبەرانەی لە ترسناکترین شوێنن، دووەم ئەو گییانلەبەرانەی بەسەر کێوانەوەن و سێیەمیش ئەوانەی لەناو دەریادان.

---

[1] جەم دەبێ جەمشید بێ، یەکەم پاشا بووە کە ئاهوورامەزدا پاشایەتی پی بەخش یووە.

[2] گولالە، کەمانگەر( ٢٧١٢) قورئان لە نێوان ئەس توورە و جادوودا. ل.١٥٤

[3] لێرەدا جەم نزاو پاڕانەوە لەبەر زەوی دەکا تا فراوانتر بێ، بۆ ئەوەی جێگای خەڵکی زیاتری تێدا ببێتەوە، بۆ ئەوەی خوداش هێور بێتەوە.

دوایی ئەو بەفرە دەتاوێتەوە و دەبێتە لافاوێکی گەورە و جیهان وێران دەکا و کۆتایی بە ژیان لەسەر زەوی دێنێ. بەڵام ئەی جەمشید ئەشکەوتێکی زۆر گەورە بەمەودای مەیدانی ئەسپسواری هەیە.

تۆ بە تواناو هێزی لێهاتوویی خۆت. لە ڕەگەزی مرۆڤ و گیانداری دارستانی چوارپێ و پەلەوەر بگەیێنە ئەوێ. ئەوجا لەوێ ئاگرێکی سوور بکەرەوە. هەرلەوێش بە ئەندازەی درێژایی هەزار پێ هەر جۆرە خۆراکێکی کە پێویست بێ بۆ ژیان ئەنبارکە. لەناو ئەشکەوتەکەش ژوور بە دیواری ناوبڕ درووست بکە. ئینجا جوانترین و ساخ و بەهێزترین لە ڕەگەزێ هەر گیانلەبەێک بگەیێنە ئەو ئەشکەوتە. گیای بۆنخۆش و درەختی جۆانیش بێنە.

ئاهورامەزدا جەمشیدی لەوە ئاگادارکردەوە کە نەکا کەسانی ستەمگەر، فریودەر، جادووگەر، حەسوود و بەدرەفتار لەگەڵ خۆی بباتە ئەشکەوت.[1]

جەمشید فەرمانی ئاهورامەزدا بەجێ دێنێ:
جەم بە فەرمان و ڕێنمایی ئاهوورامەزدا ئەشکەوتێکی گەورەی دروستکرد. لە هەر جۆرە بوونەوەرێک جووتێک نێر و مێیی بردە ناو ئەشکەوتەکە. باشترین خواردنیشی بۆ دابینکردن. بەو شێوەیەی کە بۆی دانرابوو، هەموو فەرمانەکانی خودای گەیاندە جێ و مرۆڤایەتی لە زستانی تۆف و لافاو رزگارکرد.

[1] گولالە، کەمانگەر( ٢٧١٢) قوڕئان لە نێوان ئوستوورە و جادوودا. ل. ١٥٥

ئەوەی جێگای سەرنج و گرنگی پێدانە، لە هیچ پەرتووکێکی دینییەکانی تردا، وا بە جوانی وەک ئاوێستا خراپەکارانی دەستنیشان نەکردووە. ئاهورامەزدا یەک لە دوای یەک ناوی خراپەکاران دێنێ ستەمگەر، فریودەر، جادووکەر، حەسوود و بەدڕەفتار. هەر ئەوەشە کە ئاوێستا و زەردەشتی لە دینەکانی تر هەڵاواردوە.

## لافاوی گەورە لە پەرتووکی ڕەشی ئێزیدیان

دینی ئێزیدی مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە. ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتی میسۆپۆتامیا. بە پێی سەرچاوەی باوەڕپێکراو ئێزیدییەکان دەچنەوە سەر شارستانییەتی سۆمەری. ئەوەش لەلایەک ڕەنگدانەوەی لە کەسایەتی و شارستانییەتی و جیهان بینی ئێزیدییەکان دا بەڕاشکاوی هەیە. تائێستاش ووتە و پەندو داستانی جۆراوجۆر سۆمەری لە ناو ئێزیدییەکان هەر ماون. هەروەها ناوی خوداکانی ئێزیدی لەگەڵ ناوی خوداکانی سۆمەری کۆن دێنەوە. ئەوەش ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە دینی ئێزیدی لقێکی دابڕاوی کریستیان، جوولەکە یان ئیسلام بێ، وەک زۆر لە شۆڤێنییە عەرەبەکان بۆیان هەڵدەبەستن.

دکتور عمار قربی سەبارەت بە ئێزیدییەکان دەڵێ ( ئێزیدی لە دینە کۆنەکانە و یەک لە پاشماوەی دینەکانی سرووشتە. ڕەگەکانی دەگەڕێنەوە سەردەمی سۆمەرییەکان. لەو کاتەی بیروباوەڕەکان بە دیاردەکانی سرووشت بەسترابوونەوە، ڕۆژ، مانگ، ئەستێرە و ڕۆشنایی

ئاگر و هەرچی پەیوەندی بە ڕووناکییەوە هەبووبێ پیرۆزبوون. ڕۆژ شوێنی تایبەتی خۆی هەبوو و بە ڕۆشنایی گەورەی خودا دادەنرا).[1]

لەلایەکی تریش ئەو ڕەسەنییەی ئەوان بۆتە هۆی چەوسانەوە و `ات وقڕی بەردەوامی ئەوان. و وایکردووە کە چەوساوەترین خەڵکی ئەو سەرزەمینە بن. هەر لەگەڵ پەیدابوونی دینە ئیبراهیمییەکان. هێرش بۆ سەر ئێزیدییەکان دەستی پێکردووە.[2]

دۆڵێ میسۆپۆتامیا شایەتحاڵی بیروەرییە تاڵەکانی ئەو مرۆڤانەیە. بە سەدان بۆختان وتۆمەتی بێ بنەمایان دژ کراوە. تا دەگاتە کوشتن و بڕین دەربەدەرکردن. تەنیا لەو ١٤٠٠ ساڵەی کە کوردستان داگیرکراوە تا ئێستا ٧٢ فەرمانیان بەسەر داکراوە. واتە ٧٢ جار قڕکراون، تالان کراون، پیاوانیان کوژراون و ژن و کچانیان کراونەتە کەنیزە و لە بازاڕەکانی بێشەرم و ڕیسوایی فرۆشراون. مێژووی پڕ تاڵاوی ئێزیدییەکان لەکەیەکی شەرمە بە تەوێڵی مرۆڤایەتی.

ئەوەی دینی ئێزیدی لە دینەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە، تەواوی دینەکانی میسۆپۆتامیا باوەڕیان وایە کە هەم خودا هەیەو هەم شەیتان. کەچی لە دینی ئێزیدی هیچ خودایەک نییە بەرپرسی خراپە بێ. بەڵکوو مرۆڤ خۆی بڕیاردەرە لە چاکە و خراپە. خوداش تەنیا سۆز و خۆشی هەیە کە بە مرۆڤی ببەخشێ. سەرەڕای ئەوە دینی ئێزیدی دینی مزگێنی (تبشیری) نییە و بڵاوناکرێتەوە. تەنیا ئەو کەسانە ئێزیدین کە لە دایک و باوکی ئێزیدی لە دایک بووبن.[3]

---

[1] قربی.عمار. الديانة الآيزيدية. ل٢

[2] جيجو، فرحان امين (٢٠١٠) القومية الآزيدية. جذورها - مقوماتها - معاناتها. بغداد.

[3] مەحمود. شێرزاد عومەر. کوردۆپیدیا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە داستانی لافاو بەپێی پەرتووکی ڕەشی ئێزیدییان، تەنیا یەک لافاو نەبووە، بەڵکوو دوو لافاو بووە

یەکەم لافاو توانرا بە هۆی نەعوم باوکی حام مرۆڤایەتی رزگار بکرێ. کەشتییەکەی لە ناوچەی مووسڵ لە عەین سفنی لەنگەری گرت.

ماوەیەک دوای ئەوە لافاوی دووەم هات. ئەو لافاوە وەک پەرتووکی ڕەش تۆماری کردووە، دەبێ تایبەتی بە ئێزیدییەکان بووبێ. لێرەدا نووح ڕزگارکەرە و دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی. ژیانیش لەسەر زەوی لەبن نەهات و هەر بەردەوام بوو. کەشتییەکەی نووح بەپێی پەرتووکی ڕەش لە ناوچەی شەنگال بەر کێوێک کەوت و دووایش لە چیای جوودی لەنگەری گرت. [1]

لێرەدا دوو لێکدانەوە هەیە یەکەم دەردەکەوێ کە گێڕانەوەی ئەو داستانە تا ئاستێکی بەرچاو لەگەڵ داستانەکانی دێرینی سۆمەری یەکدەگرێتەوە. هەردوو لافاوی سۆمەری و ئێزیدی لافاوی ناوچەیین بوون. مرۆڤایەتیش بە تەواوی قڕ نەبووە و تەنیا زیانی لێکەوتووە و هەر بەردەوام بووە.

دووەم ئەو هەموو بەدبەختی و کارەساتانەی بەسەر ئێزیدییەکاندا هاتوون وای کردووە. ژمارەی لافاو زیاتر بێ لە دینەکانی تر. سەبارەت بە ناوەکانیش، دینێکی چەوساوە و هەمیشە لە ژێردەستی دینە ئیبراهیمییەکان، وای کردووە لە داستانەکە ناوی نووح و نعام ..... هتد بخزێنە ناو پەرتووکە پیرۆزەکانیان و جێ بە ناوە ڕەسەنەکان چۆڵکەن.

[1] پەرتووکی ڕەش (پەرتووکی پیرۆزی ئێزیدییان)

# داستانی لافاو لە پەرتووکی ڤیدای هیندۆسی

ئەوەی جێگای سەرنجە تێکەڵاویەکی تەواو لە ناو داستانەکانی دینی هیندۆسی و ئەفسانەی هیندی بە گشتی دا هەیە . بۆیە دەبێ ووتە بەناوبانگەکەی رادا کریشنان دووبارە بکەینەوە کە دەڵێ ( هیندۆیزم زیاتر کولتورە تا بروا )[1]

بەتایبەتی ئەوانەی ڤیدای کۆن (ڕێگڤیدا- ڤیدای گۆرانییەکان) کۆنترین دەقی ڤیدا داهاتوون. ئەو داستانانە بەشێکیشن لە ئەفسانەی هیندوستان و لە هەردوو ئەفسانە و دین شوێن پێیی خۆیان جوان دیاری کردووە. بەپێیی ئەدەبیاتی ڤیدای کۆن (ڕێگڤیدا) ڤیشنوو مەنزترین خودایە و بە سێ قۆناخ گردوونی ئەفراندووە. قۆناخی یەکەم و دووەم زەوی و ئاسمانن. قۆناخی سێیەم جیهانی نادیار و سەرسرووشت کە بە بەهەشت دادەنرێ. لە ڤیدای نوێ (پاش ڤیدا) دا لە مەیدانی دینەوە ڤیشنوو، بەرزترین خودایە. هەموو شتێک لە ئەوە، یان شێوەی جۆراوجۆری ئەون .[2]

هەرکەسێ ڤیشنوو بپەرستێ و بەوەفابێ بۆی لە ژیانی داهاتوو دوای لەدایک بوونەوە، بەختەوەردەبێ. [3]

---

[1] Världens religioner (2000) pp. 170

[2] Wikipedia بە زمانی فارسی

[3] Nationalencyklopedin ئینسکلۆپیدیای نیشتمانی – سویدی.

ڤیشنوو وەک خودای هەرە مەزن و پارێزەری سرووشتی پیرۆزە و لەگەڵ سرووشت یەکە. چیا قاچەکانییەتی، هەور قژی سەرییەتی، هەوا هەناسەیەتی، ڕووبارەکان دەماری خوێنینی، درەخت مووەکانی لەشییەتی، چاوەکانی نمای خۆر و مانگن و جوولانەوەی پێلوەکانی چاوی هێمان بۆ گۆڕانی ڕۆژ و شەو.[1]

ڤیشنوو هەمیشە بەردەوام بە شێوەی گیانلەبەری جۆراو جۆر دادەبەزێ تا کۆنترۆلی دادوەری و ڕێکخستن لەسەر زەوی بکا. لەو شێوانەی کە دادەبەزێ ماتسیا (ماسی)، کوورما (کیسەڵ)، ڤارانا (بەرازی کێوی) ...هتد.[2]

لە ناو هەردوو نووسینەکانی پەرتووکی ڕیکڤیدای هیندی (ڤیدای کۆن) و ئەفسانەی هیندی بە هەمان شێوەی دینییەکانی تر باسی لافاوێک کراوە لەوێدا ناوی (مانوو) وەک ڕزگارکەر هاتووە. بەپێی دەقەکانی ماتسیا پورانا ١-٦ و شاتاپاتو براهمان ١-٨ کە دوو بەشی ڕێگڤیدان وەزیری پاشا کەناوی درا ڤیدا بوو (دواتر بە مانوو ناسرا) لەکاتی دەست شووشتنی لەدەم ڕووبار، بینی ماسییەک[3] لە دەوری دەستەکانی هەڵپەی دەکرد و داوای یارمەتی لیدەکرد بۆ ڕزگارکردنی لەبەر ئەوەی جێگای تەسک بوو. مانووش بە دەستەکانی بۆ گۆماوێکی گەورەتری گواستەوە، بەڵام ماسییەکە ئەوەندە بە خێرایی گەورەدەبوو .کە هەمیشە دەبوایە بیگوازێتەوە، چونکە پێویستی بەجێگای گەورەتر بوو. تا ئەو دەیگواستەوە ماسییەکەش گەورەتر دەبوو و جێگای تەسک دەبوو، بەو شێوەیە بەردەوام بوو تا مانوو ماسییەکەی گەیاندە دەریا.

دوای ئەوەی ماسییەکەی گەیاندە دەریا، ئەوسا ماسییەکە مانووی لەوە ئاگادارکردەوە کە لە ماوەی یەک هەفتەی تر لافاوێکی زۆر گەورە هەڵدەستێ و زەوی نقوم دەکا و ژیان

---

[1] Wikipedia بە زمانی سوێدی

[2] ماتسیا بە زمانی سانسکریتی بە مانای (ماسی ) دێ. لەو داستانەدا ڤیشنوو لە شێوەی ماسییەک خۆی وەک پەڕجوو پیشانی مانو دەدا، بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە.

[3] Nationalencyklopedin ئینسکلۆپیدیای نیشتمانی – سوێدی.

لەسەر زەوی لەناودەبا. جا مانوو بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤایەتی و بەردەوامی ژیان لەسەر زەوی کەشتیەکی گەورەی دروستکرد. دوای دروستکردنی بە فەرمانی ڤیشنوو، لەگەڵ کەسانی دەوروبەری زیندووی کە لەگەڵی دابوون سواری کەشتی دەبن. کاتێ لافاو هەڵدەستێ سەر ئاو دەکەون. لە کۆتایی لافاوەکە ماسیی کەشتییەکە بەرەو نزیکی چیایەکی باکوور پاڵدەدا، تا کاتی لافاو دەنیشێتەوە لە قەد چیا لەنگەر بگرێ. لە ئەنجامدا مانوو لەگەڵ سەنریشینەکانی لەگەڵی دابوون ڕزگاریان دەبێ و ژیان لەسەر زەوی جارێکی تر دەست پێیدەکەنەوە و پەرە بە ژیان دەدەن.

نووسینەوەی ئەو داستانەی ڕیگڤیدا زۆە زووتر لە کۆچ ورەوی ئارییەکان بۆ وولاتی هیندوستان هاتووە، بۆ سەرەتای قۆناخی کالی گۆیا دەگەڕێتەوە کە دەکاتە ٣١٠٠ ساڵ پ.ز[1]

شێوەی دارشتن و سرووشتی گێڕانەوەی، دەگەڕێتەوە بۆ کولتوور و ئەفسانەی هیندی پێش هاتنی ئارییەکان، خۆ ڕەنگە بە هاتنی ئارییەکان و تێکەڵاوبوونی کولتووریان لەگەڵ خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە کەم یان زۆر گۆڕانکاری بەسەرداهاتبێ.

---

[1] Populärhistoria 2001 mars 19

# ٢

# لافاوی نووح لە پەرتووکی دینە ئیبراهیمییەکاندا

## داستانی لافاوی تاوان و کەشتی نووح لە تەورات[1] دا

دینی جوو یان جوولەکە یەکەمین دینە لە سێ دینە ئیبراهیمیەکان و پەیدابوونی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ٤ هەزارساڵ بەرلە ئێستا. پەیدابوونی ئەو دینە یەکەم هەنگاوی مرۆڤە لە ناوچەی میسۆپۆتامیا و شام کە باوەڕی بە تاکپەرستی هێنابێ.[2] ئەو دینە لە هەناوی شارستانییەتی سۆمەری، ئەکەدی و بابلی دروست بووە. هەر بۆیەش ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی ئەو شارستانیانەی پێوە دیارە.

---

[1] بۆ لێکدانەوە و بەراورد کردنی دەق و بڕگەکانی تەورات سوود لە الکتاب المقدس بە عەرەبی و Bibel 2000 بە سوێدی وەرگیراوە.

[2] Encyclopedia of Judaism (2006) pp. xiv

له پەرتووکی تەورات (یەکەم پەرتووکی تاناخ[1]) لە دەقی[2] ٦ تا ١٠ بۆ داستانی لافاوی تاوان و کەشتی نووح تەرخانکراوە. هەڵبەتە دووبارە کردنەوەیەکی کتومتی ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی و ئەکەدییە کە پێشتر لە بەشی یەکەم باسکران. لێرەدا کەراکتەری سەرەکی نووحە کە ڕۆڵی ڕزگارکەری ژیان لەسەر زەوی دەبینێ. نووح مرۆڤێکی ئاساییە و پلەی پێخەمبەرایەتی هەیە.
بەپێی تەورات نووح تەمەنی شەش سەد ساڵ بوو، کە لافاو هەڵستاوە و خوداش ئەوی هەڵبژاردووە بۆ ڕزگارکردنی هەموو جۆرەکانی بوونەوەران و جارێکی تر بنیاتنانەوەی ژیان لەسەر زەوی.

> ٥خودای گەورە بینی گوناهی مرۆڤەکان لەسەر زەوی زۆر گەورە بوون، تەواوی بیرو دڵیان لە مەبەستی خراپەکاری دابوو.٦جا خودای گەورە پەشیمان بووەوە لەوەی کە مرۆڤی لەسەر زەوی ئەفراندووە، دڵی زۆر گران بوو.٧ خودای گەورە فەرمووی ئەو مرۆڤانەی کەمن ئەفراندوومن، دەبێ لەسەر زەوی قڕیانکەم، هەردووک مرۆڤ و گیانداری چوارپێ، قرژانگ و پەلەوەرەکانی ئاسمانیش، من پەشیمانم کە ئەوانم ئەفراند. ٨ بەڵام نووح لەلای خودا پەسند بوو و بووردرابوو (تەورات دەقی ٦ بڕگەی ٥- ٨)

بە پێی ئەو چەند بڕگەیەی تەورات، خودا لە مرۆڤایەتی بەقین داچووە و لە ئەفراندنیان زۆر پەشیمانە و دەیەوێ لێیان رزگاربێ. ئەوەی لێرەدا ناکۆکە، هەرچەندە خودا لە ئەفراندنی مرۆڤ پەشیمانە و دەیەوێ قڕیان کات. لە هەمانکات دەیەوێ ژیان بەردەوام بێ. نووح کە لەلای خودا پەسەندە و بووردراوە. ڕادەسپێردرێ کە ژیان لەسەر زەوی پەرە پێبێداتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە بۆ ئێمە دیار نییە لەسەر چێ خودا لە مرۆڤەکان بەقین

[1] بۆ ڕوونکردنەوی تاناخ بڕوانە بەشی ئینجیل دواتر.
[2] لەتەورات بە زمانی ئینگلیزی هەر داستانێک بە Chapter ناو دەبا، لە عەرەبیش بە الاصحاح دانراوە. بەڵام لە کوردی من وام پێ باشبوو بە دەق ناویان بەرم. هەر پەرەگرافێکیش بە بڕگە ناوم بردوون.

داچووە و خراپەکاری و تاوانی مرۆڤەکان چین. ئەو شتانە چین خودا فەرمانی کردووە، کەچی ئەوان پشت گوێیان خستووە؟ سەرەڕای ئەوەش ئەگەر چەند کەسێک یان توێژێکی کۆمەڵایەتی خراپەکارن، بۆ تەواوی مرۆڤایەتی و ژیان لەسەر زەوی قڕکا. تەورات وەڵامێکمان ناداتێ و تەنیا گێڕانەوەی داستانەکە و قڕکردنی ژیانە و بەس.

ڕووداوی لافاو و گێڕانەوەکەی تەورات، چی لە فۆرم و چی لە پرۆسەی ڕووداوەکە دووبارەکردنەوەیەکی کتوومتی داستانی شارستانییە دێرینەکانە. ئەو کاتەی خودا دەبینێ مرۆڤ ئەوی پشتگوێ خستووە و سەر پێچی لە فەرمانەکانی دەکات و دەستی کردۆتە خراپەکاری، قینی هەڵدەستێ و نەفرەتییان لێدەکا. بە توندی سزایان دەدا لە هەمان کاتدا کەسێکی دڵسۆزی خۆی، کە خۆی پەسندی کردووە، دەبێتە ڕزگارکەری دواڕۆژی مرۆڤایەتی ژیان لەسەر زەوی.

لێرەدا نووح پلەی پێخەمبەرایەتی هەیە و خۆشەویستیشە لەلای خودا، دەبێتە ڕزگارکەر و بە هانای مرۆڤایەتیی و ژیان لەسەر زەوی دادێ.
نووح لەسەر فەرمانی خودا کەشتییەک دروست دەکات و خێزانی خۆی و لە هەر بوونەوەرێکی تر جووتێک ( یەک نێر و یەک مێ) لەگەڵ خۆی دەباتە ناو کەشتییەکە. دوای حەوت ڕۆژ چاوەڕووانی باران هەڵدەکات و لافاو هەڵدەستێ. بۆ ماوەی چل شەوو چل ڕۆژ بێ بڕانەوە باران بەخوڕەم دەبارێ. کەشتی نووحیش بەسەر نیشینەوە بێ ئامانج لەسەر ئاو دەسووڕێتەوە.

٦ نووح تەمەنی ٦٠٠ سال بوو کە لافاو زەوی داپۆشی. ٧ ئەجا نووح چووە ناو کەشتی لەگەڵ کوڕەکانی، ژنی ،ژنی کوڕەکانی بۆ ئەوەی خۆیان لە ئاوی لافاو ڕزگارکەن .(تەورات دەقی ٧ بڕگەی ٦-٧)

به پێیی ئەو دوو بڕگەیەی ٦ و ٧ لە دەقی ٧ ی تەورات. یەکەم بۆمان دەردەکەوێ نووح تەمەنی ٦٠٠ ساڵ بووە کە لافاو هەڵستاوە. دووەمیش لە ناو تەواوی ئەو هەموو خەڵکە، تەنیا خێزانی پەیمانی ئەوەیان پێدراوە کە ڕزگاریان بێ.

١١ لەو ساڵەدا نووح شەش سەد ساڵ و مانگی دووەم و ڕۆژی هەڤدەم لە منگدابوو. لەو ڕۆژەدا لە قووڵایی گەورەی دەریا سەرچاوەکان هەڵقوڵیین و پەنجەرەکانی ئاسمانیش خۆیان ئاوەڵاکرد ١٢ و باران بۆ ماوەی چل شەو و چل ڕۆژ بێ پسانەوە بارییە سەر زەوی (تەورات دەقی ٧ بڕگەی ١١- ١٢)

نووح تەنیا کەسێکە خودا بەختەوەری کردووە و وەک ڕزگارکەرێک بە مرۆڤایەتی و زەوی بەخشیوە. لێرەدا جارێکی تر تەمەنی نووح زۆر بە ووردی بە ساڵ بە مانگ و ڕۆژیش دیاری دەکرێ .

٢٣خودا هەموو شتێکی لەسەر زەوی هەبوو لەناوبرد، مرۆڤ و گیانداری چوارپێ، قرژانگ و باڵندەکانی ئاسمانیش هەموو شتێ لەسەر زەوی ڕامالدرا. ئەوەی مابووەوە تەنیا نووح و ئەوانەی لە گەڵیدابوون لە ناو کەشتی .٢٤ ئاو بۆ ماوەی ١٥٠ ڕۆژ بەردەوام هەر بەرزدەبووەوە (تەورات دەقی ٧ بڕگەی ٢٣- ٢٤)

خودا بەزەیی بەهیچ کەس یا بوونەوەرێک دانایەتەوە. لەلایەک قینی گەیشتۆتە ئاستێک کە زەوی ڕامالێ و کەسی تێدا نەهێڵێ. ئەوەی دەمێنێتەوە، تەنیا نووح و خێزانەکەی و کوڕەکانی و ژنەکانیان بەر بەزەیی خودا کەوتوون. دەبێ ئەو تاوان و خراپییەکاریانە چیبن کە ببنە هۆی بنبڕکردنی ژیان لەسەر زەوی. لە لایەکی تر لە بیری ئەوە دایە ژیان لەسەر زەوی دەست پێبکاتەو

٣ دوای ئەوە بەرە بەرە ئاو لەسەر زەوی لە کەمیدا. دوای ١٥٠ ڕۆژ ئاو دەستی بە داکشانکرد. ٤ لە ڕۆژی حەوتەم لە مانگی حەوتەم کەشتی لەسەر

چیای ئارارات وەستا .٥ ئاو بەردەوام هەر کەمی دەکرد. (تەورات دەقی ٨ بڕگەی ٣- ٥)

دوای ١٥٠ ڕۆژ، ئاو دەست بە کشانەوە دەکا و سەرزەمینێکی وێرانە و لە ئاودا نقووم بوو بەجێ دێڵێ. لێرەدا کێشە مێژووییەکە دەستپێدەکا، چونکە لە تەورات بە ڕاشکاوی نووسراوە مانگی حەوتەم ڕۆژی حەوت کەشتی لەسەر چیای ئارارات چەقی. واتە سەرتاسەری شانۆگەرییەکە، پێشوەخت دروستکراوە و ئەکتەرەکان تەنیا ڕۆلی خۆیان دەبینن.

٦کاتی چل ڕۆژ تێپەڕی نووح پەنجەرەی کەشتی کردەوە،٧ دوای ئەوە داڵێکی ناردە دەرێ و بەردەوام بوو بە ئازادی دەفڕی، دەهات و دەچوو. تا ئەو کاتەی ئاوی باران ووشکی کرد هەر لە فڕین دابوو .٨ دوای ئەوە کۆترێکی نارد تابزانێ ئاو لەسەر زەوی نیشتووتەوە و ووشکایی بەدەرکەوتووە .٩ کۆترەکە گەڕایەوە ناو کەشتی، لەبەر ئەوەی هیچ جێگایەکی نەدیتەوە تالێیی بنیشێتەوە. چونکە ئاو هێشتا زەوی هەر داپۆشیبوو. ئەویش دەستی بۆ درێژکرد و لەگەڵ خۆی هێنایەوە ناو کەشتی .١٠ دوای ئەوە حەوت ڕۆژی تر چاوەڕوانی کرد، ئەوسا جارێکی تر کۆترەکەی ناردەوە .١١ دوایی سەر لەئێوارە بوو کۆترەکە گەڕایەوە و چلێکی تازەی زەیتوونی بە دەنووکەوە بوو. ئەوجا نووح زانی کە ئاوەکان نیشتوونەتەوە .١٢ ئەو حەوت ڕۆژی تر چاوەڕوانی کرد ، ئەوجا جارێکی تر کۆترەکەی ناردەوە دەرێ، بەڵام ئەو جارەیان نەگەڕایەوە لای (تەورات دەقی ٨ بڕگەی ٦-١٢)

لە دەقی ٨ بڕگەی ٦ تا ١٢ لێرەدا دەبینین تەورات چۆن بەوردی پرۆسەی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە. کەواتە نووح پێشوەخت زانیویەتی، کە بارانێکی وا دەبارێ وتا چەندیش دەخایێنێ، چەندیش کاریگەرە. هەر بۆیە لەگەڵ بوونەوەرە دیاریکراوەکان لەکاتی خۆی چوونەتە ناو کەشتی و بە ئاگادارییەوە چاوەڕووانی کردووە تا لافاوەکە هەڵدەستێ. خوداش هەنگاو بە هەنگاو فەرمانی پێدەدا. نایەوێ بە هیچ شێوەیەک لەو ڕێنمایانە لابدا کە خودا خۆی بۆی داناوە.

بەڵام دوای چەقینی کەشتی پێدەچێ ئیتر لێرە بەدواوە چارەنووسی نووح کەوتۆتە دەستی دوو باڵندە و پەیوەندیشی بە جیهانی دەرەوە هەر بە هۆی ئەو دوو باڵندەوەیە، کە هێمان بۆ دوو شتی جیاواز. تاکە شت کە نووح هەستی پێ دەکا، ئەوەیە کەشتیەکەی چەقییوە. یەکەم جار نووح داڵێک دەنێرێ. داڵ دەفڕێ و ناگەڕێتەوە ونووح هیچ هەواڵی لێ دەست ناکەوێ. ئەجا دوای ئەوە دوو جار کۆتر دەنێرێ. جاری یەکەم بە بێ هیوایی دەگەڕێتەوە و جاری دووەم بەلقێکی دار زەیتوون دەگەڕێتەوە لای نووح. ڕەنگە لێرەدا ئاکارە سرووشتییەکانی ئەو دوو باڵندەیە وای کردبێ، دوو هەڵسوکەوتی جیاوازیان هەبێ داڵ دەفڕێ نایەتەوە. کەچی کۆتر سەرەڕای ئەوەی بێ هیواش بووە، هەر دەگەڕێتەوە. جاری دووەم مزگێنی دێنێ و بە لقە زەیتوونێک دەگەڕێتەوە. کۆتر و زەیتوون بە مانای ئاشتی و ژیان دێن تا ئێستاش لە هەردوو دینی جوولەکە و کرستیان دا بۆ هەمان هێما بەکاردێن. لە دەقی ٦ بڕگەی ١٥ خودا فەرمان بە نووح دەکات کە کەشتیەک بەپێی ئەو ئەندازەیە دروست بکا کە خودا فەرمانی پێدەکا :

١٥بەو شێوەیە کەشتیی دروستبکە، درێژی کەشتی ٣٠٠ باسک، پانی
٥٠ باسک و بەرزی ٣٠ باسک (تەورات دەقی ٦ بڕگەی ١٥)

سەبارەت بە پێوانەی کەشتییەکەش، وەک لەسەروە لە دەقی ٦ بڕگەی ١٥ دا هاتووە تەورات بە وردی دەستنیشانی قەبارەی کەشتییەکەی کردووە. خودا فەرمان بە نووح دەکا. کەشتییەک بەو شێوەیە دروست بکات کە فەرمانی پێکراوە. ئەندازەگیری پێوانەی کەشتییەکەش بە باسکە[1]. دەبێ ٣٠٠ باسک درێژبێ و ٥٠ باسک بەرینی و ٣٠

[1] باسک بە زمانی عەرەبی ذراع، بە زمانی عیبری Ammá بە زمانی سوێدی Aln، بەزمانی ئینگلیزی Cubit

باسکیش بەرز بێ. هەلبەتە باسک بەپێی پێوانەی ئەودەم بووە ئەوندەش بە ووردی نەکراوە و تا ئێستاش ڕای جیاواز لەسەر ئەو پێوانەیە هەیە، کە دەبێ باسک بەرامبەر مەتر یان سانتیمەتر چەندبێ. تەنانەت لەناو کەسانی تەورات و ئینجیل ناسیش لەسەر ئەو پێوانەیە مشتومڕ هەیە. بەڵام ئێمە بە متمانە لەسەر بۆچوونی بنکەی جێنێسیس وەک دامودەزگایەکی دان پێدانراو، لێکی داوەتەوە، هەر بەو شێوەیە تۆماری دەکەین (بڕوانە وێنەی٦)




وێنەی ٦
بە پێی لێکدانەوەی پسپۆرانی لێتۆژینەوەی تەورات لە بنکەی جێنێسیس و گۆڕینی لە باسک بۆ مەتر دەبێ کەشتی نووح، بەم شێوەیە بێ . قەبارەی
درێژی ١٣١ مەتر
پانی ٢٢ مەتر
بەرزی ١٣ مەتر
وێنەکە لە گۆڤاری:
Allt om vetenskap وەرگیراوە

## ڕووداوی لافاوی تاوان لە ئینجیل

کریستیانیزم وەک دین لە ناو هەناوی جوولەکە لەدایک بووە. تەورات و پەرتووکە پیرۆزەکانی تری ناو پەیمانی کۆن، وەک میرات و بە شێوەیەکی سرووشتی بوونەتە موڵکی

کریستیانەکان. هەر بۆیە ئەو چیرۆک و داستانانەی لە ناو تەورات هاتوون، هەر بەو شێوەیە کریستیانیزم بەهی خویانی دەزانن. ئینجیلیش کە لە پەیمانی کۆن (پەرتووکەکانی مووسا)، و پەیمانی نوێ واتە هەر چوار ئینجیلەکە (ئینجیلەکانی لوکاس" لۆقا"، مارکوس "مرقص"، مەتیاس "مەتی" و یۆهانێس "یۆحەنا") کە لەیەک پەرتووک بەناوی پەرتووکی پیرۆز یان بایبل (ئینجیل) تۆمارکراون و لەناو ئاینزاکانی کریستیانی وەک سەرچاوەیەکی پیرۆز دەبینرێن.

سەبارەت بە پەیمانی کۆن دەبێ بڵێین کە لە ٦٦ دەق (پەرتووکی) تاک تاک پێکهاتووە. ئەو دەقانە هەر لە جێنێسیس دەست پێ دەکا تا شۆڕش. ئەو دەقانە پێیان دەڵێن (تاناخ)[1] لە ڕووی خواپەرستی و یاساکانی ژیانی دینی، سەرچاوەن بۆ هەردوو دینی جوولەکە و کریستیان بە پەرتووکی پیرۆزی خۆیانیان دادەنێن (هەڵبەتە دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە لەناو ئاینزا کریستیانییەکاندا، لێرە و لەوێ هەیە کە پەیمانی کۆن بە هی خۆیان نازانن و ڕەتی دەکەنەوە .کە ئێرە جێگای باسکردنی نییە، لەبەر ئەوەی هەم باسەکە دەکاتە درێژدادڕ و هەمیش، لە چەقی گفتوگۆکە دەردەچێ). ئەو پەرتووکانە وەک بەڵگە چی لە دینی جوولەکە و چی لە کریستیانیزم بۆ بوونی خودا دادەنرێن. جا دەقی ٦ تا ١٠ بریتین لە لافاوی تاوان و نووح.[2]

[1] تاناخ کورتکراوەی ناوی تەورات، نێڤیم (پەیامبەران) و کیتۆڤیم (نووسراوەکان). ئەو سێ پەرتووکە لە دینی جوولەکە بە پەرتووکی پیرۆز ناودەبرێن و لە کۆمەڵگەی کریستیانی بە پەیمانی کۆن (Encycklopedia of Judaism 2006 pp511

[2] Insight on the Scriptus (1988) Volum 1 of 2 pp 307-312

# داستانی toوفان و کەشتی نووح لە قورئاندا[1]

قورئان وەک پەرتووکی پیرۆزی ئیسلام دەبێ لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیر بکرێ و هەلبسەنگێندرێ. گۆشەنیگای یەکەم چۆنییەتی هەلسوکەوتی قورئان لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکانی هاوسەردەمی خۆی. وەک گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی شەڕی بەدر و ئوحود و خەندەق....هتد. یان ناکۆکی لەگەڵ جوولەکەکان لە یەثرب و قورەیشییەکان لە مەککە. لەم ڕووەوە قورئان وەک هەواڵنامەیەک سەبارەت بە ڕووداوەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەبینرێ.

گۆشەنیگای دووەم میتۆلۆژی و ئەفسانەکانی ناو قورئان، ئەو بەشەیان ، لەلایەک ئەو زێدەڕۆییانەی نووسەری قورئان لەسەر گێڕانەوەی شەڕەکان و پێدانی دیمەنی ئەفسانەیی بە یاوەرانی محمد کە چۆن شەڕیان دژی کافران کردووە... بۆیە دوژمنانی ئیسلام دۆڕاندیان.... هتد. لەلایەکی تر ئەفسانە کۆنەکان، بریتین لەو ئەفسانانەی لە شێوەی داستان، لە تەورات و کولتووره کۆنەکان وەرگیراون و تێکەڵ بە تێکستەکانی جۆراو جۆری قورئان کراون.[2]

یەک لەو ئەفسانە کۆنانە لافاوی نووحە. لە قورئاندا نووح بە یەک لەو پێنج پێغەمبەرانە دەژمێردرێ کە لە دینی ئیسلام پلەی هەرە بەرزیان هەیە. ئەوانەش ئادەم، نووح، ئیبراهیم، مووسا و عیسا. بۆیە لە قورئان زۆر سورەت هەم وەک پێغەمبەر یانیش وەک ڕزگارکەر بە ناوی نووح هاتوون و دووپاتەی گەورەیی ئەو دەکەنەوە.

[1] بۆ لێکدانەوە و بەراورد کردنی ئایەتەکانی قورئان سوود لە القرآن الکریم (١٩٧٩) و دوو وەرگێڕانی قورئان بۆ سوێدی وەرگیراوە. بۆ زانینی ناوی هەروو قورئانەکە بە سوێدی سەیری سەرچاوەکانی سوێدی بکە، لە کۆتایی.

[2] سید قمنی. قصة الخلق و منابع سفر تکوین.

داستانی لافاو (توفان) و کەشتی نووح لە قورئان وەک پەرتووکەکانی تر داستانێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو بە شێوەی پچڕ پچڕ لە چەندین سوورەتی ناو قورئان دا هاتووە. ئەگەر سەرجەمی ئەو بەشە پچڕ پچڕانە گردکەینەوە، ئەوا دیمەن و پرۆسەی تەواوی داستانەکەمان دەداتە دەست .

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە سوورەتێکی تایبەتی بەناوی سوورەتی نووح هەیە و لە ٢٨ ئایەت پێکهاتووە. هەروەها لە سوورەتەکانی هود، اعراف، الا نبیاء، موءمنون و چەندانی تر بەشێوەی جیاواز هاتووە .. بەڵام هەموویان زیاتر پەنجە هەڵوەشاندن و وەبیرهێنانەوەی لافاو وەک تۆقاندنن بەکار دەهێندرێ

لقد ارسلنا نوحا الی قومه فقال یقوم اعبدوا الله مالکم من اله غیره انی اخاف علیکم عذاب یوم عظیم (٥٩) (الاعراف)

ئێمە نووحمان نارده لای نەتەوەکەی (هۆزەکەی)، پێیی گووتن گەلۆ ئێوه دەبێ خودا بپەرستن. بێجگە لەوی خودایەکی ترتان نییە. من لەو ڕۆژە دەترسم کە ئازاری بەسۆی تێدایە ٥٩ (الاعراف)

لە قورئان هەروەک تەورات نووح نێردراوە، کە خەڵک لە تووڕەیی خودا ئاگادارکاتەوە و پەنجەی هەڕەشە هەڵوەشێنێ.
جوان وەبیر خەلکی دێنێتەوەوە کە خودا هیچی لەبیر ناچێتەوە. ئیتر تاوانی خۆتان لە ملی خۆتان.

ئەوەی لە قورئان سەبارەت بە داستانی نوح و کەشتییەکەی هاتووە دەقاودەق کۆپییەکی لافاوی تاوانی ناو تەوراتە و هەر بەو شێوەیەش لە قورئان دووبارە بۆتەوە . تەنیا یەک شت لێرەدا جیاوازی هەیە کە لە تەورات دا نییە، لە قورئان لەسەر داستانەکە زیادکراوە.

جیاوازییەکەش نووح بە پێی گێڕانەوەی قورئان کوڕێکی سەرەڕۆی هەیە، لەناو کەشتی ناتوانی بسەڵەمێتەوە و لە شوێنێک بە ئارامی دانیشێ گوێناداتە ئامۆژگارییەکانی باوکی. لە ئەنجامدا ئەویش وەک ئەوانی تر لەناو دەچێ. بێجگە لەوە پرۆسەی داستانەکە هەمان داستانی تەوراتە و هیچی تر.[1]

سوڕەتی هود:

و ناد نوح ربه فقال رب ان ابنی من اهلی وان وعدک الحق و انت آحکم الحکمین (٤٥)
قال یا نوح انه لیس من اهلک انه عمل غیر صالح فلا تسئلن ما لیس لک به علم انی اعظک ان تکون من الجهلین (٤٦) (سوره هود)

نووح لە پەوروەردگار پاڕایەوە، گوتی ئەی پەروەردگار، من کوڕم کەس و کارمە، بەڵێنی تۆش هەر دێتەجێ تۆ لەگشت فەرمانڕەوایەک لێزانتری (٤٥) گوتی ئەی نووح ئەو کوڕەت کەس وکاری تۆ نییە. ئاکاری ناپەسندی هەیە . لە شتیک مەپرسە کە لێی نازانی. ئامۆژگاریت دەکەم کە نەچییە ڕیزی نەزانان (٤٦) (سووڕەتی هود)

نووح لە خودا دەپاڕێتەوە تا لە کوڕەکەی خۆشبێ و لەگەڵ ئەوان ڕزگاری بێ. بەڵام خودا بڕیاری داوە کە ئەو کوڕە ناپەسندە و شایەنی ژیان نییە. داواش لە نووح دەکا کە خۆی لە شتێک هەڵنەقورتێنێ کە زانیاری لەسەری نییە. ئەگەر خوداپەرستێکی لە دڵەوەیە، دەبێ کوێرانە فەرمانەکانی پەروەردگار بەجێ بێنێ. لێگەرێ کوڕەکەی بمرێ.

---

[1] Epoch Time

دواتر هەر وەک چۆن لە تەورات دا هاتووە بە فەرمانی خودا ئاو لە سەرچاوەکانی زەوی هەڵدەقوڵێن و ئاسمانیش ڕەژنەی باران دادەکا، بەڵام کەشتی لە جیاتی ئارارات لە چیای جودی لەنگەر دەگرێ.

و قیل یا آرض آبلعی ماءک و یاسماء آقلعی و غیض آلماء وقضی آ لامر واستوت علی الجودی (٤٤) (هود)

ئەوجا گوترا زەوی ئاوت هەلقوڵێنە، ئاسمان هەر بارێنە، ئاو بەناو خاکدا ڕۆچوو، کار جێبەجێ بوو لەسەر جوودی لەنگەری گرت (٤٤) (سوورەتی هود)

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان تەورات و قورئان بکەین، بێجگە لە ڕستەسازی لە ووردەکاری دارشتنەوەی لافاو، هیچ جیاوازی بەدی ناکەین. ئەو ئایەتەی سەرەوە بەراورد بکە لەگەڵ:

لەو ڕۆژەدا لە قووڵایی گەورەی دەریا سەرچاوەکان هەڵقوڵین و پەنجەرەکانی ئاسمانیش ئاوەڵابوون (تەورات دەقی ٧ بڕگەی ١١)

ئەوەی بە ئاشکرا دەبینرێ. لە قورئان نووح هەڕەشەو گەف دەکا و بەرمەیدان دەڵێ (من بە ئاشکرا بۆ ئێوە ترسێنەرم).
ئەوەش پەرەپێدانێکە کە لە تەورات خودا گوناهی مرۆڤەکان دەبینێ و لە ئەفراندنیان پەشیمانە و دەیەوێ قڕیانکا .
هەرچەندە لە قورئان نووح نێردەی خودایە، کەچی تەنیا وەک تۆقێنەرێک خۆمان پێدەناسێنێ.

"و لقد آرسلنا نوحا الی قومه انی لکم نذیر مبین(٢٥) آن لاتعبدوا الا الله انی آخاف علیکم عذاب یوم آلیم (٢٦) قالوا یا نوح قد جادلتنا فأ کثرت جدالنا فأ تنا بما تعدنا ان کنت من الصادقین (٣٢) و آ وحی الی نوح آنه لن یؤمن من قومک الا من قد آمن فلا تبتئس بما کانوا یفعلون(٣٦) ( هودا)

ئێمە نووحمان نارده لای نەتەوەکەی (هۆزەکەی)، کە من بە ئاشکرا بۆ ئێوە ترسێنەرم(٢٥)
جگە لە خودا هیچی تر مەپەرستن. من لەوە نیگەرانم، نەوەک ڕۆژێ ئازاری بە سۆتان
تووش بێ (٢٦) گوتیان ئەی نووح تۆ زۆر لەگەڵ ئێمەدا گفتوگۆی توندو درێژدادرێتکرد،
ئەگەر ڕاست دەکەی ،وەرە ئەوەی بەبیرتادێ پیشانماندە (٣٢) سرووش بۆ نووح هات
کە لەناو نەتەوەکەتدا جگە لەوانەی تا ئێستا باوەڕیان هێناوە کەسی تر باوەڕ ناهێنێ، لەو
ڕەفتارەش سەخڵەت مەبە (٣٦) (سورەتی هودا)

چی لە قورئان یان نووسراوە سەرەتاییەکانی تری ئیسلام بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوە ناکات کە کەشتی نووح چۆن بووە یان چی ئەندازەیەکی هەبووە، یان ئەو کەشتییە چەند نهۆم بووە چۆن تەرخانکراوە. ئەوەی کە دەیخوێنیتەوە تەنیا هێمادانێکە بۆ ڕوودانی کارەساتێکی وا، لە ئەنجامی تووڕەبوونی خودا هەروەک تەورات، هەڵبەتە بەبێ ووردەکاری، زەوی نقوومی ئاو دەکرێ و تەواوی ژیان لە سەر زەوی لەناو دەبردرێ. ئەوەش وەک ستێریۆتایپ دووبارەکردنەوەی تەوراتە.

تاکە ڕاڤەیەک لە ئیسلام لەسەر پێوانەی کەشتی نووح کرابێ، لە کۆتایی ساڵانی ١٢٠٠ زاینی بووە. ڕاڤەکارێکی چالاکی قورئان بەناوی عبدالله بن عمر البیضاوی کە لە دەوروبەری ساڵانی ١٣٠٠ مردووە بۆ یەکەم جار باسی ئەندازەی قەبارەی کەشتی نووح دەکا. البیضاوی دەنووسێ کەشتی نووح درێژی ٣٠٠ باسک، پانی ٥٠ باسک بوو. دواتر درێژەی پێ دەدا کە کەشتییەکە لە سێ نهۆم پێکهاتبوو. نهۆمی هەرە ژێرەوە گیانداری کێوی و ماڵی تێدابوو، نهۆمی ناوەند مرۆڤ و نهۆمی سەرەوەش باڵندەی تێدابوو.[1] ئەو پێوانەیەش بێجگە لە نهۆمەکان، دەبێ دەقاو دەق لە تەورات وەرگیراوبێ، چونکە پێشتر

---

[1] Nationalencyklopedin ئینسیکلۆپەدیای نیشتمانی - سوێدی

ئەوەمان خستە ڕوو کە لە تەورات بە شێوەیەکی ڕوون ئەندازی کەشتی دیاریکراوەو هەمان ئەندازەشە، کە لە کتێبەکەی البیضاوی دا هاتووە.

هیچ ڕێگایەکی تێناچی کە البیضاوی ئەو ئەندازەگیرییەی لە خۆیەوە هێنابێ، بە ڕێکەوت دەق وەکی ئەوەی تەوراتیش دەرچووبێ. لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەلای کەمی البیضاوی ئاشنایە تییەکی باشی لەگەڵ دەقەکانی تەورات دا هەبووە، جا ئەگەر باسیشی ناکا، مرۆڤ درکی پێدەکا سەرچاوەکەی هەر تەوراتە .[1]

لێرەدا سەرنجێک دەدەینە هەردوو شارستانییەتی سامییەکان ئەکەد و بابلی، کە هەمان ئەفسانەی سۆمەرییان بە ناوی خۆیان تۆمارکردووە. بەبێ ئەوەی ناوی سۆمەرییەکان بێنن. لێرەدا دینە ئیبراهیمییەکانیش هەمان ڕێبازیان دووبارە کردۆتەوە. هەرچەندە قوڕئان بە شێوەی پچڕ پچڕ داستانی لافاوی لە تەورات وەرگرتووە، کەچی باسی ناکات و وەک خۆی بەناوی خۆی تۆماری دەکاتەوە. گەلۆ دەبێ ئەوە لە خۆڕایی نەبێ.

## پوختەیەکی بەراوردی دینەکان

لە هەر شەش پەرتووکە دینییەکان واتە تەورات، ڤیدا، ئاوێستا، ئینجیل، قوڕئان و پەرتووکی ڕەشی ئێزیدییان دا، هۆکاری سەرەکی کارەساتەکە دلگرانی خودایە لە خەلکی. هۆیەکەشی نافەرمانی و کەمتەرخەمی لە فەرمایشتەکانی دەکەن. خوداش وەک هێزێکی لە بن نەهاتوو و سەرکوتکەر بڕیاردەدا، بە هۆی ئەو سەرەڕۆیی و نافەرمانییەی مرۆڤانەوە دەبێ ژیان لەسەر زەوی بنبڕ بکات.

---

[1] بڕوانە تێکستی بەشی تەورات لە لاپەڕەکانی پێشتر.

ئەگەر جیاوازییەک لە ووردەکاری پرۆسەی ڕو وداوەکاندا هەبێ، ئەوە بۆ هەلومەرجی کات و شوێن لەلایەک و ئاکاری ئەو دینە و کۆمەلگەی تێیدا هاتووە دەگەڕێتەوە. هەر کۆمەلگەیەک کاریگەری ڕاستەوخۆی توندی لەسەر شێوە و ناورۆکی ناوەوەی پرۆسەکە هەیە. هەر ئەوەش وایکردووە کە دینەکان ئەگەر هەمان داستان دووبارە وەک کۆپییەک وەردەگرن. لەگەل ئەوەشدا نابنە ئاوێنەی یەکتری، بەلکوو کۆپیکردنەکە فۆرمی کولتووری و ئاستی شارستانیی ئەو کۆمەلگەیە بەخۆیەوە دەگرێ.

یەکەم دینی زەردەشتییە، خودا جەمشید لە خراپەکاران ئاگادار دەکاتەوە و دەستنیشانیشیان دەکا. بە ڕوونی و ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە چۆن و کام بوونەوەر و مرۆڤی هەلبژێری. بەوەش پاکی ئارەزووەکانی ئەو دینە دیاردەکات. لە تەورات نووح و مندالەکانی و ژنەکانیان بەختەوەرن. هیچیان مەرگ میوانیان نابێ، و لەوان بترازێ سەرجەمی مرۆڤایەتی بە مەرگ شاد دەبێ. کەچی لە قورئان نووح ناتوانێ پارێزگاری لە خێزانەکەی خۆشی بکات. تەنیا لەبەر سەرەڕۆیی کوڕەکەی خۆی بە قسەی خودا بە مردن دەسپێرێ، کەچی بە هیچ شێوەیەک دیار ناکا خراپەکار کێن و ئەو فەرمانانەش چین کە مل کەچی نابن. دەبێ بە شێوەیەکی کوێرانە گوێڕایەل بن. لە پەرتووکی ڕەش ڕەنگدانەوەی فەرمانەکانە کە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا بەسەریان هاتووە. هەر بۆیەش لافاو یەک نییە و زیاترە.

بێجگە لەوانە کەم یان زۆر جیاوازی لە نێوان پەرتووکە دینییەکان نییە. ئەوەش ڕەنگە یەکەم بگەڕێتەوە بۆ سرووشت و تێڕوانینی دین و کاریگەری لەسەر تۆمارکردنەوەی ئەو داستانە. دووەم وەک هەر ئەفسانەیەکی تر، بە پێی کات و سەردەم گۆڕانی بەسەر داهاتبێ. یان بە کارەساتی ترەوە بەسترابێتەوە کە ڕوخسارێکی تری وەرگرتبێ. خۆ لەگەل ئەوەشدا دیمەن و ئاکارە سەرەکییەکانی داستانەکە هەر هەمانن. پەیامەکەش هەمان پەیامە بۆ مرۆڤایەتی کە دەرئەنجامی سەرەڕۆیی هۆکارێکە بۆ نەفرەت و قینی خۆدا، کە دەبێتە هۆی کارەساتێک نەک تەنیا بۆ مرۆڤ خۆی، بەلکو بۆ تەواوی ژینگەی سەر ئەم زەوییە.

لە دوای خوێندنەوەی ئەو داستانانە چی هی شارستانییە کۆنەکان یان هی ناو پەرتووکە دینییەکان، دەبێ هەڵوێستەیەک بکەین. بپرسین ئەڕی چۆنە وا بە درێژایی مێژووی زیاتر لە ٦٠٠٠ ساڵ تەواوی شارستانی و دینەکان کۆکن لەسەر ئەوەی شتێکی وا ڕوویدابێ؟ باشە بۆ داستانەکان ئەگەر ناوەکانیش جیاوازن زیۆگیدرۆ، ئوتنەپیسم، جەم و نووح کەچی پرۆسەکە یەک شتە و تا دێ پرسەکە زیاتر دەبێتە جێگای گومان و پرسیارگەلێکی بێ وەڵام دروست دەکا. با لێرە لێگەڕێین. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەو باسە.

# بەشی سێیەم

## کەنیسە و گەڕان بەدوای کەشتی نووح دا

پەرەسەندنی هوشیاری کۆمەڵایەتی و زیادبوونی بۆچوونی ڕەخنەگرانەی پسپۆرانی بوارە جیاجیاکان، لەسەر بوون و نەبوونی کەشتی نووح. کە دینەکان بە هەزاران ساڵە وەک پەڕجوو بە خەڵکی پیشان دەدەن. لەو دوو سەدەی دووایی, تەنگی بە کەنیسە هەڵچنیووە بۆ دۆزینەوەی شوێنەوارێک کە ئەوەی لە تەورات هاتووە پشتڕاست بکاتەوە. گەیشتۆتە ئاستێک لایەن و دامودەزگاکانی سەر بە کەنیسە زۆر بە خرۆشەوە خەریکی گەڕانبن بەدوای دۆزینەوەی پاشماوەی کەشتی نووح بەتایبەتی لە چیای ئارارات.  بۆ ئەو مەبەستەش چەندان جار تیمی بە دواداچوونیان ناردووە. و جا چ بە فڕۆکە وێنەگرتن یان لەسەر زەوی بەشێوەی گەڕانی مەیدانی بو  سەلماندنی بوونی کەشتی و پشتڕاستکردنەوەی تێکستەکانی تەورات.

ئەو دامودەزگا و لایەنە دینییانە بەتایبەتی کریستیانەکان، دەمێکە سەرقاڵی ئەوەن، بەهەر ڕێگایەک بێ بۆ جیهانی بیسەلمێنن کە کەشتی نووح لە چیای ئارارات هەیە. بەو شێوەیەش بتوانن ڕەوایی بە زانست بوونی دەقەکانی تەورات بدەن. هەر لەو ڕێگایەشەوە نوێنەرانی دینی دەیانەوێ بەهەر نرخێک بێ ئەوەی لە تەورات و ئینجیل هاتووە بکەنە بەڵگە دژی جیهانی زانست و بڵێن دین و ئەفرێنەرەکەی سەرچاوەی هەموو شتێکن. ئەوەش هەر لە سەدەکانی پێشوو خەونی زۆر لە لایەنە دینییەکان بووە. ئەوان لە لایەک دەیانەوێ مزگێنی

سەبارەت بە دۆزینەوەی کەشتی نووح بدەنە دیندارەکان. لە لایەکی تریش ڕەخنەی زانستی جیۆلۆژ و شوێنەوارناسی کپ بکەنەوە.

یەکەمین تیمی کە ڕێگای بە چیای ئاراراتی گرت دکتۆرێکی ئەڵمانی بوو بەناوی دکتۆر فرێدریش پارۆت. پارۆت بە یاوەری نووسەری ئەرمەنی چاتاتوور ئابوڤیان و چەند کەسی تر. لە ساڵی ١٨٢٩ بە مەبەستی پشکنین سەردانی چیای ئاراراتی کەوتنە ڕێ.[1]
بەڵام دوای ماندوو بوونێکی زۆر بەدەست بەتاڵی گەڕایەوە. دوای ئەو ناو بە ناو کەس یان تیمی سەر بە ناوەندیە دینییەکان، ڕێگای ئاراراتیان دەگرتە بەر. بەو شێوەیە هەر بەردەوام بوون.[2]

دوای دکتۆر فریدریش بۆ نزیکبوونەوە لە چیای ئارارت دیبلۆماسییەک بە ناوی ماوریت ڤۆن کۆلزێبوێ بووە. لە سەفەرێکی دا لە ساکی ١٩١٧، لە ڕووسیاوە بۆ وڵاتی فارس بە قەراخی چیای ئارارات دا تێپەڕیووە. ماوریت لە کتێبەکەی دەنووسێ کە لە بەرزایی چیا شوێنێکی وەکوو کەشتییەکیان بەدی کردووە، کە دەبێ پاشماوەی کەشتی نووح بێ.[3]

هەرچەند جاری ناو بەناو تەقەلایەکی تاک یان بە گرووپی لایەنە دینییەکان دەدرا ،بەڵام وەک بڵقی سەرئاو هەر زوو کپ دەبوونەوە. لەساڵی ٢٠٠٦ هەواڵێکی تری نوێ بڵاو بووەوە کە گوایە لە ئارشیڤی کۆنی CIA ئەمریکی ڕاپۆرتێکی کۆن دۆزراوەتەوە. گوایە ئەو ڕاپۆرتە مێژووی تۆمارکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٤٩ ئەو کاتەی شەڕی سارد بوو

---

[1] Amar, Andalkar. Skiing the pacific of Fire and Beyond.

[2] Epoch time 2009 – August – 11

[3] Maurit Von Kotzebue (1922) Resa till Persian med Rysska Ambassaden år 1917 ئەو پەرتووکە ساڵی ١٩٢٢ بۆ سوێدی وەرگێڕدراوە.

ساتەلایتێکی جاسووسی ئەمەریکی لەو کاتەی وێنەی جێگا هەستیارەکانی لە ناوەوەی یەکێتی سۆڤییەت دەگرت، چەند وێنەی دۆندی ئاراراتیشی گرتووە. وێنەکان نیشاندەدەن کە پەیکەرێکی لە شێوەی کەشتییەکی ١٣٠ مەتری وەک ئەوە دەردەکەوێ مرۆڤ دروستی کردبێ( بڕوانە وێنەی ١٠). وایان دەخستە ڕوو، کە ئەگەر لەگەڵ کەشتی نووح بەراوردی بکەین، وەک لە تەورات پەرتووکی شەشەم باسکراوە دەبێ خۆی بێت و بە هەموو پێوانەکانیش دەگونجێ.[1]



وێنەی ١٠:
یەک لەو وێنانەی گوایە دەزگای CIA لە ساڵی ١٩٤٩ بە ساتەلایت گرتوویەتی

بەڵام ئەوە تەنیا هەواڵێک بوو کە نەدەکرا بەو ئاسانییە پشتڕاست بکرێتەوە، هەرچەندە وێنەش گیرابن، دەبێ بە پێی زانستی و بە شێوەیەکی بنبڕ بیسەلمێنن. تا ببێتە جێگای متمانەی زانایانی ئەو بوارە، هەر بۆیە دوای ماوەیەکی کورت دیسان هەواڵەکە خامۆش بوو.

لە ساڵانی ٥٠ی سەدەی ڕابردوو، هەواڵێکی وا دەست ناکەوێ کە هەوڵدرابێ بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی کەشتی یان هەر پاشماوەیەکی تری لافاو لە دەوروبەری ئارارتدا.

---

[1] Aftonbladet, 2004 – Maj – 02

بەڵام لە ساڵی ١٩٦٠ جارێکی بازاڕ گەرم بووەوە و بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستیان کردەوە بە گەڕان.
ئەو جارەی وادیار بوو نەگەیشتنە هیچ دەرئەنجامێکی باش و بەڵگەی گونجاو وەدەست بێنن، هەروا بێدەنگ بوون.
حەڤدە ساڵ دواتر واتە ساڵی ١٩٧٧ڕۆناڵد وەیات کە دینداریکی کریستیانی توندی ئەمریکییە، دوای گەڕانێکی زۆر لە ناو کێو و هەردەکانی چیای ئارارات هەندێک فۆسیلی ئێسکی باڵندە و تەلیشە بەردی وەک وردە بزماری دۆزییەوە. هەر لەو دەمە ڕایگەیاند کە کەشتی نووحی دۆزیوەتەوە و وێنەشی گرتووە (ڕوانە وێنەی ١١) لەو دەمەدا ئەو هەواڵە دەنگێکی زۆری لەمێدیاکان دایەوە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی، وای لە دەوڵەتی تورکیا کرد بەفەرمی ناو لەو شوێنە بنێ (گەنجینەی نیشتمانی)[1].

بەڵام ئەوەندەی نەبرد، دوای ماوەیەکی کەم پسپۆرانی باڵندەناسی و فوسیلناسی کەوتنە گومان، چونکە وەیات لە مێدیاکان ڕایگەیاند، بزماری لە بەردی دۆزیوەتەوە، کە بە درێژایی ئەو ماوە دوورو درێژە، ئەو بزمارە ئاسنانە بوونەتە بەرد.

ئەو ڕاگەیاندنە پێچەوانەی سیستەمی زانستی سرووشتە، چونکە بە پێی زانست ئاسن نابێتە بەرد، ئەو شوێنەوارەی کە وەیات دۆزیویەتییەوە، بریتی بوو لە شاخی ئاسایی ناوچەکە و پێکهاتەی بەردەکانیشی هەر هەمان بوون.
ئەوەی زیاتر پسپۆرانی لێتۆژینەوی جیۆلۆژی خستە گومان، ئەوە بوو تەواوی ئەو وێنانەی کە گیرابوون هیچیان لە دۆندی ئارارات نەبوون، بەڵکوو شوینی وێنەکان دەکەونە بناری چیا و دوور لە دۆندی ئارارات(بڕوانە وێنەی ١١). واتە خوارتر.

---

Världens historia 2011 november 07 [1]



وێنەی ١١
ئەو وێنەیە وەیات ڕایگەیاند کە
کەشتی  نووحی دۆزیوەتەوە.
وێنەکە لە موزەخانەی وەیات
هەڵگیراوە.
سەچاوەی ئەو باسەی وەیات و
وێنەکە لە  ماڵپەڕی مێژووی جیهان
وەرگیراوە سەرچاوە:
Vardenshistiria.se

ئەوەش دەبێتە جێگای گومان، کە  ئەوە شوێنەواری ئەو کەشتییە بێ کە لە تەورات باسی کراوە.[1]

سەبارەت بەوێنەکانی کە تیمەکەی وەیات گرتبوونی، فاروق الباز سەرۆکی شرۆڤەی سەردەمەکانی دوور و کۆنەکان لە زانکۆی بۆستن. لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی دا، ڕایگەیاند دیندارەکان، لە لێکدانەوی وێنەکان بێلایەن نین. ئەو وێنانەی من بینیومن بریتین لە دیمەنی سرووشتی ئەو بەشەی کە هەندێک لە بەشەکانی تر جیاوازە، بۆ من ئەو شوێنانەی وێنەکان دیمەنی ئەو شاخانەن کە دەکەونە بەر نسار (سێبەر) و تارماییان لە شوێنەکانی تر

[1] National Geographi news 2006 july 06

زیاتره. ئەگینا وێنەی سرووشتین و هیچ جیاوازییەکی نامۆ بەدی ناکرێ. بۆیە گومانمان لە سەر دروستی وێنەکان هەیە کە بۆ مەبەستی تایبەتی بەکار هێنرابن.[1]

ئەوەی جێگای سەرنجە هەرچەندە بنکە زانستییەکانی جیۆلۆژی وڵاتان هەوڵیاندا، مۆڵەت لە وەیات وەربگرن، بۆ ناردنی تیمی پسپۆری بێلایەن، کە لە نزیکەوە پشکنین لەسەر دروستی دۆزینەوەکەی بکەن. کەچی تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ ڕێگایان نەداوە هیچ تیمێکی زانستی جیۆلۆژی بێلایەن سەر لەو شوێنەوارە بدا. تا بتوانن بە هۆی ئامێری مۆدێرن و پسپۆرانە هەڵیسەنگێنن.

دوای ساڵانی ٢٠٠٠ لە هەڵدانێکی تردا بۆب کۆڕنەک (لەدایک بووی ساڵی ١٩٥١و سەرۆکی ئەنیستوتی گەڕان بەدوای شوێنەوارەکانی ئینجیل). کۆڕنەک خاوەنی هیچ زانیارییەکی فەرمی لە بواری شوێنەوارناسی و جیۆلۆژی نییە. بەڕای کۆڕنەک کەشتی نووح نابێ لە ئارارات بێ، بەڵکو ئارارات تەنیا ئاڕاستەی ڕەوتی کەشتی دیاری دەکا. کۆڕنەک پێیی وابوو دەبێ کەشتی نووح لە دوورتر بێ، وەک ڕایگەیاند دەبێ لە تاقی سولەیمان بێ لە زنجیرە چیای البورز لە ئێران.

لە ساڵی ٢٠٠٦ هەوادارانی ڕایانگەیاند کە کۆڕنەک کەشتیەکەی دۆزیوەتەوە. هەندێ داری بە فوسیل بووی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە ئەمەریکا، وایان ڕاگەیاند کە داری کەشتییەکە بە درێژایی ئەو ماوەی هەزاران ساڵە گۆڕاوە بۆ بەردی تاریک و هەندێ تەلیسە بەردیان بڵاوکردەوە کە گویە تەختە داری کەشتییەکەن. بەڵام نەک هەر تیمەکانی جیۆلۆژی، بەڵکوو پسپۆرانی لایەنە دینییەکان، کە خۆیان خەریکی گەڕانبوون گومانیان

[1] Tresvel

خستە سەر. چونکە بەپێی لێکدانەوەی پرۆسەی جیۆلۆژی مەحاڵ بوو، دار ببێتە بەرد. هەر بۆیە ئەو بۆ چوونەی کۆڕنەکیان ڕەتکردەوە. ناشنال جیۆگرافیش لە ماڵپەڕی خۆی گومانی خستە سەر و بە توندیش ڕەخنەی لێگرت.[1]

ساڵی ٢٠٠٦ پرۆفیسۆر پۆرچەر تایلۆر لە زانکۆی ڕیچمۆند ڕایگەیاند. بەپێی و ێنەی زۆری چەند ساڵ کارکردن، دەردەکەوێ لە چیای ئارارات تەنێکی نامۆی داپۆشراو هەیە، کە دەکەوێتە بەشێ باکووری ڕۆژهەڵات. درێژێ ئەو تەنە تەواو لەگەڵ کەشتی نووح کە لە تەورات باسکراوە دەگونجێ[2]

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو باسە، لە جێی خۆیەتی باسێکی ئەو توێژانەی زەوی بکەین، کە چیاکانی ئەو ناوچەیە دروست دەکەن.
ئاساییترین توخمەکانی کە توێژی زەوی دروستدەکەن، بریتین لە ئۆکسجین و کلس (قسڵ) دوای ئەوەش ئەلەمنیۆم دێ. بەگشتی ٨ توخمی بنەڕەتی توێژی زەوی پێکدێنن. ئەو ٨ توخمە پێکەوە ٪٩٨ ی توێژی زەوی بەردینی لەشێوەی چیاکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدێنن. لەوانە ئارارات و زنجیرە چیای البورزیش دەگرێتەوە.

ئەوەی کە چیای ئارارات لە چیاکانی تری ئەو ناوچەیە جیادەکاتەوە ئەویە، ئەو چیایە لە ئەنجامی تەقینەوەی بورکانەکانی ماوەی چاخی چوارەم (چوارین) کە پێش ٢،٦ ملیۆن ساڵ دروست بووە. واتە پێکهێنەری سەرەکی بەردو شاخی ئارارات بریتییە لە ماگما.
شاخ و بەردی دوای بوڕکان (ماگما). لە ئەنجامی بە کریستاڵ بوونی بەرد و ماتریالی تواوەی دوای تەقینەوەی بوڕکان دروست دەبن. ئەوانەش تێکەڵاوییەکە لە ئەو ماتریالانەی کە بە هێزی گەرمی ٧٠٠ تا ١١٠٠ پلەی گەرمی لە قووڵایی دەروونی زەوی دەتوێنەوە ودوای

---

[1] Geobastard 2010 april 26

[2] Epoch time 2008 august 11

پاڵەپەستۆییەکی زۆر بەهێز تەکان دەدەن و دەبنە هۆی تەقینەوە. جا وەک هەویرێکی زۆر شل بەسەر زەوی دەوروبەری بورکاندا دەڕژێ.[1]

لەبەر بەهێزی و خێرایی بە هۆی پاڵەپەستۆ، ماتریالی دەرچوو پێڕاناگات هەمووی بتوێتەوە، بۆیە ماگما تەنیا شلەی تواوە نییە و تێکەڵاوی توێژی شاخ و بەردی سرووشتی ناوچەکەش دەبێ.[2]
ئەو بەردانەی کە دۆزراونەتەوە و گوایە پاشماوەی کەشتی نووحن، هەمان پێکهاتەی ئەو توخمە بەردانەن کە شاخەکانی چیای ئاراراتییان لێ پێکهاتووە. واتە شاخ و بەردی ماگما و سرووشتین. ئەوەش شتێکی ناوێزە نییە بۆ بەرد و ماتریالی تری ناوچەی ئارارات و هەموو ناوچە بورکانییەکانی تری گۆی زەوی.

هەرچەندە وەیات ڕایگەیاند کە مێخی (زمار) دۆزیوەتەوە و بەپێی تێپەڕبوونی ئەو ماوە دوورە گۆڕاوە بۆ بەرد.
بەڵام هەرزوو لەلایەن پسپۆرانی جیۆلۆژی و شوێنەوارناسی ڕەتکرایەوە کە ئاسن بگۆڕێت بۆ بەرد. لەبەر ئەوەی ئاسن ژەنگ هەڵدەگرێ و بە ماوەیەکی دوور و درێژ دادەخورێ و نامێنێ.

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەو شوێنەوارەی کە وەیات دۆزیویەتییەوە. وای ڕاگەیاند کەئەوە شوێنەواری کەشتی نووحە. دەبێ لەدار و بزمار و جەو دروس تکرابێ و بەپێی کات تێپەڕبوون بووبێ بە بە رد. با بەراوردێک بکەین لە نێوان لەلایەک پێکهاتەی شوێنەوارەکە و لە لایەکی تر ئەو کەرەستەی کە کەشتی لێ دروسکراوە .

---

[1] Geologi – Finland
[2] ئێنسیکلۆپەدیای نیش تمانی - سوێدی NationalEncyklopedin

داری پەیکەری کەشتییەکە ڕاستە بەپێی تێپەڕبوونی کات دەبێتە فوسیل نەک بەرد. ئەو فوسیلەش بەستراوەتەوە بە چەند فاکتەرێک.

یەکەم شوێنی داری بە فوسیل بوو ووشکانییە یان ئاوداره. دووەم ئۆڕگانەکانی ئەو زەوییەی کە دارەکەی لێ کەوتووە چین؟، کە بەپێی کات بەرە بەرە دادەخورێنە ناو لەشی دارەکە. جا لەهەر لایەکەوە ئەو ئۆرگانانە بە یارمەتی هەوا و شێی ئەو زەوییە، شێوەو پێکهاتەی ئەو فوسیلە دروست دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەر فوسیلە و نابێتە بەردێکی سرووشتی. کە ئەوەش بە ڕوونی لە پەیکەری ئەو شوێنە دیارە کە بەردی سرووشتییە نەک بە فوسیل بوونی دار و جەو و پێستە.

پسپۆرانیش لێکدانەوەیەکی ناوچەکەیان بە گشتی کردووە و دەئەنجامەکەی، دروست پێچەوانەی تیمەکەی وەیاتە. هەر بۆیەش بوونی ڕاستی لەو ڕاگەیاندنە ڕەتدەکەنەوە. بەڵام بۆ لێتۆژینەوەیەکی مەیدانی لە نزیکەوە ئەستەمە بۆ پسپۆرانی جیۆلۆژی. ئەوەش لەبەر ئەوەی وەیات و تیمەکەی و لایەنە دیندارەکان ڕێگا نادەن پسپۆرانی جیۆلۆژی لە نزیکەوە ئازموون لەسەر ئەو فوسیلانە بکەن. ئەوەش زیاتر گومان لەسەر دروستی دەرئەنجامەکانی گەڕانە مەیدانییەکەی وەیات و تیمەکەی دادەنێ.

# بەشی چوارەم

## ١. لێتۆژینەوەی زانستی سەبارەت شوێنەواری لافاوی نەفرین

ئەو بەشە بریتییە لەو هەوڵ و لێتۆژینەوە زانستیانەی، سەبارەت بە شوێنەواری ئەو داستانە کراوە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی.
هەرچەندە لایەنە دینییەکان، تائێستاش هەر خەریکن پینەو پەڕۆ بۆ ئەو ئەفسانەیە دەکەن. دەیانەوێ وەک پەڕجوویێک توانا و گەورەیی خودا پیشانی خەڵکی بدەن. بە دەیان تیمییان پێکهێناوە و ناردۆتە ئارارات، تا شوێنەوار و چۆنیەتی کەشتییەکە لەوێ یان هەر شوێنێکی تر بدۆزنەوە. بەڵام تەواوی هەوڵەکانیان بە فیڕۆچووە و نەیانتوانیووە بە کردەوە پیشانی بدەن یان گرووپێکی زانستی بانگهێژ بکەن بۆ سەلماندنی ئەو بەلگانەی کە خۆیان باسی دەکەن. هەروەها ئەو چیرۆکانەی لە تەورات باسدەکرێن بە کردەوە پشتڕاست بکەنەوە. لەلایەکی تریش خەڵکانی زۆری دیندار کە لە خۆیانن داستانەکە بە ئەفسانە دەزانن. و دان بەوە دادەنێن، تاکە بەرگریان ئەوەیە، کەئەوە ڕێگایەکە خودا گرتوویەتییە بەر، بۆ ترساندن وگێڕانەوەی مرۆڤ بۆ خوداپەرستی.

لە مەیدانی زانستی، توێژەرانی پسپۆر لە بوارە جیاجیاکاندا دەستەوەستان نەوەستاون. هەمیشە گومانی ئەوە هەبووە کە دەبێ کارەساتێک روویدابێ و بنەڕەتێکی بۆ ئەو داستانە پێکهێنابێ. جا ئەو ڕووداوە چی بووە کەوا مرۆڤایەتی، تا ئێستا نە لەبیری چووە و نە

پەیشیّ پیّ بردووە. بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ، پسپۆران خۆیان پێوە سەرقاڵکردووە. ئەو سەوداسەرییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەمان داستان لە زۆربەی هەرە زۆری شارستانییە دێرینەکانی جیهان هاتووە. (بڕوانە بەشی یەکەمی ئەو باسە) ئیتر ڕووداوەکە چی بووە و چۆن ڕوویداوە، ڕەنگە کاریگەری لەسەر ڕەوتی پەرەسەندنی سرووشت و کۆمەڵایەتی مرۆڤ هەبووبێ. بۆیە وا بە بەربڵاوی، هەزاران ساڵە چی بەهۆی دەماودەم گێڕانەوە یان لە نووسراوەکانی شوێنەوارناسی ماونەتەوە. لەوانە لاوژەی گلگامش.[1] هەر بۆیەش بووەتە هۆکاری سەوداسەری هەڵێنانی ئەو مەتەڵەی, بە درێژایی مێژوو مرۆڤایەتیی بەخۆیەوە خەریک کردووە. پشکێنن و هۆکار و دەرئەنجامەکانی لە ڕێگەی بەڵگەی زانستیەوە بسەلمێنن یانیش ڕەتیکەنەوە. چیتر بۆ ئەفسانە ئاسای دین، لە بەرامبەر وەڵامی نالۆژیکییانە دەستەوەستان نەبن.

لە بواری جیۆلۆژییەوە دەمێکە سەلێندراوە کە بە درێژایی ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا و و بەردەوام تا دەگاتە ئەو ڕۆژگارە، لە مێژووی پەرەسەندنی سرووشت، کارەساتی وەک لافاو، بورکان و بوومەلەرزە بەسەر زەوی داهاتوون. ئەو کارەساتانە هەمیشە کاریگەرییان لەسەر تۆپۆگرافیای جیهان هەبووە.

پرسی ڕووداوی ئەو لافاوەش کە دەمێک بوو پسپۆرانی جیۆلۆژی و دەریاناسی پێیی ئاشنا بوون. کەم یان زۆر درکیان بەوەکردبوو کە ناوچەی دەریای ڕەش نهێنییەکی گەورەی لە هەناوی خۆیدا حەشارداوە، ئەوەش شوێنەوارناسی بەناوبانگ فرێدریک  یێبیرت لە زانکۆی  پێنسلڤانیا و سەرۆکی تیمی ناشناڵ جیۆگرافیک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا درکاندی[2] .

---

Världshistoria del 1 av 16 [1]

The New York Times 1996 mars 19 [2]

هەر لە کۆتایی سالانی ١٩٠٠ پسپۆران وورده وورده کەوتبوونە چاوەدێری و پشکنین لە دەریای ڕەش و دەوروبەری. لە هەندێ شوێن تا ئاستێک توانیبوویان زانیاری سەرەتایی باش وەدەست بێنن، ئەوەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ هەنگاوی گەورەتر. بەڵام ڕەچەشکێنی ئەو پرسە گەورەیە، لە سەرەتای سالانی ١٩٩٠ چاوەدێری و پشکنینی بە تاوتر کرد. ئەوەبوو دوو پسپۆری بواری جیۆلۆژی لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە ساڵی ١٩٩٣بۆ چاوەدێری جیۆلۆژی، لەلایەن ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی بانگهێژکرابوون بۆ بەشداریکردنی گەڕانێکی جیۆلۆژی لە ناوچەی دەریای ڕەش.

ئەو دوو پسپۆرە لە ماوەی سەردانیان لەلایەن دکتۆر پێتکۆ دیمیترۆڤ لە ئامۆژگای بولگاریای دەریاناسی لە شاری ڤارنا ڕاهێنرابوون. کاتی گەڕانیان بە ناوچەکەدا دکتۆر پێتکۆ ئەوەی درکاند کەکاتی ئاوی دەریای ڕەش بە ڕێژەیەکی زۆر نزم دەبێتەوە، لە قووڵایی نزیکەی ٣٠٠ پێ شوێنی لە شێوەی قەراخ دەریا دەردەکەوێ و شوێنەوارەکانی نا ئاسایی دەبینرێن وەک ئەوە وایە کە مرۆڤی لێ ژیابێ، و هەست دەکرێ کە گۆڕانکاری جیۆلۆژی ڕووی دابێ و ڕۆڵی لەو گۆڕانەدا هەبووبێ، کە بۆتە هۆی جیاوازی لەگەڵ شوێنەکانی تری ئەو قووڵاییە.[1] هەرچەندە ئەو درکاندنە یەکەم جار نەبوو، بەڵام درکاندنەکەی دکتۆر پیتکۆ ئەوەندە بەڕاشکاوانە بوو، کە دەتوانرا سەرەداوی بۆ قوولتر بوونەوە لێ هەڵبگیرێ، ئەگەر نا کەسێکی وا، کەمترین بەگومانی هەبووایە. بەو ئاسانییە ڕای دڵی خۆی نەدەدرکاند. ئەوەش هەنگاوێک بوو بۆ نزیکتر بوونەوە لە ڕوودانی گۆڕانکارییەکی گەورە لەسەر تۆپۆگرافیای ناوچەکە، کە دەبێ کاریگەرییەکی وا گەورەی هەبووبێ لەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی سرووشتی ناوچەکەو کۆمەڵگەدا.

---

[1] The New York Times 1966 december 17

سێ ساڵ دواتر ساڵی ١٩٩٦ پرسی لافاوە گەورەکە و دەیای ڕەش وەک تەقینەوەی بۆمبێک جیهانی زانستی هەژاند. ئەوەبوو دوو زانای دەریاناسی لە زانکۆی کۆلۆمبیا بە ناوی ولیام ڕایان و واڵتەر پیتمان دوای لێتۆژینەوەیەکی بەرفراوانی درێژخایەن کتێبیکی زانستییان بە ناوی (لافاوی نووح) بڵاوکردەوە. ئەو کتێبە وەک یەکەم تیشکی ڕەچەشکێن توانی ڕووناکی بخاتە سەر هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەو ڕووداوە. پەرتووکی (لافاوی نووح) لە دوولاوە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. یەکەم گۆڕینی ڕەوتی لێتۆژینەوە و بە سنووردارکردنی ناوچەکە، بۆ گەڕان بەدوای بەڵگەی زانستی. و خێراکردنی پرۆسەی لێتۆژینەوەکە. دووەم بووە سەرچاوەیەک بۆ تووڕەیی و نەفرەتی لایەنە دینییەکان، کە نە دەیانتوانی پێشیان پێ بگرن. نە دەشیانتوانی بە شێوەیەکی باوەرپێکراو، ڕەتکردنەوەیان بۆ ڕای گشتی روون بکەنەوە.[1]

لە ساڵی ٢٠٠٠ تیمێکی دەریاناسی بە سەرپەرشتی دکتۆر ڕۆبێرت بەللارد کە زەریاناسێکی بەرچاوی ئەمریکییە و هەر ئەویش بوو، یەکەم جار کەشتی تایتانیکی دۆزییەوە، کەوتە کار بۆ پشکنینی ناوچە جیاجیاکانی دەریای ڕەش.

ڕۆبێرت بەللارد توانی لە مانگی ٩ ساڵی ٢٠٠٠ ئەوە تۆمار بکا، کە لەژێر دەریای ڕەش بە قووڵایی ٩٠ – ١٠٠ مەتر شوێنەواری ژیانی مرۆڤ هەیە، شوێنێکی وەک هێلی قەراخ ئاو، وەک سنوور بە دەوری دەریادا درێژ بووتەوە. دوای گەڕانی زیاتر توانیان شوێنی ژیانی مرۆڤ بەدی بکەن[2]. ئەوەش بریتی بوو لە دۆزینەوەی تەختەدار، پاشماوەی کەرەستەی بەرد و گڵینە .... هتد. ئەو دۆزینەوەیە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێ سەبارەت بە ڕووداوێکی گەورەی سەردەمانێکی دێرین، کە بووەتە ئەفسانە وجێگای

---

[1] Dagens Nyheter 2000 september 20 ڕۆژنامەیێکی سویدییە
[2] The Guardian 2000 september 14

مشتومڕ کە بەدرێژایی مێژوو، نەوە دوای نەوە لەگەڵماندایە .کەچی ئێستا خەریکە تیشکی ڕووناکی زانستی پەی پێدەبا[1]
سەرەڕای ئەوە ئەو دۆزینەوەیە دەروازەیەکمان لەبەرەم دەکاتەوە کە وەڵامێکی پێبێ، بەڵام دەرگا بۆ دەیان پرسیاری تر دەکاتەوە. بەکورتی دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەو کارەساتە و ژیان بەر لەو کاتە چۆن بووە، لە بواری زانستی هەنگاوێکی گەورەیە. ئێستا زانستی دەبێ وەڵامی چەند پرسیاری گەورەترمان بداتەوە. ئەو لافاوە چیبوو؟ بۆ ڕوویدا؟ پەیوەندی دەریای ڕەش بەو ڕووداوەوە چییە؟

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لێتۆژەرەوان، دوای ئەو دۆزینەوەیە وەڵامێکی گونجاو و لۆژیکانەدا بدەنە دەست، کە ببێتە هەنگاوێکی ڕەچەشکێن بۆ تێگەیشتنمان لە پەرەسەندنی شارستانییەتی مرۆڤ. ئەو سەردەمانەی گۆڕانکاری ئاو و هەوا بەسەر گۆی زەویدا هات، و کاریگەری خۆی بەجێهێشت. بەڵام کەی بوو؟ چۆن بوو؟

دوای سەرکەوتنی تیمەکەی ڕۆبێرت بەللارد وەک زەریاناس و دۆزینەوە مەزنەکەی، کارەکەی فراوانتر بوو و پێویستی بە پسپۆری جیۆلۆژی و کەشناسی، بە تایبەتی "ناشناڵ جیگرافیک سۆسایەتی" کە توانایەکی لەبن نەهاتووی هەیە، بووە بەشێکی گرنگ بۆ بەردەوام بوون لەسەر گەڕان و پشکنینی هەمەلایەنەی زانستییانە، لە لایەکی تر هەر لە پەرتووکەکەی ڕایان و پیتمان بەڵگەی زانستی لەسەر ئەوە هەیە کە بەڕاستی ئەو لافاوە ڕووی دابێ.

لە ٥٦٠٠ ساڵ پ.ز ئاوی دەریای ڕەش هێشتا ئۆرگانیزمی ئاوی (شیرین) سازگاری تێداهەبووین. دوای ئەوە ئۆرگانیزمی ئاوی سوێر دەستی بە زیاد بوونکردووە. سەرەڕای

---

[1] Historic Mysteries 2016 august 29

ئەوە لێتۆژەرەوان پێیان وایە کە جێگای نیشتەجێیی خەڵکی لە قووڵایی نزیکەی ٩٠ - ١٠٠ مەتری ژێردەریای ڕەشی ئێستا هەبووە.

هەندێ لێتۆژەرەوەی تر وای بۆ دەچن کە دەبێ سوێربوونی ئاوی دەریای ڕەش ماوەیەکی درێژی خایاندبێ، ئەوەش ڕێک پێچەوانەی ئەو لافاوەیە، کە لە کتێبە دینییەکان و شارستانییەتە کۆنەکان باسی دەکرێ. کە بەو خێراییەوە ئاوی هەموو جیهان بەرزبووبێتەوە. لە هەمانکات دەبێتە بنەڕەتێک بۆ ڕەتکردنەوەی، بۆ چوونی گەورەیی و خێرایی لافاو مرۆڤایەتی قڕکردبێ.[1]

دوای ئەوە تیمێکی شوێنەوارناسی کە لەلایەن ناشنال جیۆگرافیک، توانی شوێنەواری خانووبەرە لە قووڵایی ٩٠- ١٠٠ مەتر لە ژێردەریای ڕەش بدۆزێتەوە. ئەوەش یەکەمین بەڵگەی زانستییە کە پێش ٧٦٠٠ ساڵ ئەو شوێنە ژێر ئاو کەوتبێ. لەو شوێنە مرۆڤ ژیابێ و پەرسەندنی شارستانییەتێک هەبووبێ. بەڵگەکانیش بریتیی بوون لە پەیکەری خانوو، شوێنەواری ژوور بە ڕووبەری لاکێشەیی ٢٥x١٢ پێ ( نزیکەی ٣،٦ x ٧،٦ مەتر) و کەلوپەلی گڵینەی سوورکراوە و هەروەها کەرەستەی بەردین.

سەرەڕای ئەوە بە هۆی ڕۆبۆت بۆ سکانکردنی (وێنەگرتن) قوولایی ٩٠ مەتری توانییان ئەوە دەستنیشانبکەن، کە سنووری ئاوی دەریای ڕەش پێش لافاوەکە زۆر نزمتر بووە لە بەرزی ئێستای. هەروەها توانییان شوێنی جۆگە ئاو وکشتوکالی و.... هتد لێ بکەن دەکرێ. هەر لەو ئاستەی قوولایی دەریاش چینێکی ئەستوور بە ئێسک و قاوخی

---

[1] الشرق الاوسط ٢٠٠١ يناير ١٣ الرقم ٨٠٨٢

قرژانگ و  حەلەزوونی ئاوی سازگار (شیرین) داپۆشرابوو .کە لەوە بەرزتر دەبووەوە، هی ئاوی سوێر دەستی پێدەکرد.[1]




وێنەی ١٢:
دیمەنی ڕێڕەوی لافاوی  نووح بە پێی بەڵگەنامەی  لێتۆژەرەوانی جیۆلۆژی. لە دەریای ئیجە بە تەنگەی  دەردەنیل بەناو دەریای مەرمەڕە دواییش بە  گەرووی بۆسفۆر بەرەو دەریای  ڕەش دەڕوا

# ٢. هەلستانی ئاوی دەریای سپیی ناوەڕاست

پیێتمان و ڕایان کە چەند ساڵێک بوو خەریکی لێتۆژینەوە سەبارەت مێژووی گۆڕانی ناوچەکە بوون. ئەنجامگیریی کارەکانیان وابوو کە لە چەند شوێنەواری جیاجیا، وای نیشاندەدا کە پێش لە هەشت هەزار ساڵ لەمەوبەر دەریای ڕەش ئاستی لە رووی دەریا زۆر نزمتربووە و دەریاچەیەکی گەورە و ئاوی شیرین و سازگار بووە.

---

The Guardian 2000 september 14 [1]

بەڵگەی جیۆلۆژی ئەوەش نیشان دەدا. کە ئاستی ئاوی دەریای سپیی ناوەڕاست زۆر بەرزتر بووە لە ئاستی دەریای ڕەش.
سەرەڕای ئەوە دەریای ڕەش بە دەشت و دەرێکی بەرفراوان دەوردراوە کە خاکەکەی زۆر بەپیت بووە. هەر بۆیە، ناوچەکەی دانیشتوانی چڕ بووە. کاتی ئاوی دەریای سپیی ناوەڕاست بە خێرایی بەرزبۆتەوە و پاڵەپەستۆی خستۆتە سەر لای باکووری. لە خۆرئاواوە تا خۆرهەڵات. لە نێوان ئەوروپاو تورکیای ئێستا شەق تێکەوت. بەپێی دیاردەی جیۆلۆژیی ئاوەکە دوای شەقبوونی ئەو نزماییانەی زنجیرە چیاکە، لەبەر تەوژمی بەرزبوونەوەی ئاوی دەریای ناوەڕاست و توانیویەتی ڕێڕەوێک هەڵبدڕی کە ئێستا پێیی دەڵێن بۆسفۆر[1]. (بڕوانە وێنەی ١٢)

ئەو تەوژمە بەهێزە توانی ڕێڕەوێک دروست بکات، کە بە قەبارەی ٥٠ کیلۆمەتری شەش پالۆ لە یەک ڕۆژدا، (دوو سەد جار بەقەد تاڤگەی نیاگارا) ئاوی سوێری دەریای سپیی ناوەڕاست بڕژێتە دەشتاییەکانی دەوروبەری دەریای ڕەش. ئەوەش وای کردووە کە لە ڕۆژێکدا ١٥سم لە ئاستی دەریای ڕەش بەرزبێتەوە وهەر ڕۆژێکیش ڕووبەری ١،٥ – ٢ کم بەهەر لایەکدا فراوان بووە و زەوی وزاری خستۆتە ژێر ئاو (بڕوانە وێنەی١٣). ئەو لافاوە بووە هۆی ئەوەی، کە دانیشتوان پێ بە پێ باربکەن. خانوو و زەوی کشتوکاڵ و هەموو کەرەستەی بژێوی بەجێ بێڵن. ئەو کۆچ و ڕەوەش بە شێوەیەکی پەرش و بڵاو بە هەموولایەکدا بووە.

---

[1] The New York Times 2001 mars 19

هەندێک بەرەو خۆرئاوا ڕوویان لە ئەوڕوپا کرد، بە تایبەتی بولگاریا و هەنگاریا و یۆنان. کۆمەڵێکی تر بەرەو باکوور ڕوویان لە ناوچە جیاجیاکانی ڕووسیا کرد و بەشێکی تریان ڕوویان لە ناوچەکانی ئاسیای بچووک (تورکیای ئێستا) و میسۆپۆتامیا کرد.[1]




وێنەی ١٣: ئەو دوو وێنەیە پیشانی دەدەن چۆن لە ماوەی ٢٠٠ ساڵ تۆپۆگرافیای دەریای ڕەش گۆڕاوە

لە ڕۆژنامەی گاردیان دا نووسراوە، ڕووبەری دەشتاییەکانی دەوروبەری دەریای ڕەش کە لە ئەنجامی لافاوەکە داپۆشران، گەیشتە سەد هازار میلی چوارگۆشە (نزیکەی٢٦٠٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیی). ئەو ڕووبەرە بچووکترە لە ڕووبەری پۆلۆنیا ٣١٢٠٠٠ کم$^{٢}$ و گەورەترە لە تەواوی ڕووبەری ڕۆمانیا ٣٩١ ٢٣٨ کم$^{٢}$.[2] لێتوژەرەوان وشوێنەوارناسان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەو لافاوە گەورەیە ئەو ناوچانەی داپۆشیوە. بەڵام بەو خێراییە نەبووە، کە دانیشتوان بە هیچ ڕانەگەیشتبن.

---

Populärhistoria 2001 mars 19 [1]

The Guardian 2000 september 14 [2]

دانیشتوانی ناوچەکانی لافاو، بەرەو هەموو لایەک هەڵاتوون و لە شوێنی تری نوێ نیشتەجێ بووین.کارەساتی لافاویش بە هۆی کۆچ و ڕەوی خەڵکێکی زۆر بەرەو ئاسیای بچووک و میسۆپۆتامیا و لە خۆرئاواش یۆنان بووەتە ئەو ئەفسانانەی لە گشت شارستانییەتە کۆنەکان دەگێڕدرێتەوە. لێرەدا دەردەکەوێ ئەو چیرۆکەی کە لە تەورات هاتووە. دەبێ سەرچاوەی لە کولتوور و شارستانییەکانی ئەو ناوچەیە وەرگرتبێ و بە شێوەیەکی کە لەگەڵ مەبەستی پەیامی دینی دا بگونجێ تۆمارکردووە.

## ٣. بەرزبوونەوەی ئاوی دەریای سپیی ناوەڕاست




وێنەی ١٤

ئەو دوو نەخشەیە پیشانی دەدەن کە ماوەی نێوان دوا سەهۆڵبەندان تا دەگاتە هەلستانی لافاو ٧٦٠٠ ساڵ

بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریای سپیی ناوەڕاستیش دەبێ هۆیەکی هەبووبێ؟. لێرەدا هەڵوێستەیەک دەکەین و دەگەڕێینەوە دوا چاخی سەهۆڵین پێش ٨٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر[1]، ئەو کاتەی ووڵاتانی ئەسکەندەناڤیا بەشی هەرە زۆری بە بەرزی بە بەرزی چەند کیلۆمەتر بە سەهۆڵ داپۆرشابوون، بە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا و گەرمتر بوونی ئەتمۆسفیری سەرتاسەری جیهان، سەهۆڵی ئەو ووڵاتانە دەستی بە توانەوە کردبوو. هەڵبەتە بەرزی ئەو سەهۆڵە زۆرە، هەم کاتی دەوێ و هەمیش شوێنی دەوێ کە بۆی بچێ.

بە هەر شێوەیەک بێ، توانەوەی ئەو سەهۆڵە زۆرە و ڕژانی ئاوی تواوەی بەرەو دەریای ئەتلەنتیک، وادەکا ئاوی دەریای ئەتلەنتیک ئەوەندە بەرز بووبێتەوە و پاڵەپەستۆی خستۆتە سەر لێوارەکانی لە هەموو لایەکەوە.[2] ئەو بەرزبوونەوەش تەکان بە قەراخەکانی خۆی دەدا و ئاستی ئاوی دەریا بە شێوەیەکی چاوەڕووان نەکراو بەرز دەکردەوە (بڕوانە وێنەی ١٥) ئیتر پاڵەپەستۆی خستە سەر گەرووی جیبرالتەر[3] بە ئاڕاستەی دەریای سپیی ناوەڕاست و وای کرد ئاوەکە بە تەوژمێکی توند و پاڵەپەستۆیەکی زۆر گەورە، بەرەو دەریای سپیی ناوەڕاست بڕوا. لەوێشەوە بەردەوامی ئەو تەوژمە بەهێزەو و پاڵەپەستۆ لە زەریای ئەتلەنتیکەوە. بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریای سپیی ناوەڕاست.

ئەو پاڵەپەستۆیە بە هەردوو بەریدا پاڵی دەدا لەلای خوارەوە بەربەستێک نەبوو، چونکە قەراخی نیل بیابان بوو. دەشزانین کە بیابانی میسر لە دەوری نیل، تا بەرەو خوارتر بڕوا بەرزتردەبێتەوە (ڕووباری نیل بە پێچەوانەی ڕووبارەکانی تر تا بەرەو خوارتر بچێ ئەوە بەرزتر دەبێتەوە) و ئاوی لێشاوی لافاوی دەریای سپیی لەبەر نەبوونی بەربەست بە هێمنی ڕادەوەستێ.

[1] Hagman, Olle (2000) Människa, Teknik, Samhälle. Liber. Pp.16

[2] Wilford, John. VVS Svarta havets bevis på syndaflodet

[3] گەرووی جبرالتەر بە عەرەبی دەبێتە (مضیق جبل طارق)




وێنەی ١٥:

ئەوەش نەخشەی دوا چاخی سەهۆڵی و توانەوەی سەهۆڵ کە بوەتە هۆی لافاوە گەورەکە

بەڵام لای سەرەوەی بەرزایی دەبێتە بەربەست و وەک لە پێشتر باسمان کرد، دەروازەیەک هەڵدەدڕی و ئاوەکە بە تەوژم بەرەو دەشتاییەکانی دەوروبەری دەریای ڕەش شۆڕدەبنەوە و کارەساتێک ڕوو دەدا کە دەگمەن بێ لە مێژووی مرۆڤایەتی. دەبێتە هۆی کۆچ و ڕەوی دانیشتوانی ناوچەکە بەرەو هەموولایەک.

# بەشی پێنجەم

# هەڵسەنگاندنی لافاو و کەشتی نووح لە سێ خاڵدا

دوای خوێندنەوەی ووردەکاری لافاو و دووبارە بوونەوەی لە شارستانییە کۆنەکان و ناو پەرتووکی دینەکان، مرۆڤ بیری بۆ دوو پرس دەچێ. پرسی یەکەم ئەو داستانە بە شێوەی ئەفسانە لە تەواوی شارستانییە دێرینەکان دووبارە بۆتەوە. ئەگەرچی کەم یان زۆر تێکەڵاوی لەگەڵ کولتوورەکاندا بووە، کەچی فۆرمی سەرەکی و پەیامەکان وەک کۆپیی یەکترین. هەر ئەوەش دەبێتە هۆکارێک کە دەبێ ڕووداوێک ڕووی دابێ و بووبێتە هۆی دروستبوونی ئەو داستانە ئەفسانە ئاسایە، کە لە تەواوی شارستانییە کۆنەکان و دینەکان دووبارە بۆتەوە. بنەڕەتێک بۆ ئەوە هەیە بمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، کە دەبێ لە پشت ئەو ئەفسانەیە ڕاستییەک هەبێ، کە بوو بێتە سەرچاوە بۆ ئەو لافاوە بەدرێژایی مێژوو، نەک تەنیا لەناو نەچێ بەڵکوو کاریگەرییەکی وای دروستکردبێ، کە بە درێژایی مێژوو مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبێ. وەک وانەیەک بۆ پەروەردەکردن بەکاردەهێنرێ.

پرسی دووەم لێکدانەوەی لۆژیکییە سەبارەت بە ڕووداوی لافاو و گێڕانەوەی. کە ناکرێ بەو شێوەیەبێ کە شارستانییەکان و دینەکان دەیخەنە ڕوو. ڕووداوی لافاویان گەیاندۆتە، ئەو ئاستەی بەرگێکی ئەفسانە لەبەربکرێ. و وەک پەڕجووک بۆ تۆقاندن و تۆبەکردن وەبیر خەلکی بهێنرێتەوە.

لێرەدا بەبێ ڕەچاوکردنی گێڕانەوی شارستانیی یان دینییەکان، لە شێوە و هەلومەرجی پرۆسەی ڕووداوەکە، واتە هەلستانی لافاو و تەوژم و هێزی، کە دەبنە جێیی گومان و پرسیاری لۆژیکی دەوروژێنن. لێرەدا وامان لێدەکا هەلوێستەیان لەسەر بکەین، چونکە مرۆڤ ناتوانێ هەروا بە ئاسانی دەستبەرداریان بێ. بەڵکوو دەبێ لە ڕووانگەیەکی زانستیانە لێیان ووردبیتەوە و بەدوای وەڵامی لۆژیکانە و جێ باوەردا بگەڕێین. جا هەر بۆیە لەو باسەدا، لە سێ گۆشەنیگای جیاوازەوە پرسیار سەبارەت بە پرۆسەیە دەوروژێنین. تا بتوانین ئەو ڕووداوە و ڕەنگدانەوەی لە شارستانییە دێرینەکان و پەرتووکە دینییەکان پیشان بدەین. دووایش بەپێیی لێکدانەوەی زانستیانە تاووتوێیی بکەین. هەروەها هەوڵ دەدەین ئەوەندەی بکرێ بە پێیی توانا لە لایەنی جیاوازەوە تیشکیان بخەینە سەر. مەبەستی سەرەکی لێرەدا، بەراوردکردنێکی هەمەلایەنییە. کە لە کۆتایی ئەو باسە دەگەڕێنەوە سەری

## خاڵی یەکەم:

ئایا ڕێیی تێدەچێ کە ئاو ئەوەندە هەڵستابێ، تەواوی جیهان تا دۆندی چیاکانی داپۆشیبێ؟

بەپێیی داستانەکان دەبێ لە ئەنجامی هەڵستانی لافاوێکی گەورە. ئاستی ئاوی دەریا ئەوەندە بەرز بووبێتەوە کە تەواوی گۆی زەوی داپۆشیبێ، تا دەگاتە ئەوەی دۆندی هەرە بەرزی چیاکانیشی نقووم کردبێ.

هەڵبەتە وەڵامی کەسانی سەر بە ڕەوتەکانی لایەنگیری دینەکانی جوولەکە، کریستیان، لێکدانەوەی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەوان وای بۆ دەچن، لەکاتی هەڵستانی لافاوەکە بە

فەرمانی خودا قووڵایی دەریاکان هەڵکشاون و بەرزبوونەتەوە، کێوەکانیش نزمبوونەتەوە. بەم شێوەیە زەوی تەخت بووە و ڕووبەرەکەی بە بەرزی هەزاران مەتر ئاو داپۆشیوە.[1]

بۆچوونی دووەم هەر لەلای ناوەندی دینی کریستیانی و جوولەکە، پێیان وایە دەبێ لەسەردەمی نووح دا چینە بەرزەکانی ئەتمۆسفێر ئاوێکی زۆری تێدابووبێ، کە ئێستا ئاوی دەریاکان پێکدێنن، ئاوی ناو ئەو ئەتمۆسفێرە تەواوی زەوی داپۆشیبێ. دووایی بە هۆی تەکان و لەرینەوەی زەوی لە ئەنجامی بورکانی بەهێزەوە ڕژابێتە نێو قووڵایی دەریاکان. ئەو گرووپ و لایەنانەی کە باوەڕییان بەم تیورییە هەیە وای بۆ دەچن کە بارا نێکی ئەوەندە بەخوڕەم باریبێ وەک لە تەورات هاتووە (پەنجەرەکانی ئاسمان ئاوەڵا بوونەوە (تەورات دەقی ٧ بڕگەی ١١)) بە هۆی تەقینەوەی هاوکاتی بوڕکانی زۆر لە شوێنی جیاجیا ی جیهان ئاوەکە داچۆڕاوەتە قووڵاییەکانی زەوی و دەریاکانی ئێستای لێ پێکهات.[2]

بۆ چوونی سێیەمی لایەنە دینییەکان بە تایبەتی جێنێسیس کە بنکەیەکی دینی ئەمەریکییە بۆ تۆژینەوە سەبارەت بە تەورات و ئینجیل. ئەوان پێیان وایە کە ئەو شاخ و کێوانە، لەکاتی هەڵستانی لافاوەکە نەبووین، بەڵکوو وای بۆ دەچن کە ئەو چیایانە دوای لافاوی نووح دروست بووین.

لێکدانەوەی پسپۆڕانمان لە بovاری کەشناسی و جیۆلۆژییەوە، هەیە کە بە بەڵگەوە پیشانی دەدا. ئەگەر تەواوی ئاوی کە بە شێوەی هەڵم لە هەوای ئەتمۆسفێری دەوروبەری زەویدا

[1] Epoch Time 2009 augusti 11

[2] Allt om vetenskap 2015 november 17

هەیە، ببێتە ئاو. تەنیا بەشی ئەوە دەکا ئاستی ئاو دوو سانتیمەتر ونیو ( ٢،٥) سانتیمەتر لە تەواوی ڕووی زەوی بەرزکاتەوە. [1]

لە لایەکی تر ئەگەر ئەو هەموو ئاوە کە بەگوێرەی تەورات باسی دەکات لە ئەتمۆسفیر دابووبێ، ئەوەندە قورس دەبێ کە جێگای ژیان بۆ مرۆڤ و هیچ زیندەوەرێکی تر لە سەر زەوی نا مێنێ. لەبەر ئەوەی ئاو ئاستی ئۆکسجینی بە بەراورد لەگەڵ هەوا بەڕێژەی یەک لەسەر (٣٠) سی کەمترە. بە زیادبوونی ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئاو لە هەوادا مرۆڤ هەناسەی تەنگ دەبێ و هەست بە قورسی داکا و ئۆقرەی لێدەبڕێ.

سییەکانی مرۆڤ بۆ هەوا هەڵمژین دروستبوون ئەوەش پێویستی بە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن ساڵ کردووە تا وا بگونجێ. سەرەڕای ئەوە بێجگە لە تەنگە نەفەسی، ئاو لە سییەکان کێشەی تر بۆ گیانداری ووشکانی دروست دەکەن. یەکەم سییەکان بە هیچ جۆرێک ڕێگەی ئاو نادەن و بەرگری زۆر بەهێزە دژی بوونی ئاو لە هەوای هەناسەدا. ئاو سەخت هەڵدەمژرێ بۆیە سییەکانی مرۆڤ توانای هەلمژینی نییە.

لەلایەکیتر ئێمە هەناسەدانمان دوو سەرەیە. یەکەم هەوا هەڵمژین دووەم لەگەڵ هەناسە دانەوە هەوا فڕێ دەدەین. ئەو هەوایەی کە هەڵی دەمژین ڕێژەی ئۆکسجینی زۆر بەرزە کە بە ئاسانی تێرایی لەشی مرۆڤ دەکا و هەمیش چڕی زۆرکەمە. لەش هیچ سەختییەک لە هەناسەدان یان وەرگرتن نابینێ. ئەگەر ڕێژەی ئاو لە هەوا زیاد بکرێ ئەوا، هەم ئاستی ئۆکسجین دادەبەزێ و هەمیش لە ڕادەبەدەر چڕتر دەبێ، بۆیە هەناسەدان ئەگەر مەحاڵیش نەبێ زۆر سەخت دەبێ. جا بەو ڕێژەیەی کە لە تەورات دا باسی دەکا، ئەگەر ئەوەندە ئاو لە ئەتمۆسفیر دابووبێ، مەحاڵە ژیان لەسەر زەوی هەبووبێ. کە دەشزانین ژیان هەبووە.

[1] www.smhi.se/kunskapsbanken . سوێد – ناوەندی فەرمی کەشناسی SMHI

بەپێی لێکدانەوەی ناوەندیە زانستییەکان ئەو هەوایەی کە زیندەوەری بڕبڕەدار لەسەر زەوی هەڵیدەمژێ بەم شێوەیە: ٪٨٧،١ هایدرۆژین ٪٢٠،٩ ئۆکسجین ٪٠،٩ ئارگۆن ٪٠،٠٣٩، دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و گازەکانیتر ٪٠،٠٦١ کەواتە ئەو هەوایەی کە مرۆڤ هەڵیدەمژێ، ئاوی تێدا نییە یان دەگمەنە، بەڵکوو لە هەناسەدانەوەدا هەیە. لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە شێی ناو سییەکان و بۆڕییەکانی قوڕگ تەڕدەکاتەوە.

ئەوە سەڕای لە یەک کیلۆگرام ئاودا بە بەراورد لەگەڵ هەوا نزیکەی ٢٣٠٠٠ جار کەمتر مۆلیکیولی ئوکسجینی تێدایە[1]
هەڵبەتە لە باری زانستییەوە ئەوە بێجگە لە ئەفسانەیەک زیاتر نییە. بە هیچ شێوەیەک ناکرێ زەوی بە کێو و دۆڵ و قووڵایی دەریاکان وەک ئەوە وابێ لە یەک چرکەدا سوژدەیان بۆ لافاو بردبێ.

با لەوەش گەڕێین کە سەر زەوی ناوچەکانی هەر لە ناوەڕاستی ئەوروپاوە بەرەو ڕۆژهەڵات تا داگاتە ناوچەکانی پاکستان و هیندستان بە شێوەیەکی گشتی ئەوەندە بەرز و نزمی تێدایە هەر لە کێوی سەرکەشەوە بگرە تادەگاتە دۆڵی هەزار بەهەزار. دەبێ بارانێکی ئەوەندە زۆر بارییێ، تا بتوانێ کەشتییەکی ئاوا گەورە بەرزبکاتەوە و لەسەر بەرزی ٤ هەزار مەتری لەنگەربگرێ. کەوابێ لۆژیکی ڕوودانی لافاوێکی لە شێوەی دینەکان باسی دەکەن، یان ئەفسانەی شارستانییە دێرینەکان لە کوێ بووە؟ کە لە گشت گێڕانەوەکان زێدەڕۆییەکی ئەوەندە زۆری تێداکراوە و بێجگە لە ئەفسانەیەکی خەیالکرد زیاتر نییە. بەڵام لێرە وازی لێدێنین بۆ ئەوەی بە دوای وەڵامی زانستی دا بگەڕێین، کە دواتر لە کۆتایی ئەو باسە

[1] Lundquist, Anders (2016) Kan människan andas i vatten? Om våra luftvägar och lungor. Lunds Universitet.

دەگەڕێنەوە سەری[1] . جێی خۆیەتی لێرەدا هەندێک بیرکاری سەبارەت بە ئاوی جیهان و لۆژیکی ڕوودانی ئەو لافاوە بخەینە ڕوو.

با وای دابنێین تەواوی ڕووی زەوی تا دەگاتە دۆندی ئارارات (کە بەرزی لە ڕووی دەریاوە ٥١٧٥ مەترە) بە ئاو داپۆرشابێ.

دەریاو زەریاکانی جیهان قووڵایی مامناوەندیان ٣٠٠٠ مەترە .

ڕووبەری جیهان هەموو زەریاکان، ووشکانی، کشوەرەکان لێکدەینەوە قووڵایی مام ناوەندیان ٨٤٠ مەترە.

سەرجەمی ڕووبەری جیهان بە تێکڕایی ئاو و ووشکایی ٥١٠ ملیۆن و ١٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەییە.

دەریا لە سەدا ٧١ ڕووبەری جیهانی داپۆش یووە، کە دەکاتە نزیکەی ٣٦٠ ملیۆن ٤٥٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیی.

کەچی زەوی ووشکانی کە لەسەر ڕووی دەریا بەرزترە ڕووبەرەکەی تەنیا ١٤٩ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەییە. قەوارەی تەواوی دەریاو زەریاکان نزیکەی ١،١ ملیارد کیلۆمەتری شەش پاڵوە

قەوارەی ئەو ئاوەی کە پێویستە بۆ داپۆشینی ڕووبەری زەوی ووشکانی تا دەگاتە دۆندی ئارارات ٢،٥ ملیارد کیلۆمەتری شەشپالوە. ئەوەش لە دوو بەرامبەری ئاوی گشت زەریاکان زیاترە.[2]

---

McLise, Daniel How Works 2016 may 26 [1]

Nurmi, Seppo (2007 – 2010) Myt möter fakta. Kosmiska [2]

با بڵێین ئەو لافاوە لافاوێکی ناوچەیی بووە، و تەنیا دۆڵی میسۆپۆتامیای تا دۆندی ئارارات داپۆشیوە، وەک چۆن سۆمەرییەکان تۆماریان کردووە. ئەوساش دەبێ زەریایەک بەتاڵ کا. سەرەڕای ئەوە ئەو ئاوە بەس نییە تا بتوانێ بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لەسەر چیا مابێتەوە.[1] ئیتر ئەو پرسە لێرەوە بۆ خوێنەر بەجێ دێڵین.

## خاڵی دووەم

### هاوسەنگی کەشتی نووح و تەوژمی لافاوەکەیە.

ئایا بە پێی یاسای فیزیا، چۆن کەشتی نووح توانی لەبەر تەوژمی بارانی بە خوڕ و هەڵستانی ئاوی سەرچاوەکانی سەر زەوی خۆی ڕابگرێ؟

ئەو پرسە بەڕای من زیاتر جێگای هەڵوێستەکردنە. ئەویش هاوسەنگی کەشتی نووح لەو لافاوە بە هێزەدا جێگای پرسیارە. بە پێی تەورات دەقی ٧ بڕگەی ١٢، دەبی باران چل شەو و چل ڕۆژ بەخوڕ باریبێ. دوای ئەوەش کەشتی نووح ماوەی ١٥٠ ڕۆژ لەسەر ئەو ئاوە بێ ئامانج سووڕابێتەوە (تەورات دەقی ٨ بڕگەی ٣). بارانی بەخوڕی ئاسمان و هەڵقوڵانی لەڕادە بەدەری سەرچاوەکانی تەواوی جیهان، دەبی لافاوێکی ئەوەندە بە تەوژمی دروستکردبێ کە هیچ تەنێ ئەگەر زۆریش قوڕس و فراوان بوویی نەیتوانیووە هاوسەنگی خۆی ڕابگرێ.

---

[1] Nurmi, Seppo (2007 – 2010) Myt möter fakta. Kosmiska

هەر لە قوتابخانەی بنەڕەتییەوە، لە وانەی فیزیا ، قوتابی فێری ئەوە دەکرێ، کە سەقامگیری تەن بەستراوەتەوە، بە هاوسەنگی لە نێوان چەقی قورسایي و هێلی ستوونی ناوەڕاستی تەن. ئەو دوو فاکتەرە لە هەر تەنیکدا پێکەوە دەتوانن هاوسەنگی و سەقامگیری تەنەکە ڕابگرن. لە باو وبۆرانی لافاوێکی وا مەزن دا، چۆن کەشتی نووح ئەوەندە بەهێز و پتەو بووە کە بەرگەی ئەو هەموو لافاوە، لەو ماوە دورودرێژەدا بگرێ. خۆ ئەگەر لاربوونەوەی کەشتییەکە بگاتە ئەو پلەیەی ،کە هێلی ستوونی تەن (کەشتی) لە چەقی قرسایي دەربچێ، ئەوا هاوسەنگی کەشتییەکەش تێکدەچێ و وەردەگەڕێ (بڕوانە وێنەی ١٦). لاربوونەوەی نابێ بەپێی یاسای فیزیا لە چەقی قورسایي دەربچی. بۆ زانینی زیاتر بە سەدان وێنە لە ئینتەرنێت هەیە، کە چۆن کەشتی هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدات، و دەبێتە هۆی کارەساتی نەخوازراو ( بڕوانە وێنەی ١٧). بەپێی لۆژیک جێگای باوەڕ نییە کەشتییەکەی نووح توانیبێتی ئەو ماوە دوور و درێژ لەسەر ئەو لافاوە توندو تیژە هاوسەنگی خۆی ڕابگرێ. هەروەها بتوانێ لەبەر شەپۆلی بەهێز و خێرایي ئەو لافاوە گەورەیە بەبێ گرفت بمێنێتەوە.




وێنەی ١٦

دەرچوونی هێلی ستوونی ناوەڕاستی تەن لە چەقی قورسایي. بەراوردێکی نێوان وێنەی ١ و ٣ بکە.

کەشتیي نووح بە پێيي گێڕانەوەی تەورات لەسەر ئاوێکی بە تەوژم کە زەوی و ئاسمانی تێکگژاندووە، سووڕاوەتەوە. خۆدی تەورات دەڵێ چل شەو و چل ڕۆژ بێ ئامانج لەسەر ئاو دەسووڕایەوە. ئاو جێگیر نییە بەتایبەتی ئاوی زۆر بە تەوژم.



وێنەی ١٧

کاتێ کەشتی بەپێی یاسای فیزیا هاوسەنگی لەدەست دەدا . (ئەو کەشتیە ڕۆسێلا نییە بەڵکوو تەنیا وەک نموونە بۆ ڕوونکردنەوە دانراوە).

گشت ئامارەکانی کەشتیڕانی ئاماژە بەوە دەکەن، کە بە سەدان کارەسات لە کەشتیڕانی سالانە ڕوودەدەن و تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ بە دەیان کەشتی لەبەر باو وبۆڕان سەرەونگوون دەبن.  بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە لەبەر دەستدان ئەو کەشتییەی لە سەر کێوی ئارارات دۆزراوەتەوە.[1] ئەو توانایەی تێدانییە، کە بەرگەی کەش و هەوایەکی لەو جۆرە بگرێ.

بەپێی تەورات و ڕەوتە دینییەکان کە پێشتر باسکرا. دەبێ پێوانەکەی بەم شێوەیەبێ: درێژی کەشتییەکە ١٣١ مەتر، پانی (بەرینی) ٢٢ مەتر و بەرزی ١٣ مەتر.  واتە تەواوی ڕووبەی کەشتییەکەی نووح دەکاتە ٢٨٨٢ مەتری دووجا (چوارگۆشەیی) بووە.

[1] لەم ڕۆژگارەدا، بەهۆی لافاو و کارەساتەکانی تری سرووشتی هەر ڕۆژە کەشتی زۆر باشتر و بە تەکنیکی نوێتر تووشی نقووم بوون یان تێکشکان دەبن.

که بەرزییەکەشی ١٣ مەتر بووە لە دوو نهۆم پێک هاتووە، جا ئەو دوو نهۆمە تەویلەیەکی گەورە و بەرزە یان ئەمباری پڕە لە دانەوێڵە و خواردن بە هیچ شێوەیەک باس ناکرێ. بۆ دڵنیا بوون لەو کارە باشترین ڕێگا وابوو کە کەشتییەکی بە ئەندازەی کەشتی نووح، وەک چۆن لە تەورات باسکراوە بدۆزرێتەوە. ئەوەش بۆ ئەوەی بتوانرێ بەراوردێکی وای پێبکرێ، تا دیمەنی لافاو و کەشتی بەو شێوەیە بخاتە ڕوو، کە خوێنەر خۆی بە ئاسانی ئەنجامگیری بکا.

دوای گەڕانی زۆر، نزیکترین کەشتی کە لە ئەندازەی کەشتی نووح نزیکبێ، کەشتییەک بوو، لە نێوان وولاتی سوێد و دوورگەی گۆتلاند هاتوچۆ دەکات. و سەر بە کۆمپانیای ڤایکینگی سوێدییە ناوی م/س ڕۆسێللا-یە (بڕوانە وێنەی ژمارە ١٨).




وێنەی ١٨: M/S Rosella
درێژی ١٣٦،١١
پانی ٢٤،٢٤مەتر
ئەو کەشتییە بریتییە لە ٨ نهۆم ١٨٠٠ کەس و ٣٤٠ ئۆتومبێل هەڵدەگرێ

کەشتیی ڕۆسێللە نزیکترین ئەندازەی هەبوو کە بتوانرێ لەگەڵ کەشتییەکەی نووح وەک تەورات باسی دەکات بەراورد بکرێ. کەشتی م،س ڕۆسێللە هەر جارێک ڕەشەبا و بوورانیکی توند هەڵبکا ئەوا لە بەندەر دەوەستێ. ئەویش لەبەر ئەوەی دەزانن سەرەڕای ئەو قورسایییەی لەسەرییەتی ئەو ڕەشەبا توندانە هاوسەنگی تێکدەدا. هەرچەندە مۆدێرنترین

مۆتۆرو هەموو ئامێرێکی ئاگادارکردنەوە و ڕاداری هتد .... تێدایە تائێستا دوو جار لە ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٣ لەبەر تەوژمی با لە ناوەڕاستی دەریای بەلتیک توشی گرفتی نا هاوسەنگی بووە و (بڕوانە وێنەی ١٨) هاواری (مەی دەی) بۆ یارمەتی کردووە[1]

بە بەراوردێک خوێنەر بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێ کە ئەو کەشتییەی گوایە نووح پێیی بەسەر لافاوی تاوان کەوتووە و دوایی لەسەر دۆندی ئارارات چەقیوە . بەپێی لۆژیک ناتوانێ برگەی ئەو هەڵومەرجە بگرێ. ناکرێ کەشتییەکی وا سەرەتایی کە تەنیا لە دار و چەرم و جەو دروستکرابێ و بەرگەی ئەو هەموو تەوژمی شەپۆلە بەهێز و تیژانەی گرتبێ کە بە پێیی داستانە ئەفسانەییەکان دەیگێنڕەوە ڕوویدابێ.

## خاڵی سێیەم

گەورەیی کەشتییەکە و قورسی ئەو بارەی کە هەڵی گرتووە.

ئایا دەگونجێ کەشتی نووح بەو قەبارەی خۆی ئەو هەموو بوونەوەر و کەرەستەی ژیانیانی هەڵگرتبێ ؟

ئەو خاڵە گرنگی کەمتر نییە لەخاڵەکانی تر. بەلای منەوە گرنگییەکەی لەوەدایە، بەپێیی داستانەکانی بابلی و دینە ئیبراهیمییەکان، دەبێ ڕزگارکەر جا نووح یان هەر ناوێکی تری هەبێ. لە هەر بوونەوەرێک جووتێکی نێر و مێیی سوواری کەشتییەکەی کردبێ. ئێمە دەزانین کە بوونەوەری جیاجیا لە سەتاسەری جیهان ئەوەندە زۆرن کە لە هیچ کەشتییەک جێگایان نابێتەوە.

---

[1] Fakta om Fartyg www.faktaomfartyg.se/rosella-1980.html

ناوەندی جێنێسیس ژمارەیان بە ١٦ هەزار دادەنێ و دەنووسێ کە یەک لەسەر سێیی کە شتیەکەی پێ پڕکراوەتەوە. بەپێی تەورات خودا ئەوەندە تووڕە بووە یەک یەک ناوی بوونەوەرەکانی هێناوە مرۆڤ، گشت جۆرەکانی گیانداری چوارپێ، خشۆک، قرژانگ، باڵندە ... هتد. چونکە دەیەوێ لەسەر خراپەی مرۆڤ سزای تەواوی زەوی بدا.

هەرچەندە ڕێیی تێناچی تەنیا ئەو ژمارەیە بێ کە ناوەندی جێنێسیس دیاری کردووە ،سەرەڕای ئەوەش نە نووسراوە کە ئەو ١٦ هەزار بوونەوەرە هەردوو ڕەگەزن (نێر و مێ). یان لە هەر ڕەگەزەی ١٦ هەزارە. هەڵبەتە ئەوەش دیارناکا کە یەک لەسەر سێیی تەواوی کەشتی چەندە. تەنیا یەک نهۆم بۆ ئەو گیاندارانە تەرخانکراوە. یان هەردوو نهۆمی هەرچەندە لە هەردوو بارەکەدا ئەستەمە و جێیی باوڕ نییە.

ئەگەر بە شێوەیەکی سەرپێیانە ووردبوونەوەیەکی بۆ بکەین شتەکان نایەتەوە سەریەک. بۆ؟ بۆ نموونە فیل بە پێیی مالپەڕی فاکتە بە زمانی سوێدی کێشی دەگاتە ١٠،٨٦٦ کیلۆ واتە نزیکی ١١ تەن. زورافە کێشی دەگاتە نێوان ١١٠٠ تا ١٩٠٠ کیلۆ[1] ئەوە بگرە بە هەزاران بوونەوەری تر کەم یان زۆر قورساییەکی گەورەیان هەیە بۆ نموونە کەرکەدەن، مامووت ،گامێش، ئەسپ و ...هتد.
پرسەکە لەوەدایە ئەو هەموو هەزاران بوونەوەرە چۆن لە ڕووبەری یەک لەسەر سێیی ٢٨٨٢ مەتری دووجا جێگای دەبێتەوە. ئەوا قورسییەکەشی هەر ناڵێم چونکە دووبارە دەبێ بگەڕێمەوە یاسا فیزیاییەکە.
هاوکێشەی نێوان قوڕسایی کەشتی بەو هەموو بارەوە و فراوانی ڕووبەری دەبێ لەگەڵ یەک بێتەوە. چونکە وەک یاسایەکی نەگۆڕ هەمیشە دژ بەیەکن، ئەوەش لە سیستەمی کەشتیڕانی جوان دیارکراوە، کە هەر کەشتییەک دەتوانی چەند هەڵبگرێ، زۆریش بە

---

[1] Fakta om djur

توندی پەیڕەوی دەکەن. ئەوەش کێشەیەکە کە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ دەبێتە بەربەست بۆ کەشتیڕانی و چارەسەریشی زۆر سەختە چونکە بە یاسا دیارکراوە، بەڵام لە کاروباری ڕۆژانە هەمیشە کێشەیە.

بە هەرحاڵ خۆ ئەو کەشتییانەی سەدان ساڵە لە دەریاوانی بەکاردێن، زۆریان لە کەشتییەکەی نووح گەورەترن. سەرای ئەوەش هەر ساڵێک بە سەدان کەشتی، دەریاوان، کرێکار و ڕێبوار ... دەبنە خۆراکی دەریا.

ئەو سێ خاڵە هەر یەکیان بە تەنیا یان پێکەوە گرفتی گەورە بۆ بوونی لۆژیک لە گێڕانەوەی داستانی لافاوی نووح دروست دەکەن.

هەر ئەوەش وامان لێدەکا، گومان لە دروستی تەورات و ئینجیل و قورئان و هەموو دین و ئەفسانەکاندا بکەین. بە پێی هەرسێ خاڵی سەرەوە لە بواری زانستی سەلمێندراوە کە بوونی ڕووداوێکی لەم شێوەیە ئەستەمە.

# بەشی شەشەم
# پرسی لافاو و بەراوردێک لە نێوان دین و زانست

لە جێگای خۆیەتی بەراوردێک لەنێوان دین و زانست، سەبارەت بە مێژووی دروستبوون و پەرەسەندنی جیهان بکەین. ئەوسا هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕووداوی لافاوی تاوان بکەین. تا ڕێ خۆشکەربێ بۆ بەدواداچوونێک سەبارەت بە پەرسەندنی مێژوویی سرووشت و ڕووداوەکانی. بەڵام بەر لەوە دەبێ ئالنترەتیڤی تر بدۆزینەوە، تا ئەو بەراوردە بە شێوەیەکی بنەڕەتی و بابەتییانە باسی لەسەر بکرێ. بەڵگەکان بەپێی لۆژیک و زانستیانە هەڵسەنگێنی. لەو بابەتەی ئێمەشدا سەبارەت بە لافاوی تاوان و کەشتی نووح دەبێ ئەو بەراوردە لە نێوان لە لایەک ئەو بەڵگانەی دین کە تەورات باسی دەکات و ئینجیلیش بە پیرۆزی دەزانێ و قورئان دووبارەی کردۆتەوە. لەلایەکی تریش لێتۆژینەوە زانستییەکانی جیۆلۆژی و شوێنەوارناسی و زەریاناسی کە لە سێ لایەنەوە دەرئەنجامەکانی یەکتری پشتڕاست دەکەنەوە. ئەوسا دەتوانی لە گۆشەنیگای جیاواز دیمەنی بەرفراوانی ڕووداوەکە ببینین.
دوای ئەوە دەتوانین بگەینە دەرئەنجامێکی بنبڕ و هەمەلایەن.

با لەو بەڵگانەوە دەستپێبکەین، کە ناوەندە دینییەکان بە پێی تەورات وەک بەڵگەی حاشا هەڵنەگر خراونەتە ڕوو. دواتریش چۆن ڕەنگدانەوەیان لە سووڕەتەکانی قورئانیش دا هەیە.

بەپێی لێکدانەوانەی بنکەی جێنێسیس بۆ تۆژینەوە لە ڕووداوەکانی ناو تەورات، تەمەنی جیهان هەرلە کاتی ئەفراندنییەوە واتە ساڵی (سفر) بە شێوەی خشتە (بڕوانە ئەو خشتەی خوارەوە) لێکدانەوەی بۆ کردووە.

هەڵبەتە تەمەنی هەریەک لە پیاوسالارەکانی ناو ئەو لیستەی خوارەوە. لەو کاتەوە هەژماردەکرێ، کە بووەتە باوک. واتە منداڵی بووە، نەک درێژایی تەمەنی. لەبەر ئەوەی کاتی منداڵ هاتووە باوک کاروباری ڕادەستی کوڕە گەورەکە کردووە. ئیتر خۆشی دوا تەمەنی بە هێمنی ژیاوە.

| ڕووداو | ساڵ | تێکڕای ژیانی |
|---|---|---|
| خودا جیهانی ئەفراند | سفر | |
| ئادەم تەمەنی گەیشتە ١٣٠ ساڵ سمیثی بوو | ١٣٠ | ئادەم ٩٣٠ ساڵ ژیا |
| سمیث کوڕی ئادەم تەمەنی گەیش تە ١٠٥ ساڵ ئێنوشی بوو | ٢٣٥ | سمیت ٩١٢ ساڵ ژیا |
| ئێنۆش کۆڕی سمیث تەمەنی گەیش تە ٩٠ ساڵ قینانی بوو | ٣٢٥ | ئێنوش ٩٠٥ ساڵ ژیا |
| قینان کوڕی ئێنۆش تەمەنی گەیش تە ٧٠ ساڵ مەحەلالێلی بوو | ٣٩٥ | کەنعان ٩١٠ ساڵ ژیا |
| مەحەلالێل کوڕی قینان تەمەنی گەیش تە ٦٥ ساڵ ژێدەری بوو | ٤٦٠ | مەحەلالیل ٨٩٥ ساڵ ژیا |
| ژێدەر کوڕی مەحەلالێل تەمەنی گەیش تە ١٦٢ ساڵ ئێنوخی بوو | ٦٢٢ | ژێدەر ٩٦٢ ساڵ ژیا |
| ئێنۆخ کوڕی ژێدەر تەمەنی گەیش تە ٦٥ ساڵ مێتوسیلاحی بوو | ٦٨٧ | ئینوخ ٣٦٥ ساڵ ژیا |
| مێتوسێلاح کوڕی ئێنوخ تەمەنی گەیش تە ١٨٧ ساڵ لامێخی بوو | ٨٧٤ | مێتوسێلاخ ٩٦٩ ساڵ ژیا |
| لامێخ کوڕی مێتوسێلاح تەمەنی گەیش تە ١٨٢ ساڵ نووحی بوو | ١٠٥٦ | لامێخ ٧٧٧ ساڵ ژیا |
| نووح کوڕی لامێخ لە تەمەنی ٦٠٠ ساڵی دابوو کە لافاوی تاوان هەڵستا | ١٦٥٦ | نووح ٩٥٠ ساڵ ژیا |
| نووح لە تەمەنی ٥٠٠ ساڵی سێ کوری هەبوون بەناوی سام، حام و جافێت. | | |

کاتی نووح لەسەر فەرمانی خودا کەشتی دروست کرد، بە پێی تەورات جیهان تەمەنی ١٦٥٦ ساڵ بووە. هەر هەمان سەرچاوە زیاتر ڕوونی دەکاتەوە و هەندێک ژمێریاری تر دەداتە دەست و پێی وایە مێژووی لافاو ٢٣٤٨ ساڵ پێش زاین بووە بۆیە وای لێکدەداتەوە:

١٦٥٦ + ٢٣٤٨ دەکاتە ٤٠٠٤ ساڵ. بەپێی سەرچاوە دینییەکان دەبێ زەوی ٤٠٠٤ ساڵ پ.ز ئەفرێندرابێ. جا ئەگەر ئەو ژمارەیە لەگەڵ ٢٠١٧ کۆ بکەینەوە. ئەوا تەمەنی

زەوی دەبێتە ٦٠٢١ ساڵ و بە هەمان شێوە دەبێ لافاوەکەش ٤٣٦٥ ساڵ بەر لە ئێستا ڕوویدابێ.[1]

با لێرە هەندێک بوەستین و سەر بەماڵی زانستیش دابگرین. وەک شتێکی ئاشنا دەزانین کە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا وایکردووە، لێتۆژینەوەی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەکان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەتوانێ زۆر بە ووردی شتە شاراوەکان ساخکاتەوە و بەڵگەش بۆ ئەوە زۆرە، کە جێگایان لەم نووسینە نابێتەوە. هە رچۆنێک بێ، با پێکەوە سەرێک لە لێکدانەوەی زانستیانە بدەین بۆ ئەوەی بزانین ڕەوتە دینییەکان تا چەند جێگای متمانەن.

گۆی ئەو زەوییەی کە ئێمە لەسەری دەژین و نەوە دوای نەوە پەرەمان پێێ داوە و توانیومانە لە سرووشتی لێرەوارەوە بکەینە شارستانی و ئەو کێوە سەرسەختانە کەوی بکەین و ژیانێکی مۆدێرنی لەسەر بنیات بنێین. بە هیچ شێوەیەک ناچێتە خانەی لۆژیک کە تەمەنی تەنیا ٦٠٢١ ساڵ بێت. بەڵکوو لێتۆژینەوەکان بە متمانەوە، ئەوەیان سەلماندووە کە تەمەنی گۆی زەوی ٤،٦ ملیارد ساڵە.

بە هۆی پرۆسەی پەرەسەندنی بەردەوامی جیۆلۆژی و گۆڕانی تۆپۆگرافی ڕووی زەوی، بەدیکردنی توێژە هەرە کۆنەکانی لە زۆر جێگا دەگمەنە. هەر بۆیە دوای لێتۆژینەوەیەکی سەرتاسەری دەرکەوت، کۆنترین توێژی بەردینی زەوی کە تائێستا دۆزرابێتەوە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی (هیوستن لای) لە باکووری کەنەدا، ئەو توێژە بەردە تەمەنی دەگاتە ٤،٢٨ ملیارد ساڵ.[2]

---

[1] Wright, David (2012) The Timeline for the Flood. Answers in Genesis 2012 mars 09

[2] Forskning och Framsteg 2008 – December 01 لێتۆژینەوە و پێشکەوتن / گۆڤارێکی لێتۆژینەوەی زانستییە لە سوێد.

لە کیشوەری ئەوروپاش، هەرچەندە مێژوویەکی ئاڵۆزی لە پەیکەری دروستبوونی دا هەیە و زۆر جار دۆزینەوەی توێژی هەرە کۆنی زەوی سەختە، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا زانراوە و سەلمێندراوە، کۆنترین چیاکان دەکەونە باکوور و ڕۆژهەڵاتی فینلەندا و لە بەشی ڕووسیاش نیمچە دوورگەی کۆلا و کارلێن کە تەمەنیان دەگاتە نێوان ٢،٥ تا ٣ ملیارد ساڵ.[1]

کاتێ مرۆڤ بە سەرنجەوە بیر لە ئەو دوو لێکدانەوەیە دەکات. بۆی دەردەکەوێ کە دین و زانست زۆر لێک دوورن. دوورییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی جیهانبینییان. زانست بە شێوەیەکی قووڵ و ڕیالیستانە، ووردەکارییەکانی ئەفراندن و پەرەسەندنی سرووشت دیاردەکات. بەرامبەر بەوە دین لە گۆشەنیگایەکی چەقبەستووی هەزاران ساڵ لەمەوبەر، کە لە بنەڕەتدا سەرچاوەی لە ئەفسانە دێرینەکان گرتووە. دوای ئەوە هەندێ شێوەی دەربڕینی گۆڕانکاری تێداکراوە.

ئەو دوو جیهانبینییەش بە شێوەیەکی لێبڕاوانە، دەبنە بنەڕەت بۆ جیاوازی هەڵوێست و لێکدانەوە لە نێوان کەسێکی زانستکار و کەسێکی دینی.

[1] Nationalencyklopedin ئینسێکلۆپیدیای نیشتمانی / سوێدی

# بەشی حەوتەم

## ١. توێژەکانی زەوی لە ناوەڕاستی ئاسیا و ئاسیای بچووک

دروستبوونی ئەو توێژانەی زەوی کە دەکەونە باکووری هیندوستان و پاکستان تا ئاسیای بچووک. تەمەنیان زۆر کەمترە لە توێژەکانی کەنەدا، فینلەندا و ڕووسیا. ئەو توێژە زەویانە، تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، هەر لە گەشەکردن دان. ئەوەش وای کردووە تۆپۆگرافیای زەوی لەو ناوچانە هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوام دابن.

بەر لە ٥٠ ملیۆن ساڵ هیندوستان دوورگەیەکی جیا بووە لە ئاسیا و ئەوروپا، بەڵام بەهۆی جوولان و بەریەک کەوتنی لەگەڵ کیشوەی ئەڕۆئاسیا نەک تەنیا بوتە بەشێک لێیی، بەڵکوو ئەو زنجیرە چیایانەی، هەر لە کێوەکانی هیمالایا کە ئێستا بەرزترین لووتکەی جیهانن تا دەکاتە باکووری پاکستان و ئەفغانستان تا ئاسیای بچووک، دەستیان بە دوروستبوون کردووەو. دەرئەنجامی ئەو بەریەککەوتنە چیاکان دروست بوون. بەو پێیەش تەمەنی هیمالایا نزیکەی ٥٠ ملیۆن ساڵ دەبێ، بەپێیی لێتۆژینەوەی زانستی تا ئێستاش هەر لە پەرسەندن بەردەوامن و هەر ساڵە ٥٠ میلیمەتر بەرزتر دەبێتەوە.

ئەوەش ئەوە دەردەخا کە ئەو ناوچانەی هیمالایاو هیند و چین تا دەگاتە تورکیا هەمیشە بۆرکان، بوومەلەرزە و کارەساتی تری سرووشتی کاریگەری لەسەری هەیە. هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جوولان و چالاکی قووڵایی ناخی زەوی ئەو ناوچانە. بە شێوەیەک

وایکردووه هەمیشە تۆپۆگرافیای ناوچەکە لە گۆڕاندابێ. ئەوەش کاریگەری بەردەوامی لەسەر توێژەکانی زەوی ئەو ناوچانە هەیە و هەمیشە لە گۆڕاندایە و نوێدەبێتەوە. [1]

سەبارەت بە چیای ئاراراتیش، وەک تەورات باسی دەکات کاتی ئاو نیشتۆتەوە. کەشتی نووح لەسەر چیای ئارارات لەنگەری گرتووە. تەمەنی زۆر لە تەمەنی چیاکانی تری ناوچەکە کەمترە. بە پێی لێتۆژینەوەی جیۆلۆژی، دروستبوونی ئارارات دەگەڕێتەوە بۆ (٢،٦ ملیۆن) دوو ملیۆن و شەش سەد هەزار ساڵ لەمەو بەر. واتە چاخی چوارەم (چوارین)[2] ، کە لە ئەنجامی تەقینەوەی بورکانێک دروست بووە. دوای ئەوەش ئەو بورکانە هەر چالاک بوو ناو بەناو جارێکی تر تەقیوەتەوە[3].

دواترین بورکان لە مانگی ژونی ساڵی ١٨٤٠ تەقیوەتەوە. ئەوەندە بەهێزبووە، کە چیای ئارارات و دەوروبەری بە دۆڵی جەهەننەم ناو براوە.[4] ئەگەر بە هەر شێوەیەک لێکی دەینەوە جا دینی یان زانستی، ئەوا ڕێی تێناچێ لەسەر ئەو چیایە کەشتییەک بدۆزرێتەوە، کە چەند هەزار ساڵ لەمەو بەر لەنگەری گرتبێ. چونکە بە پێی بەڵگەی جیۆلۆژی لە نێوان ساڵانی ٢٥٠٠ -٢٤٠٠ پ.ز بورکانێ گەورە لە چیای ئارارت تەقیونەتەوە. ئەو بورکانانە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر گۆڕانی شێوەی چیاکە هەبووە[5]. هەر بۆیە ناکرێ جێی باوەڕبی، ئەو کەشتییە لەو بورکانەو بورکانەکانی دواتر هەر بە ساخی مابێتەوە.

لە لایەکی تر ئارارات لە ئەنجامی بورکان دروست بووە دەبێ خۆڵ و بەردی بریتی بێ لە ماگما، ئەو بەردانەی لە ئەنجامی تەقینەوەی بورکان و دروستبوونی ماگما پەیدا دەبن بریتین

---

[1] Allt om vetenskap 2015 – Maj -

[2] چاخی چوارەم یان چوارین Quanternary

[3] Nationalencyklopedin ئینسکلۆپیدیای نیشتمانی - سویدی

[4] Encyckolpaedia Iranica

[5] Siebert L et al (2010) Volcaneces in the world. 3rd ed. Universty of California press.

لە، بازالت (مەڕمەڕی ڕەش)، ئۆبسیدیان، ئەندێسید، داسیت، کۆمەتیت، پومیس (پەردەپێ) و ریۆلیت.[1] ئەو توخمە بەردانەش توخمی ئاسایین لە شاخەکانی ئەو ناوچەیە. و ناکرێ پاشماوەی کەشتی بن. بە پێی لێکدانەوەی مێژووی شوێنەوارناسی لەو سەردەمانە دا کەشتی لە دار یان چەرم دروست دەکرا. کەواتە دار و چەرمی کەشتی نووح دەبێتە فوسیل نەک بەرد، ئەوەش ئەنجامی کارلەیەکردنی دار و چەرم لەگەڵ ئەو کانزایانەی لە زەوی ئەو ناوچەیەدان، فوسیل دروست دەکا، نەک بەرد، بە تایبەتی بەردی بورکانی.

ئەگەرچی ئارارات بە بەراورد لە گەڵ دروستبوونی چیاکانی تری ناوچەکە تەمەنی زۆر کەمترە، کەچی لەوە دوورە کە پاش لافاوەکەی نووح دروست بووبێ.

با لێرەدا ئاوڕێک بدەینەوە وهەندێک لێکدانەوەی بەراوردکارییانە بۆ لایەنە دینییەکان بکەین، کە بە بۆچوونی ئەوان تەواوی مێژووی جیهان ٦٠٢١ ساڵە. واتە لەو چرکەساتەی کە یەکەم گەردیلەی ئەفراندنی زەوی تائێستا. ئێمە بەو هەموو پێشکەوتنە شارستانی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە دەگرێتەوە. بەرامبەر ئەوەش بە پێی لێکدانەوەی زانستی کە دروستبوونی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ ٤،٦ ملیارد ساڵ. ئەوەی لێرە دەمێنێتەوە ئەوەیە خوێنەر باوەڕی بە زانست هەیە یان ئەفسانە. تا بڕیاری خۆی بدا.

[1] Geologia – Finland

# ٢. تەمەنی ڕەچەڵەکی مرۆڤ

بە پێی سەرچاوە دینییەکان تەمەنی مرۆڤ (ئادەم) یەکسانە بە تەمەنی ئەفراندنی جیهان کە دەکاتە پێش٦٠٢١ ساڵ. کەچی لێکدانەوەی زانستی، ئەوە ڕەتدەکاتەوە.

لێتۆژینەوەی زانستی دەمێکە توانیویەتی ڕەچەڵەکی مرۆڤ و پەیدابوونی باو و باپیرانمان دیاربکا. پرۆسەی سرووشت بۆ پەرەسەندنی مرۆڤ بەر لە ٢٠ ملیۆن ساڵ دەستی پێکردووە. و لە دەوەرو بەری پێنج ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا جیابوونەوەی مرۆڤ لە شیمپانز (مەیمون) دەستی پێکرد (بڕوانە وێنەی ١٩). دوای نیو ملیۆن ساڵ واتە چوار ملیۆن و نیوو ساڵ بەر لە ئێستا مرۆڤ بە تەواوی لە مەیموون دابڕا و سەربەخۆ پەرەی سەند.

لەوە بەدوا پەرەسەندنی هوشیاری مرۆڤ بەردەوام بووە و پێ بە پێ توانیویە بەرەنگاری سرووشت ببێتەوە. بەر لە دوو ملیۆن ساڵ لەمەوبەر توانی کەرەستەی کارکردن دروستبکا و ئەوەش نیشانەیەکی دیارە بۆ ئەوەی مرۆڤ هوشیاری ئەوەی هەبووە کە بتوانێ سرووشت رام بکا .[1] بەپێی لێکۆڵینەوەی تر ئەو نەخش و نیگارانەی ناو ئەشکەوت کە مرۆڤ هەڵی کەندوون دەگەڕێنەوە بۆ ٣٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر[2]. ئەوە دەسەلمێنێ کە مرۆڤ بە پەرسەندنێکی دوورو درێژ دا تێپەڕیووە و هەر گۆڕانکارییەکی بە هەزاران ساڵی بردووە. ئەوەش تەواو پێچەوانەی پەرتووکە دینییەکانە، کە دەبێ مرۆڤ لە چرکەیێک ئەفرێندرابێ. ئەو چرکەیەش پێش ٦٠٢١ ساڵ لەمەوبەر بێ.

---

[1] Illustrerad Vetenskap nr: 3, 1999, Från apa till människa. Bilag

[2] هەمان سەرچاوە ل ٣١




وێنەی ١٩

درەختی پەرەسەندنی مرۆڤ، کە لە ٢٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەست پێدەکات. بەر لە ٥ ملیۆن سال مرۆڤ و شیمپانز  لەیەک جیا بوونەوە.

بەڵام مرۆڤی هاوسەردەم لە چوار ملیۆن و نیو لەمەوبەر بە  تەواوی لە مەیموون جیا بووەوە.

تا ئێستاش بە DNA جیاوازی نێوان مرۆڤ و شیمپانس تەنیا ١٪

ئەو ێنەیە لە:

Illustrerad vetenskap nr: 13.
1999 Från Apa till människa

وەرگیراوە

سەرەڕای ئەو هەموو ماوە دوور و درێژە ، سەرەڕای ئەو پرۆسە دوور و درێژەی پەرسەندنی مرۆڤ و دوورکەوتنەوەی چی لە سیماو و پەیکەر و چی لە ژێری، ئەوە

تۆژینەوەی زانستی دەرکەوت، کە تەنیا ١٪ DNA جیاوازی لە نێوان جێنی مرۆڤ و شیمپانز دا هەیە.[1]

## ٣. هەڵستانی لافاوی گەورە و مێژووی

لایەنە دینییەکان (لێرەدا مەبەست بنکەی لێتۆژینەوەی ئینجیل و تەوراتە، چونکە لایەنگرانی دینەکانی تر بۆ نموونە قورئان ووردەکاری لافاو ناداتە دەست و چەقبەستووانە باسی گشت دیاردە سرووشتییەکان دەکات) کاتی پرسیاریان لێدەکرێ کە چۆن ئاوی لافاوی نووح توانی تەواوی گۆی زەوی بەو کێوە بەرزانەوە وەک هیمالایا داپۆشێ؟

ئەوان هەندی وەڵامی بێ بەڵگەو نالۆژیک و دژ بە زانستیان داناوە. بۆ نموونە ئەو کێوانە دوای لافاوەکە دروست بووین و پێشی لافاوەکە نەبووین. ئەوەش بۆ کەسێک باوەڕی بە زانستی و لۆژیک هەبێ ڕێی تێناچێ و ئەسەتەمە باوەڕ بکات. دروستبوون و پەرسەندنی توخمەکانی بەرد کە شاخ و کێو پێک دێنن، بە ملیۆن ساڵی دەوێ بۆ ئاوێتەبوونی توخمە بنەڕەتییەکانی کە بەردی شاخەکانی جیاجیا دروست بێ.

سەبارەت بە ئاو و داپۆشینی تەواوی جیهان ئەوەش ئەستەمە ڕێی تێ بچێ. بە پێی دامودەزگای کەشوهەوای سوێد، ئەو ئاوەی لە ئەتمۆسفیر دا هەیە، بەرامبەر تەواوی ئاوی سەرزەوی ڕێژەی دەگاتە٪ ٠،٠٠١ ، سایتی کەشوهەوا بەردەوام دەبێ و دەنووسێ

[1] Illustrerad vetenskap nr: 13 1999

ئەوەش دەکاتە ۱۳۰۰۰کم۳ . بە مانایەکی تر ئەگەر ئەو ئاوە بەسەر زەویدا پان بکەینەوە توێژێکی ۲،۵ سانتیمەتری دروست دەکات.[1] کەچی بەپێی پەرتووکی (کەشتی نووح) لە نووسینی وود مۆراب، دەبێ بەلای کەم ١٦ هەزار گیانلەبەر لەناو ئەو کەشتییەکەدا جێگایان کرابێتەوە.[2] کەواتە ئەو کەشتییە نەک ناتوانێ سەر ئاو بکەوێ، تەنانەت خەیاڵیش ڕێگە نادات شتی وا رووی دابێ و بە هیچ پێوەرێک ناتوانی سیمایەکی لۆژیکانەی پێ بەخشی.

بەپێی زانیارییەکانی دامودەزگای کەشوهەوا، باوای دابنێین کێوەکانی سەرزەوی هێشتا دروست نەبووبن، جیهانێش دەشتێکی تەخت و کاکی بەکاکێ بووبێ. ئایا ڕێی تێدەچی کەشتییەکی واگەورە بتوانێ لە بەرزی ئاوی ۲،۵ سانتیمەتریدا سەر ئاو بکەوێ و بۆ ئەو ماوە درێژەش بمێنێتەوە؟
چونکە لافاوەکە بەپێی زانست و شوێنەواری جیۆلۆژی لافاوەکە، ڕووداوێکە دەگەڕێتەوە بۆ ۷٦۰۰ ساڵ. بە پێچەوانەوە بەپێی لێکدانەوەی کەنیسە و سیناگۆکیش ٤٣٦٥ ساڵ لەمەوبەر. هەر کەسێکیش باوەڕی بە پەرەسەندنی دیالیکتیکی سرووشت هەبێ، دەزانێ ئەو بۆچوونە جگە لە ئەفسانە هیچیتر نییە.

لەلایەکی تر تا ئێستا ساڵی ۲۰۱۷ دەبێ ٤٣٦٥ ساڵ بەسەر لافاوەکەدا تێپەڕیبێ، کەچی بەپێی لێتۆژینەوەی زانستی جیۆلۆژی ئەو لافاوە پێش ۷٦۰۰ ساڵ واتە ٥٦۰۰ پ.ز ڕوویداوە. کەواتە تێکستی ناو توێی پەرتووکە دینییەکان ناتوانن جێگای متمانەبن. و دەمانخەنە گومان لە تەواوی داستانەکانی تر، کە بەربڵاو وەک پەرجوو نەوە دوای نەوە بە نەتەوە جیاجیاکانی دەفرۆشن. هەم مێژووی جیهان و هەمێش مێژووی ڕوودانی لافاوەکە لە توێی تەواوی پەرتووکە دینییەکان بریریین لە دووبارەکردنەوەیەکی تووتی ئاسای

---

[1] SMHI ناوەندی کەش و هەواناسی / سوێد www.smhi.se/kunskapsbanken

[2] Ken, Ham. Was there really a Noah´s Ark and flood.

ئەفسانەکانی شارستانییە دێرینەکان. هەر بۆیەش نابێ بەو شێوەیە بێ کە لە تەورات و قورئان باسی دەکرێ.

## ٤. قۆناخی نیۆلیتیک[1] و هەلومەرجەکانی پەرەسەندن

قۆناخی (نیۆلیتیک) چاخی بەردی نوێ بە یەک لە قۆناخە هەرە گرنگەکانی مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی دادەنرێ. لەو قۆناخەدا مرۆڤ توانی هەنگاوێکی گەورە باوێ و سرووشت بخاتە ژێر رکێفی خۆی. ئیتر لە دەستپێکی ئەو قۆناخەوە مرۆڤ پێ بە پێ بە لەسەرخۆیی دەستی لە ژیانی ڕاو و شکار هەلگرت و نیشتەجێ بوو، و دەستی بەکشتوکاڵ کرد. لێرە جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو قۆناخە ماوەی چەند هەزار ساڵی برد، تا هەموو جیهان بگرێتەوە. بۆ نموونە بە پێی لێتۆژینەوە زانستییەکانی شوێنەوارناسی و جیۆلۆژی لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا، بەر لە ٨ هەزار ساڵ پ.ز گەنم و جۆ دۆزرایەوە. کەچی لە شوێنی تر بۆ نموونە دۆڵی نیل ٤ هەزار ساڵ پ.ز زورات دۆزرایەوە. ماوەی پەرەسەندن و گۆڕانی هەلومەرجەکانی ژیانی مرۆڤ و گواستنەوەی، لە نێوان میسۆپۆتامیا و دۆڵی نیل ٤ هەزار ساڵە. (بڕوانە وێنەی ٢٠) هەرچۆنی بێ ئەو قۆناخە شۆڕشێکی لە

[1] Neolithec چاخی بەردی نوێ. لەو چاخەدا مرۆڤ بە شێوەی جیاواز و لەسەرخۆ ژیانی ڕاووشکاری بەجێ هێشت و گواستییەوە بۆ ژیانی نیشتەجێ بوون و دەستکردن بەکشتوکاڵ. سەرچاوە مێژوویەکان ئەو گۆڕانە بە شۆڕش ناو دەبەن.

ژیانی مرۆڤ داکرد. لەو دەمەوە ئیتر مرۆڤ نیشتە جێ بوون و دەستیان کرد بە ژیانی کشتوکاڵی و شێوە و هەڵومەرجی ژیانی مرۆڤی لە بنەڕەتەوە گۆڕی.
ئەوەش وای کرد مرۆڤ بەدوای چارەسەری تر و ئارتێفاکتی نوێ دا بگەڕێ. هەر بۆیەش هەنگاوێکی گەورەبوو بۆ بەرەو دانانی بناخەی شارستانییەتی مرۆڤ و بنیاتنانی سیستەمێکی نوێی کۆمەڵایەتی. کە پەیوەندییەکانی ئەندامانی کۆمەڵ لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ سرووشت بە شێوەیەکی تر ڕێک بخا.




وێنەی ٢٠

قۆناخی نیۆلیتیک. ئەو وێنەیە نیشانی دەدا، چۆن مرۆڤ دەستی بە کشتوکاڵ کرد. ماوەی نێوانی ناوچە جیاجیاکانی جیهان بە هەزاران ساڵە. بەڵام ئەوەی گرنگە دەبینین ناوچەی میسۆپۆتامیا کۆنترین شوێنەواری کشتوکاڵە کە مرۆڤ گەنم و جۆی دۆزیوەتەوە. (نەخشەو ناوەکان بە زمانی سوێدین)

ئەو گۆڕانە هەرچەندە بە گشتی وەرچەرخانێکی مەزن بوو، بەڵام بەتەنیا هەڵومەرجی ژیانی باشتر نەکرد، بەڵکوو چەندەها گرفتی لەگەڵ خۆی هێنا. هەر لە شێوەی پێکەوە ژیان تا

دەگاتە شێوەی کارکردن و گەشەکردن، کە پێویستییان هەم بە خۆ گونجاندنی تاک و کۆمەڵ هەبوو و هەمیش بەردەوام بەدوای دۆزینەوەی چارەسەری ئەو گرفتانە دەگەڕان کە هەڵومەرجی نوێ لەگەڵ خۆی دا هێنانی. هەندێک لەوانە هەزاران ساڵی ویست تا چارەسەر بکرێن. ئێمە لێرەدا حەوت خاڵی هەرە گرنگیان باسدەکەین:

یەکەم: لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی مرۆڤ ناچار بوو شەو و ڕۆژ کار بکا تابتوانێ بژێوی خۆی وەدەست بێنێ. لە سەردەمی ژیانی ئەشکەوت و ڕاووشکار مرۆڤ بیری لە بەیانی نەدەکردەوە. هەمیشە بۆ ئەو ساتە دەمە دەژیا کە لە بەردەمی بوو. کاتی برسی دەبوو شکارێکی پەیدا دەکرد سکی خۆی و خێزانەکەی پێ تێر دەکرد. کەچی ئێستا دەبێ، هەمیشە بیر لە بەیانیش بکاتەوە چونکە ژیانی بە زەوی و کشتوکاڵەوە بەستراوەتە و دەبێ هەمیشە خەریکی زەوی وزارەکانی بێ. ئەوەش هەم لە مێتوودی کارکردن و هەمیش ئامرازی باشتر بدۆزێتەوە، تا بتوانێ بە شێوەی کاریگەرتر ئاسانکاری لە ژیاندا بکا و بەروبوومی باشتر بێ، تا خێزانی لە برسییەتی بپارێزێ.

دووەم: سەردەمی ڕاوچییەتی مرۆڤ زۆر جۆر کەرەستەی بژێوی هەبوو، ئەوەش پەیوەندی بە شکاری ئەو وەرزە بوو و هەمیشە مرۆڤ و سرووشت لە باوەشی یەکتری دابوون. مرۆڤ بوونەوەرێکی چالاک بوو و هەر ڕۆژە و خواردنێکی جیاوازی بەدەست دەکەوت و بەو شێوەیە خۆاردنەکانی هەمیشە جۆراوجۆر بوون .

کەچی لە قۆناخی کشتوکاڵی کەرەستەی بژێوی لە چەند جۆرێک خواردن تێپەڕی نەدەکرد. کە بریتی بوون لەو خۆراکانەی لە زەوی و زاری خۆی بەرهەمی دێنان. ئەوەش خواردنەکانی سنووردارکرد. واتە لە چەند خۆراکێک زیاتر نەبوون. ئاستی بژێوی ڕۆژانەی، بە بەراورد لەگەڵ کاتی ڕاوچییەتی خراپتر بوو، چونکە بەدەگمەن ئاڵوگۆڕی تێدا دەبوو.

بەپێی مێژووی شوێنەوارناسی مرۆڤی قۆناخی ڕاووشکار بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤی قۆناخی کشتوکاڵ، هەم لە ڕووی تەندروستییەوە ساختر بووین و هەمیش تەمەنیان درێژتر بووە.

سێیەم: مرۆڤ وەک جاران دڵنیا نەبوو. لەو کاتەی کشتوکاڵ دەستی پێکرد، مرۆڤیشی خستە نادڵنیایی. خاوەن ماڵ هەمیشە دەبوایە پارێزگاری لە زەوی وزاری و ماڵیٚ، دژی دز و جەردە بکا. واتە لەگەڵ هاتنی نیشتەجێ بوون دیاردەی دزی، ڕێگری و کوشتن بەدیار کەوت. ئەوەی ڕاستی بێ شەڕ و کوشتن و تاڵانی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، یەکەمین جار لەو قۆناخە دەستی پێکرد. بۆ نموونە کاتی باوک زەوییەکی خۆشدەکرد، دوایی منداڵی گەورە دەبوون، دەبوایە یان زەویەکە دابەش کەن یانیش هەندێکیان بەدوای زەویتر دابگەڕێن. بە زۆری دەبووە کێشە، تا دەگەیشتە ئاستی برا لەسەر زەوی برای دەکوشت. تا هەندێک لە مێژوونووسان وای بۆ دەچن چیرۆکی هابیل و قابیل لەو سەردەمە ڕوویدابێ.

چوارەم: کاتی مرۆڤەکان لە دەوری یەکتر لە ناو چواردیوار کۆدەبنەوە، نەخۆشی ئاسانتر بڵاو دەبێتەوە. لەبەر ئەوەی لەلایەک بە هۆی جیاوازی ساردی دەرەوە و گەرمی ژوور. مرۆڤ بەرگری لەشی بێهێزتر دەبێ. لەلایەکی تر ئێستا مرۆڤەکان لە ناو چوار دیوار بەکۆمەڵ لەگەڵ یەکتر دەژین. ئیتر بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کوشندە وەک ڕشانەو و تالیهاتن و وەرەم .... هتد. زۆر ئاسایی تر دەبێ و ئەوەش ئاستی مردنی بە ڕێژەیەکی لە ڕادەبەدەر بەرزکردەوە. سەرەڕای ئەوە کاریگەریشی لەسەر بژێوی خێزان هەبوو. چونکە نەخۆشی ئەندامێکی هەر خێزانێک پێویستی بە خزمەتکردن هەیە و گرفت دەخاتە بەردەم کارکردنی ئەندامەکانی تری خێزان و ئاستی بژێویان خراپتر دەکا. ئەو هەموو نەخۆشە کۆمەڵگە و خزمەتکردنیان و نەبوونی چارەسەری پێویست یەک لە کێشە ئەستەمەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵ بووە.

پێنجەم: گەورەترین کێشە کە لەو سەردەمە بەرەوڕووی مرۆڤ بووەوە، چارەسەر پرسی تەندروستی بوو. پێشتر مرۆڤی ڕاوچی لە هەوایەکی بێگەرد و پاک دەژیا. ئێستا لە خانوو لە نزیک یەکتری دەژین بۆیە کێشەی تەندروستی، بووە گەورەترین کێشەی کۆمەڵگە. پرسی ئاودەست، و پیسی و نا تەندروستی تر وەک پاشماوەی خۆراک، گرفتی گەورەی بۆ دروستکردن کە پێویستی بە چارەسەرییەکی بنەڕەتی هەبوو. هەر ئەو پیسییەش دەبووە هۆی بڵاو بوونەوەی زۆر نەخۆشی کە لە خاڵی چوارەم باسکرا.

شەشەم: کێشەی ئەمبارکردنی خواردن لە وەرزی کشتوکاڵ بۆ وەرزی سارد گرفتێکی تر بوو چونکە زۆربەی ئەو خۆراکانەی کە دەبوایە هەڵبگیرێن خراپ و بۆگەن دەبوون. ئەوەش لە خۆیدا کێشەی تەندروستی بۆ مرۆڤ دروست دەکرد.
ئەو پرسە ماوەیەکی زۆری ویست تا مرۆڤ فێری ئەوەبێ، لەلایەک چۆن مێوە و دانەوێڵە سەوزە بۆ هەڵگرن و ووشککەنەوە. لەلایەکی تر ئەمباری گونجاو دروستبکەن تا بتوانن خۆراک و دانەوێڵەی بە شێوەیەکی باش تێدا هەڵگرن.

حەوتەم: بە هاتنی کۆمەڵگەی کشتوکاڵێ دیاردەی نایەکسانی لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگە پەیدابوو. خاوەن زەوی، خاوەنی هەموو شت بوو. بەرامبەر بەوانەی کە هیچیان نەبوو. لێرەوە دوو پرس هاتنە ئارا کە پێشتر نەبوون ئەوانیش موڵکداری و دەسەڵات لە ناو کۆمەڵدا. بۆ یەکەمجار دیاردەی چەوسێنەر و چەوساوە سەری هەڵدا. شەڕ بە ئاسانی لە نێوان بنەماڵە، برا یان گوندی هاوسێ ڕووی دەدا. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو قۆناخە بوو شەڕ و ناکۆکی و دوژمنایەتی لە ناو ئەندامانی کۆمەڵگە دروستکرد. کوشتن و ڕاوەدوونان و دەربەدەری هەر لە دەستپێکی قۆناخێ کشتوکاڵێ دەس تی پێکرد. ناکۆکی نێوان دەوڵەتی شارەکانی سۆمەر نموونەیەکی بەرجەستەیە بۆ ئەو قۆناخە.

لەکۆمەڵگەی کشتوکاڵی و سەرەتایی، بە هۆی ئەو خاڵانەی لە سەروە باسکران، پێکەوەژیان، مرۆڤەکانی زۆرتر لە یەکتری نزیک کردەوە. لەلایەک بۆ خۆپاراستن لە هێرش و تاڵان و بەدیل بردن. هەروەها بۆ دوورکەوتنەوە لە تەنیایی و خۆ بەهێزکردن بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمن. ، لە لایەکیتر یارمەتی یەکتری دان لە کاتی پێویستی کار و نەخۆشی و بەرەنگار بوونەوەی دوژمن.

ئەو هۆکارانە وایانکرد کە تاک بەشێوەیەکی پتەو پابەندی گرووپەکەی بێ. هەمیشە ڕەچاوی ئەو خاڵ و ڕێنماییانە بکات کە گرووپ بۆی دادەنێ. تاک هێزی خۆی لە ئەوانی تری ناو گرووپ دەبینێ، بەبێ ئەوان دەکەوێتە پەراوێز. بۆیە ئەستەمە بتوانێ وەک مرۆڤێکی ئازادی سەردەمی ڕاووشکار بژێ و سرووشتی بیر بکاتەوە. هەمیشە دەبێ ڕەچاوی ئەوانیتر بکات و بە شێوەیەکی ئاسایی ڕۆڵی پێدەسپێردرێ. ئەوەش لە سەردەمی ڕاوچییەتی دا نەبوو مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازاد بوو، کەچی بە گواستنەوەی بۆ کۆمەڵگەی کشتوکاڵی ئەو ئازادییەی لەدەست دا.[1]

سڤێدبێرگ ژیانی گرووپ بە شانۆ دەچوێنێ. هەریەک ڕۆڵی بەپێی توانا و ڕابردووی ژیانی پێدەسپێردرێ، بێ ئەوەی پێی بزانێ پێی هەڵدەستێ. بەتایبەتی لە گرووپی گەورەدا تاک ناچالاک و بێدەنگە. تا دەگاتە هەڵومەرجی وا، وەک مەڕ ئاسا تەنیا فەرمانی پێدەکرێ.[2] لە پەڕینەوەی مرۆڤ لە ڕاوچییەتی بۆ نیشتەجێ بوون، دەبوایە تاکەکانی خێل، بنەماڵە توند بەیەکەوە ببەسترێنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەهێزبن و بە ئارامی بژین. لەلایەکی تر ناکۆکی ناو خۆی کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا.

---

1 Hagman, Olle (2000) Teknik, människa, samhälle. Liber

2 Svedberg, Lars (2000) Gruppskologi, om gruppers, orgsnisationer och ledarskap. Studentlitteratur. Pp.97

لەسەرخۆ بنەماڵە و هۆز و ...هتد. لەسەر گەورەیی و دەستەڵات ناکۆکی توندییان لێ پەیدابوو و زۆر جار یەک بنەماڵە لە ناوخۆیان بەشێکیان بەشەکەی تری دەربەدەر و تاڵان و بڕۆ دەکرد. ئەوەش بە شێوەیەکی دیار لە شەڕی نێوان سۆمەری و ئەکەدییەکان دەرکەوت. لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی سۆمەرییەکان. ئەوەندە بێهێز بوون کە ئەکەدییەکان بە سەرۆکایەتی سەرجۆن بە ئاسانی داگیری کردن.

# بەشی هەشتەم

## ١. بەراوردێکی ئەفسانەی سۆمەری لەگەڵ تەورات و قورئان

ڕووداو و هەلومەرجەکانی سەردەمە کۆنەکان بوونە بنەڕەتێک بۆ سەرهەڵدان و پەرسەندنی داستانی ئەفسانەیی، کە دواتر هەر ئەو داستانە ئەفسانەییانە بوونە ئامرازێکی بەهێزی دەروونی بۆ کۆیلە کردنی مرۆڤ هەتا هەتایە .

لە ئەفسانەی سۆمەری ئانلیل تووڕەدبێ. لەبەر ئەوەی لافاو نەیتوانیووە ڕەچەڵەکی مرۆڤ لەناوبەرێ. دوای ئەوە ئێنکی بۆ ڕازیکردنی ئانلیل و بەردەوام بوونی ڕەچەڵەکی مرۆڤ پێشنیارێکی مام ناوەندی دەکات. پێشنیارەکەی ئێنکی ئەوەیە با ڕەچەڵەکی مرۆڤ بەردەوام بێ و پەرە بستێنێ. بەڵام نەیێڵن زوو زیاد بکەن. هەمیشە نەخۆشیان بۆ بنێرن کە یەک لەسەر سێیان لێ دابڕن (واتە سێیەکی مرۆڤ بە نەخۆشی بمرێ). جا لەو کاتەوە، نەخۆشی جۆراوجۆر یەخەی مرۆڤایەتی گرتووە. هەر ساڵە بەشی خۆی قوربانی دەبا.[1]

ئەوەی لێرەدا جێگای باوەڕە لەو سەردەمە کێشەی تەندروستی و برسییەتی تەنگی بە دانیشتوان هەڵچنیووە.

---

[1] بۆ ئەو باسە سەیری بەشی یەکەم بکە: داستانی لافاو لە شارستانییەتی سۆمەری دا.

جا ئەوە چ لە زۆری لە نزیک یەکتری کۆبوونەوە و ئاسان بڵاوبوونەوەی نەخۆشی درم و نەبوونی چارەسەری. یان لە ئەنجامی خراپی خۆراک و بۆگەنی بوونی. کە بۆتە سەرچاوەیەک بۆ نەخۆشی و توانای لەشی بێ هێزکردوون ( بڕوانە بەشی حەوتەم. ٤ قۆناخی نیۆلیتیک ).

سەرەڕای ئەوەش لافاوێکی گەورە هەڵستاوە کە تەواوی ماڵ و کەرەستەی بژێوی بردوون. هەموو ئەو کارەساتانە بوونەتە هۆی مردنی بێ ژماری خەڵکی و ئەوەی ماونەتەوەش بە برسییەتی و سەرما و نەخۆشی لە دەردەسەری دا ژیاون. ئەوەش لە ئەفسانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. مرۆڤ ئەو کارەساتانەی بە دیاردەی سزایەکی خودایی زانیووە. لە ئەنجامی خراپەکاری مرۆڤ ئەو سزایانەی بەسەر دابراین.[1]

برسییەتی و هەڵاتن و نەخۆشیی کوشندەی لەو قۆناخە مێژووییە بەسەر مرۆڤ دا هاتوون، ڕەنگدانەوەیان بە ڕاشکاوی لە ئەفسانەکانی سۆمەری دا هەبووە، دواتریش لە دینەکان دووبارە بوونەتەوە. بیرۆکەی ئەفسانەکە ئەو نەخۆشیانە ئەنجامی خراپی و نافەرمانی مرۆڤ داناوە، کە خودا قینی لێ هەڵستاون. بەڵام مرۆڤ هەرگیز نەیتوانیووە خودا تاوانبار بکا، بەڵکوو هەمیشە وای لێکراوە نزا بکا. و پاڕانەوە بکاتە پیشەی هەمیشەیی خۆی و لەجیاتی ئەوە داوای لێبووردن لە خودا بکا.

---

[1] علی مولا. دیوان الاساطیر- کتاب ٢ ل ٢٢٤

# ٢. تەمەنی مرۆڤ لە پێش لافاودا

جیگای سەرنجە لە ئەفسانەی سۆمەری دا پێش هەڵستانی لافاو تەمەنی مرۆڤ زۆر درێژ بووە، کەچی دوای لافاو تەمەنی لە چەندین هەزار ساڵ کەمکردۆتەوە بۆ تەنیا نزیکەی سەد ساڵ.[1]

بەپێی ئەفسانەی سۆمەری ساڵێک لەسەر ئەستێرەی نەیبرو بەرامبەر ٣٦٠٠ ساڵە لەسەر زەوی. ئەوەش پێی دەڵێن سار SAR[2]. هەر بۆیە لە تابلۆی لیستی پاشاکانی سۆمەری پێش لافاو, تەمەنیان ئەوەندە درێژە. هەشت پاشا پێکەوە ٢٤١٢٠٠ ساڵ ژیاون. واتە نزیکە چوارەکە ملیۆنێک ساڵ.

هەر ئەوە کاریگەری لەسەر تەوراتیش هەبووە کە خۆدا تەمەنی مرۆڤی لە نزیکەی هەزار ساڵ کردۆتەوە ١٢٠ ساڵ

( تەورات دەقی ٦ بڕگەی ٣)

خودا گوتی: چیتر هەتاهەتایە ڕەوانی من نابێ لە لەشی مرۆڤ دابێ. ئەو مرۆڤە و دەبێ ١٢٠ ساڵ بژی

---

[1] محجوب، خالق. سومر – رحم الادیان السماویة.

[2] هەرچەندە هیچ سەرچاوەیەک باسێ SAR ی نەکردووە، بەڵام ڕەنگە ساڵی کوردی سەرچاوەکە ئەو ووشەیە بێ.

له دوای نووح که تەمەنی گەیشتە ٩٥٠ ساڵ، کەسێکی تر له ناو تێکستە دینییەکان بەدی ناکەی تەمەنی له سەرەوەی ١٢٠ ساڵ بێ.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەیری ئەو خشتەیەی خوارەوە بکە، که بریتییه له بەراوردکردنی تەمەنی پاشاکانی سۆمەری و پێخەمبەرەکانی تەورات هەردووکی پێش هاتنی لافاون.کەچی ئەو دیمەنه له دوای لافاو نابینی.

| ژمارە | ناوی سۆمەری | ماوەی فەرمانڕەوایی | ناو له تەورات | ساڵی لەدایک بوون | ساڵی بوونه باوک | درێژی تەمەن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئالولیم | ٢٨٨٠٠ | ئادەم | ٠ | ١٣٠ | ٩٣٠ |
| ٢ | ئەل ئەنجەر | ٣٦٠٠٠ | سێث | ١٣٠ | ١٠٥ | ٩١٢ |
| ٣ | ئێن مین لو ئانا | ٤٣٢٠٠ | ئێنپس | ٢٣٥ | ٩٠ | ٩٠٥ |
| ٤ | ئێن مێن ئانا | ٤٣٢٠٠ | کەنان | ٣٢٥ | ٧٠ | ٩١٠ |
| ٥ | ئێن مێن گال ئانا | ٢٨٨٠٠ | مەحەلالیل | ٣٩٥ | ٦٥ | ٨٩٥ |
| ٦ | دوموزید (شوان) | ٣٦٠٠٠ | ژەرێد | ٤٦٠ | ١٦٢ | ٩٦٢ |
| ٧ | ئێن سیپاد زید | ٢٨٢٠٠ | هانوک | ٦٢٢ | ٦٥ | ٣٦٥ |
| ٨ | ئێن مێن دورئانا | ٢١٠٠٠ | مێتوس یلاح | ٦٨٧ | ١٨٧ | ٩٦٩ |
| ٩ | ئوبارا- توتو | ١٨٦٠٠ | لێمێک | ٨٧٤ | ١٨٢ | ٧٧٧ |
| | | | نووح | ١٦٥٦ | | ٩٥٠ |

دوای ئەوه له ئیسلامیش لەدوای نووح ئیتر هیچ پێخەمبەرێک نابینی تەمەنی لەسەرەوەی سەد سال بێ. بۆ نموونه ئادەم تەمەنی هەزار ساڵە کەچی داوود تەنیا ٦٠ ساڵە. له هیچ شوێنێک چی له ئەفسانەکانی سۆمەری یان تەورات تا دەگاتە قورئان له دوای لافاوەکەی

نووح تەمەنی مرۆڤ بەو درێژییە نابینین کەواتە نووح دوا مرۆڤە کە تەمەنی گەیشتۆتە ٩٥٠ ساڵ.[1]

تەمەنی نووح لە قورئانیش وەک خۆی چۆن لەتەورات هاتووە بە هەمان شێوە ناوی نووح و تەمەنی دووبارە بووتەوە.
لە سورەتی عنکبوت ئایەتی ١٤ دەڵێ

ولقد ارسلنا نوحا الى قومه فلبث الفا الا خمسين عاما. فأ خذهم الطوفان وهم ظالمون (١٤)

ئێمە نووحمان ناردە لای نەتەوەکەی (هۆزەکەی). هەزار ساڵی پەنجا ساڵ کەم، لەناویان مایەوە. لافاوی بۆ هێنان، چونکە زۆرداربوون (١٤)

ئەوەی سەرەوە بۆمان دەردەخات کە ئەفسانەکانی شارستانییەتی سۆمەری، نەک تەنیا کاریگەری هەبووە. بەڵکوو بەبێ گۆڕان مەگەر لە بواری زمانەوانییەوە ئەگینا وەک خۆیان خزاونەتە ناو دینە ئیبراهیمییەکان. لە هەمان کاتدا ئەوەش پشتڕاستدەکەنەوە کە بوونی نووح و لافاوی تاوان تەنیا ناوێکە، بە هیچ شێوەیەک داهێنانی دینەکان نییە. بەڵکوو ڕووداێکی مێژوویی زۆر کۆنترە، دینەکان وەریانگرتووە.

[1]محجوب خال. سومر - رحم الاديان السماوية

# ٣. دەستەڵات و زانین

لە هەموو سەردەمێکدا دەستەڵات زانینی وەک ئامرازێک بەرهەم هێناوە. جا وەک ئامرازێک بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، و یان بۆ ڕاپێ کردنی تاک[1] بەکاری هێناوە. لێرەدا تاک لە هەر هەڵومەرجێکدابێ چالاکییەکانی لەو چوارچێوەیە دابووین کە دەستەڵات بۆی دیارکردوون. تاک چی دەستەڵاتداربێ، یان ژێردەست. تەنیا ئەو ڕۆڵەی بینیووە کە پێیی سپێردراوە. تاکی دەستەڵاتدار زانین بەرهەم دێنێ و تاکی ژێردەستیش هەمان زانین بەکاردەبا[2]. ئەوەش کاریگەری خۆی هەبووە بۆ بەردەوامی لەسەر گواستنەوەی کولتوور و نەریت لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکیتر. لە هەر قۆناخێکیش شتی تری لەسەر زیادکراوە تا دەگاتە ئاستی پیرۆزی.

سێگۆشەی دەستەڵات – زانین – تاک (بکەر)، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی تەواوکەری یەکتری بووین و گۆڕانکاری لە دەستەڵات، زانینی نوێیی بەرهەم هێناوە. ئەو زانیارییەش کە دەستەڵات بەرهەمی دێنێ، هەمیشە وەک چەقی بیرکردنەوە سەیر دەکرێ. مەرج نییە ئەو زانینەی کە بەرهەم هێنراوە بە پێز بێ یان بێ پێز. زانینی بەرهەم هێنراو هەمیشە بزوێنەرە و وادەکا تاک لە هەر هەڵوێستێک دابێ (لایەنگیر یان بەرهەڵست) هەموو زانینەکانی تر بخاتە گەڕ بۆ پشتڕاستکردنەوە یان ڕەتکردنەوەی زانینی دەستەڵات.

---

[1] فۆکۆ زاراوەی بکەر بەکار دێنێ، چونکە پێی وابوو. مرۆڤ لە هەر هەڵومەرجێکدابێ (چالاك) ئەکتیڤەو ڕۆڵی بکەر دەبینێ. من زاراوەی (تاک) م بەکار هێناوە، لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردی تاک لە بکەر بە گوێی خوێنەر ئاشناترە.

[2] تاک چی لایەنگیری دەستەڵات بێ یان دژی بێ، هەمیشە خەریکی ئەو زانیارییەیە کە دەستەڵات بەرهەمی دێنێ. بۆیە لە هەردوو بارەکەدا (بکەرە) و برەو بەو زانیارییە دەدا کە بەرهەم هێنراوی دەستەڵاتە. ئەوەش لە هەموو سەردەمەکان ڕەنگدانەوەی هەبووە.

بەو شێوەیە هەموو بارگە زانینەکانی تر جا فەلسەفی کۆمەڵایەتی و ...هتد دەبنە پاشخان ولە دەرەوەی چەق دەسووڕێنەوە. چونکە زانیاری دەستەڵات ئامانجە و هەڵدەسەنگێندرێ. تاکیش بە پێی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵ هەڵوێست وەردەگرێ جا دژی بێ یان بەرهەڵستی بکا. لە هەردوو بارەکەدا هەمان زانین بەکار دێنن. ئەوەش پیشانی دەدا کە دەستەڵات هێزی کاریگەرە لە پەیوەندی لەگەڵ چی زانین یان تاک.

ئەوەی جێگای هەڵوێستە کردنە، ئەوەیە کە دەستەڵات لە هیچ سەردەمێکدا نە کەسێکی دیارکراوە و نە فۆرمێکی دیارکراویشی هەیە، تا بتوانین سیمای بناسینەوە. بەڵکوو تەوژمێکە لە هەناوی کۆمەڵگە دەتوانێ کاریگەری یەکلا کەرەوەی بۆ ڕەوتی شارستانی و باوەڕی کۆمەلگە هەبێ. ئەوەش لە خۆیدا تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ دیدێکی دیاریکراو ڕام دەکا.[1]

لێرەدا لە جێی خۆیەتی شیعرێکی جەلالەدینی ڕۆمی بە نموونە بێنینەوە. لە پاشکۆی شەڕەفنامە لاپەڕە ٨٣٧ دا هەژار مۆکریانی بەدەستکارییەوە کردوویەتییە کوردی دەڵێ

هەردەمێک بای هەرنەکا پارچێک پەڕۆم        شێری ئاڵام و بەبا دێم و دەڕۆم[2]

ئەو شیعرە پڕ بە پێستی خۆیەتی و جوان سەرچاوەی دەستەڵات نیشاندەکا، ئەگەر با نەبێ پاشا تەنیا پارچە پەڕویەکە و هیچی تر. دەستەڵاتی لەگەڵ هەڵکردنی بادایە. با داستان دروست دەکا و چۆنی دەیەوێ ئاوا پیشانی دەدا. کولتوور و نەریتەکانی کۆمەڵگە لە هەر سەردەمێکدا بەرهەمی هۆش و هزری مرۆڤن و لە هەمان کاتدا دەستەڵاتن، هەم مرۆڤ

---

[1] Hörnqvist, Magnus (1996) Foucaults maktanalys. Carlsson bokförlag.

[2] شەرفنامەی شەرەفخانی بتلیسی- وەرگێرانی هەژار مۆکریانی ل ٨٣٧

ڕام دەکەن و هەم ئەفسانەکانی ڕاگری دەستەڵات گڕدەدەن. بۆ ئەوەی ببنە پیرۆزی هەتاهەتایی.

لە سەردەمی سۆمەرییەکان ئانوو، ئانلیل و ئێنکی، بیر و هۆش و ئەندیشەی ئەو دەمەی سۆمەرییەکان دایان هێنان. دواتر لەگەڵ ڕەوتی مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤ و دەوروبەری ئەوانیش پەرە دەستێنن و ڕۆڵی تر وەردەگرن. ڕەشەبای دەستەڵات و کاریگەری لەسەر بیروهۆشی کۆمەڵگە، نەک تەنیا خوداکان و دەستەلاتیان دروست دەکات. بەڵکوو هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی خۆشیان لە پەیوەندییان لەگەڵ ئەواندا بینیووە.

دینە ئیبراهیمییەکان ( جوولەکە، کریستیان و ئیسلام) بەرهەمی بەردەوامی پەرەسندنی کولتووری سۆمەرییەکانن، ئەفسانەکانی یەکەم سۆمەری و دوای ئەوانیش، ئەکەدی و بابلییەکانیان هێناو بەرگێکی ئاسمانییان لەبەرکردن. لێرەدا ڕەشەبای زانین، پەیامەکانی سۆمەری گۆڕی و پەیامەکەشی ڕۆڵێکی نوێی وەرگرت.

با نموونەیەک بێنینەوە کە دەقێک چۆن لە ئەفسانەی سۆمەری هاتووە و تا ئێستاش لە دینی ئیسلام وەک بەشێک لە پەیامی خودایی دەرخواردی موسوڵمانانی دەدرێ. سۆمەرییەکان خوداکانی خۆیان بە (دین – گیر) ناو دەبرد (دین) وەک ئێستاش لە عەرەبی بەکاردێ لە سۆمەری بە مانای هەق دێ و (گیر) بە مانای تیژ دێ. هەردوو ووشەکە داکاتە (هەق تیژ) بەمانایەکی تر ڕاستی و دادوەری تیژ. کەچی لە دینەکانی ئیبراهیمی، بەتایبەتی ئیسلام بە (صراط الستقیم) ناوی دەبەن و لە ڕوونکردنەوەشدا[1]، هەمان ناوەڕۆکە کە سۆمەرییەکان بە دین - گیریان بەخشیووە. شتێکی تر کە لە خوداپەرستی سۆمەرییەکان، ئەوەبوو. ئەوان بڕوایان بە گەورەیی خودا و توانای هەبوو، و هەموو بەدبەختی و چارەڕەشی خۆیان لە تووڕەیی خودا دەدیت. پێیان وابوو جنۆکە دەنێرێ تا

[1] محجوب، خالق. سومر – رحم الادیان السماویة.

سزایان بە نەخۆشی یان کارەساتی سرووشتی بدا[1] هەر ئەوەش لە هەرسێ دینەکە دووبارە بۆتەوە.

مرۆڤ و تێگەیشتنی بەرهەمی ئەو ژینگەیەن، کە لێی پەروەردە دەبێ. ئەو تیوریە تێگەیشتنی سۆمەرییەکان و پرسی لافاویش دەگرێتەوە. لە باشووری میسۆپۆتامیا (باشووری ئێراقی ئێستا) باران نەدەباری و هەر بۆیەش لە بواری ئاودێری داهێنانی گەورەیان کرد، هەڵستانی لافاو بە هۆی بارانی زۆر لە مێشکی سۆمەرییەکاندا نەبوو. ئەوان لە ناوچەیەک دەژیان و لێی ڕاهاتبوون، کە بە دەگمەن بارانی لێدەباری. هەر بۆیەش ئەستەم بوو باوەڕ بکەن کە باران ببێتە هۆی هەڵستانی لافاو. کاتی لافاو کەم یان زۆر هەلستابوایە، بە کارێکی خوداییان دەزانی و پێیان وابوو خودا جنۆکەی ناردووە و لافاوی لە قووڵایی زەوی هەڵقوڵاندووە. ئاستی ئاوی ڕووبارەکانی بەرزکردۆتەوە و لەگەڵ خۆی بەدبەختی و کارەساتی بۆ مرۆڤ هێناوە.[2]

ئەو دیمەنەش لە پەرتووکە دینییەکاندا بە هەمان شێوە، بەڵام شێوەیەکی لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە جوانتر. دووبارە تۆمارکراوەتەوە.

دەبینین چۆن هەمان بۆچوون لە تەورات لە دەقی ٧ بڕگەی ١١ دووبارە بۆتەوە.

> ( لەو ڕۆژەدا لە قووڵایی گەورەی دەریا سەرچاوەکان هەڵقوڵان و پەنجەرەکانی ئاسمانیش خۆیان ئاوەڵاکرد)

تەنیا شتێک کە جیاوازی هەبێ ئەوەیە، بە تێپەڕبوونی زیاتر لە ٣ هەزار ساڵ. نووسەری تەورات بارانیشی لێ زیادکردووە.[3] ئەوەش شتێکی ئاساییە. دواى پەرسەندن و

---

[1] محجوب، خالق. سومر – رحم الادیان السماویة

[2] هەمان سەرچاوە

[3] Alltombibeln.se (Bibelfakta)

بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بە ناوچە جیاجیاکانی میسۆپۆتامیا و شام و ئاسیای بچووکدا، بە تایبەتی شاخاویەکان زانیویانە باران دەبێتە هۆی هەڵستانی لافاو. ئەگینا هەمان بۆچوون و پەیامی سۆمەرییەکانە.

لەقورئانیش هەمان پەیامی تەورات دووبارە بۆتەوە و هیچی لێ زیاد نەکردووە، ئەوە نەبێ شوێن لەنگەر گرتنی کەشتی نووح لە تەورات دۆندی ئاراراتە. لەجیاتی ئەوە، لە قورئان بۆتە چیای جوودی. لە سوورەتی هود ئایەتی ٤٤ دەڵێ

وقيل يا آرض ابلعى ماءک و ياسماء آقلعى و غيض آلماء و قضى الآمر وآستوت على الجودى وقيل بعدا للقوم الظلمين(٤٤)

(ئەوجا گوترا زەوی ئاوت هەڵقوڵێنە، ئاسمان هەر ببارێنە، ئاو بەناو خاکدا ڕۆچوو، کار جێبەجێ بوو، لەسەر جوودی لەنگەری گرت)

ئەگەر بەراوردێکی دەقی تەورات و قورئان لەگەڵ ئەفسانەی سۆمەری دابکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە شتێکی نوێیان دانەهێناوە. بەڵکوو دووبارەکردنەوەی ئەفسانەکەیە، بە گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا. واتە هەمان بۆ چوونە تەنیا دوای هەزاران ساڵ گەڕان و بینینی باران بارین و ئاو هەڵستان لە ناوچە جیاجیاکانی تر، دەزانن بارانیش دەبێتە هۆی لافاو.
کەچی سۆمەرییەکان زیاتر لە ٣٥٠٠ هەزار ساڵ پ.ز بووە کە ئەوەیان تۆمار کردووە. هەڵبەتە دەبێ زۆر زووتر بووبێ، بەڵام ئێمە ئەوەندەی دەزانین و متمانەمان پێیی هەبێ نووسینی ئەو بەردانەیە کە شوێنەوار نووسان دۆزیویانەتەوە.

کەواتە بەلای کەمی ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ ساڵ پێش تەورات بووە[1]. ئەوەش بەسە بۆ دروست بوون و پەرسەندنی ئەفسانەی جۆراوجۆر. کە بە پێی شوێن و کات بگونجێن. بە تێپەڕبوونی کات، لەسەرخۆ دەبنە ریتوال و تاکەکانی کۆمەڵ دووبارەیان دەکەنەوە. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی وا درێژ، دەبنە کۆیلەی ئەو ئەفسانانە و دەیان پەرستن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکەکانی کۆمەڵ گرووپێکن ناتوانن بە تەنیا و لە دوورە پەرێزیدا بژین. بەڵکوو بە هێزێکی چەند لایەنی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەو بەسترانەوەش لە دەرەوەی ویستی تاکەکان خۆیان دایە، کە ئارەزوو و بۆ چوونی تاک دەخنکێنێ[2] و دەیکاتە ملکەچی دەستەڵات.

## ٤. لافاو وەک سەرچاوەی پیرۆزی

ڕووداني لافاو وەک هەر کارەساتێکی سرووشتی، لە شێوەی گشت ڕووداوەکانی تری ئەو سەر زەمینە، دیمەنێکی دیاریکراوی هەیە. بەڵام ئەو دیمەنە ناتوانرێ لە دیدی جیاواز وەک یەک ببینرێ، بەڵکوو دیمەنی ڕووداوەکە بەپێی ئەو کەسە دەگۆڕێ کە دیگێڕێتەوە.

---

[1] بەپێی ماڵپەری بەڵگەی ئینجیل دەبێ هەر پێنج پەرتووکەکانی مووسا لە نێوان ١٨٠٠ – ١٤٠٠ پ.ز نووسرابنەوە. بۆ زیاتر بڕوانە ئەو سایتە: Alltombibeln.se (Bibelfakta)

[2] Svedberg, Lars (2000) Gruppsykologi. Om gruppers, organisationer och Ledarskap. Studentlitteratur. Pp.97

هەر گێڕانەوەیەک پابەندی دوو شتە تا بتوانێ ئاڕاستەی تایبەتی دیاریکراوی هەبێ. ئەو دوو شتەش کولتوور و دەستەڵاتن. کە پێکەوە بنەڕەتێکی بەهێز، وەک خۆیان دەیانەوێ بۆ داستان و ئاڕاستەکەی دروست دەکەن. ئەگەر بە ووردی بگەڕێینەوە سەردەمی یەکەم گێڕانەوەی داستانی لافاو لە سەردەمی سۆمەرییەکان و پەیوەندی نێوان ئانلیل و زیۆسوودرا. لەلایەک و زیۆسوودرا و ئێنکی لەلایەکی تر. بۆمان دەردەکەوێ لە کۆمەڵگەی فرەپەرستی (فرە خودایی) ڕۆڵەکان و ناکۆکییەکان دەتوانرێ لە سێ گۆشەنیگاوە سەیربکرێ. ئانلیل خودای ڕەشەباو تووڕەیی ڕۆڵی بێبەزییانەی هەیە و مرۆڤایەتی قڕدەکا، ئێنکی خودای ئاوو ژیان ڕۆڵێکی مرۆڤ دۆستی هەیە، دەیەوێ یارمەتی زیۆسوودرا بدا و زیۆسوودراش وەک ڕزگار کەر نیمچە خودایەوە و دەزانێ چۆن هەڵسوکەوت بکا، کەچی خودای مەزن، ئەو خودایە لەسەردەمی سۆمەرییەکان تەنیا ناوی خودای مەزن بوو. لەسەردەمی ئەکەدییەکان ناوی نرا ( ئانو ) کە لە ئاسمان دانیشتووە تەنیا کاری دادوەرییە دوو خودا یارمەتی دەرەکەی لەسەر کاروباری جیهان ڕێکدەکەون.

لە کۆمەڵگەی تاکپەرست (دینە ئیبراهیمییەکان و ئێرانییەکان) خودا خۆی هەردوو ڕۆڵێ قڕکەر و ئاوەدانکەرەوە دەبینێ. لای ئێنلیل پاشگەزبوونەوە نییە، چونکەی ئێنکی ڕۆڵی ئاوەدانکردنەوە دەبینێ. خودای تاک لەلای هەموو دینەکان یارمەتی دەرەکانی تەنیا ڕۆڵی تەتەریان پێ سپێردراوە. دەبینین جوبرائیل هەرچەندە ئیلە واتە نیمچە خودا کەچێ بێجگە لە پۆستەچییەکی سادە زیاتر ڕۆڵێکی نییە. بۆیە خودای تاک هەمیشە دوودڵە ناتوانێ بڕیارێکی لێبڕاوانە بدا. هەر بۆیەش دوو کەسایەتی ناکۆک لەگەڵ یەکتر، لەناو یەک خودا دا کۆبووتەوە. لەلایەک ڕق و کینە و پەشیمانی لە ئەفراندنی مرۆڤ. لەلایەکی تر ناتوانێ دەستبەرداری مرۆڤایەتی بێ، چونکە نەمانی مرۆڤایەتی نەمانی خۆیەتی. بۆیە لە هەناوی ڕق و بێ بەزەیی دا، پاشگەزبوونەوە هەیە، دەیەوێ مرۆڤایەتی لەناو نەچێ. ئێنکی پێشنیار بۆ ئێنلیل دەکات کە لێگەڕێ مرۆڤایەتی بەردەوام بێ، بەڵام هەمیشە دەبێ ڕەچاوی مەرجەکانی ئێنلیل بکات. یەک لەسەر سێیی بە نەخۆشی و دەردەسەری بمرێ.

کەچی خودای تاک، ئەو دەرفەتەی نییە هەر خۆیەتی بۆیە هەمیشە لە پرۆسەی و بڕیارەکانی شێوەیەکی مۆنۆلۆژی هەیە. لاوازە و ناتوانێ بڕیاری کۆتایی هەبێ. لاوازییەک کە پێغەمبەرەکەی بە ئارەزووی خۆی یاری پێدەکا. ئەوەش لە دینی ئیسلام بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە هەستی پێدەکرێ.

لایەنی دووەم لافاو و کاریگەرییەکانی بەپێی سەردەم و دەستەڵات دەبینرێن لە سەردەمەی سۆمەرییەکان لافاو ناوچەییە و تەنیا ناوچەی میسۆپۆتامیای گرتۆتەوە، کەچی لەسەردەمی بابلییەکان بۆتە سەرتاسەری و تەواوی جیهان ژێر ئاو کەوتووە.

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لەلایەک گەورەبوونی سنووری ئیمپراتۆرییەتی بابلی و لەلایەکی تر تێپەڕبوونی کاتێکی دوورودرێژ وایکردووە گێرانەوەکان بکەونە ژێر کاریگەری مەزنی دەستەڵات و بە پێی بەرژەوەندی خواکانی بابلی دووبارە ببنەوە.

ئەو دیمەنە لە ئەفسانەی یۆنانیش دووبارە بۆتەوە. لافاوی داردەنووس کە کۆنترین ئەفسانەیە یۆنانییە لە سەرەتای چەکەرەکردنییەتی لافاوێکی ناوچەییە و تەنیا ئاکاردیا دەگرێتەوە. کەچی لەسەردەمی لافاوی دیۆکالین و پیرها، یۆنان ئیمپراتۆرییەتێکی مەزنە و لافاویش دەبێتە لافاوێکی سەرتاسەری جیهان.

کاتێ دەگاتە نێو دینە ئیبراهیمییەکان سیمای گێڕانەوەکان هەم گەورەتر و هەمیش پیرۆزتر دەبن، کەچی لە ناوەرۆک و پەیام هەمان لافاوە ناوچەییەکەی سەردەمی سۆمەرییەکانە.

# بەشی نۆیەم
# شرۆڤە و دەرئەنجام

## شرۆڤە

هەر ڕووداوێک لە جیهاندا ڕوویدابێ. جا سرووشتی بێ یان دەستکردی مرۆڤ، مۆرکی خۆی وەک دەئەنجام، لەسەر مێژوو، سرووشت و پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگە بەجێ دێڵێ. ڕەنگدانەوەی ووردەکاری ڕووداوەکان و کاریگەرییان سیمای پەرسەندنی ناوەوەی ئەو پەیوەندییانە دیاردەکەن.
دەستەڵات و ئاستی تێگەیشتنی بۆ لێکدانەوەی هەلومەرجەکە، هەمیشە ڕۆلی سەرەکی لەسەر ئەو کاریگەرییانە هەبووە.

جا دروستبوونی ئەفسانە، لە دووبارە گێڕانەوە و گونجاندنی لەفۆرمی نوێدا. هەم چەقی بیرکردنەوەی مرۆڤ بووین و هەمیش ئاستی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە دەستنیشان کردوون.[1]
داستانی لافاو وەک ڕووداوێکی سرووشتی جیاوازی لەگەڵ ڕووداوەکانی تری مێژووی جیهاندا نییە. بەڵکوو زۆر ڕووداوی تر هەن، چی لە ڕووی گەورەیی. و چی لە ڕووی

---

Hörnqvist, Magnus (1996) Foucaults maktanalys. Carlsson bokförlag [1]

کاریگەرییان لەسەر سرووشت و کۆمەڵگە لە لافاوی نووح کەمتر نەبووین، کەچی مرۆڤایەتی هەر زوو بە لەبیرچوونەوەی سپاردوون.

کەواتە دەبێ هۆکارێک هەبێ بۆ ئەوەی لافاوی تاوان، ئەوەندە جێگای گرنگی پێدان بێ و چەندین هەزار ساڵە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە خەریک کردووە.
بە پێی لێکدانەوە، گرنگی پرسی لافاو دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار.

هۆکاری یەکەم: ڕۆڵی گێڕانەوەی ڕووداوەکە و سەردەمی ڕوودانییەتی.
هۆکاری دووەم: ئاستی تێگەیشتنی دەستەڵات و دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێ و بەکاری دێنێ[1].

ئەو دوو هۆکارە پێکەوە بوونەتە بنیاتنەری کەرەستەی خودایی، و بە درێژایی مێژوو لە هەر سەردەمێکدا بە شێوەی جیاجیا، پیرۆزی پێ دەبەخشن. هەر ئەوەش وادەکا، کە داستانی لافاو تەنیا لافاوێکی ئاسایی نەبێ. بەڵکوو بە درێژایی چەند هەزار ساڵ لە تەمەنی مرۆڤایەتی زۆر پرسی لە ناو هەناوی خۆیدا حەشارداوە، کە دەبێ بە ووردی لێکدانەوەیان بۆ بکرێ، تا بتوانرێ بەلای کەمی پەردە لەسەر هەندێک نهێنی هەڵماڵدرێ . چۆن توانیویانە مرۆڤایەتی لە تونێلەکانی مێژووی پەرەسەندنی شارستانییەتی بەو شێوەیەی کە ویستوویانە ئاڕاستەی بکەن؟

بۆ گەیشتنە وەڵامێکی جێ متمانە. تەنیا ڕێگا بۆ چوونە ناو ووردەکاری ئەو پرسە مێژووییە ئاڵۆزە، دۆزینەوەی کلیلی دەرگا داخراوەکانە. چونکە کلیل دەتوانێ ڕووناکی بخاتە سەر

[1] لێرەدا دەستەڵات وەک زاراوەیەکی فەلسەفییە بۆ دروستبوونی هۆکار، جا ڕەنگە زیاتر پەیوەندی بە ئاستی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤەوەبێ بێ لەو کاتەدا. دەرئەنجامەکەی وەدی هێنانی دیاردەیەک بێ خۆی خۆی پێ کۆیلە بکات.

هەندێک ڕووداوی تر. کە وای کردووە لافاوی نووح، ئەوەندە بە پیرۆزی لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵ بمێنێتەوە..

پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان لەسەر ئەوە کۆکن کە لافاوی نووح، دەبێ چەند هەزار ساڵێک بەر لە زایین هەڵستابێ. واتە ئەو سەردەمە لە بواری زانستی بە (نیۆلیتیک) چاخی بەردی نوێ ناو دەبرێ. ئەو سەردەمە سەردەمی گواستنەوەی مرۆڤە لە ڕاو و شکار بۆ نیشتەجی بوون و دەستکردن بە کشتوکاڵ. ڕوون بوونەوەی ووردەکاریەکانی دەروونی ئەو قۆناخە و گواستنەوەی مرۆڤ بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تر، ڕەنگە بتوانێ پەردە لەسەر هەندێک کێشەی تەکنیکی ڕابماڵێ و ڕووناکی بخاتە سەر هەندێ لایەنی گێڕانەوەی لافاو و چۆنییەتی بە ئەفسانە بوونی[1].

بەر لە هەموو شتێک، دەبێ ئاوڕێک لە مێژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە و لە گۆشەنیگایەکی فراوانتر ڕووداوەکە ببینین. تێڕوانینێکی ڕیالیستانەی گێڕانەوەی هەر ڕووداوێک جا سرووشتی یان کۆمەڵایەتی هەمیشە بنەڕەتێکی هەیە، لەخۆیەوە سەری هەڵنەداوە.
ئەوەی لێرە جێگای پرسیارە: ئایا ئەو گێڕانەوەیە یان گێڕانەوانە تا چەند دەتوانن گوزارە لە ڕاستی ڕووداوەکە بکەن؟

بەتایبەتی داستانێکی چەند هەزار ساڵ لە ئێمە دوور. کە بەپێی تێپەڕبوونی کات و پەرسەندنی کۆمەڵایەتی، ئەوەندە گۆڕانکاری بەسەر فۆرم و سترەکچەری لافاو و گێڕانەوەکانی داهاتبێ، ئەستەمە دیمەنێکی ڕیالیستانە بداتە دەست. هەر بۆیەش مرۆڤ دەخاتە دووڕیانێک لە نێوان گومان و ڕاستی.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو قۆناخە و ووردەکارییەکانی. بڕوانە بەشی حەوتەم خاڵی ٤ لاپەڕە ١١٤ تا ١٢٠.

شتێکی حاشا هەلنەگرە، کە داستانی لافاوی نووح و دووبارە بوونەوەی لە ناو هەموو گەلان. بەدرێژایی مێژوو توانیویەتی کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوتی پەرەسەندنی شارستانییەتی و دین دابنێ. جا چی لەباری کۆمەڵایەتی و چی لەباری دەروونییەوە کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبێ. ئەوەش پرسەکە گەورەتر و قووڵتر دەکات.

ڕەنگە لافاوێک یان چەند لافاوێک هەڵستابن و داستانی جۆراوجۆریان لە دوای خۆیان بەجێ هێشتبی. بەڵام کام لافاو توانیوییەتی، ئەوەندە بە قووڵی مۆرکی خۆی، لەسەر تەوێڵی مێژوو بەجێ بێڵێ ؟

ئەگەر بە ووردی و بابەتییانە، سەیری ئەفسانەکان بکەین. بۆمان دەردەکەوێ، ئەو ڕووداوە گەورەیە، دەبێ لەناوچەیەکی نێوان میسۆپۆتامیا و یۆنان ڕوویدابێ. هۆی ئەو بۆچوونەش، لەوەوە دێ. لەلایەک ئەفسانەکانی ئەو دووشارستانییەتە، هەم لە ڕووی ووردەکاریی و هەم لەڕووی فرەجۆری گێڕانەوەکان فراوانتر و قوولترن لە کولتوورەکانی یتر. لەلایەکی تر گێڕانەوەکان لە سەردەمانێکن، کە دەبێ لافاوەکە بەلای کەم زیاتر لە ٥ هەزار ساڵ پ.ز بێ.
ئەوەش بە بەراورد لەگەڵ یەکەم تابلۆی سۆمەر و ئەفسانەی داردەنووسی یۆنانی شتێکی سرووشتییە. کارەسات یان ڕووداو ماوەیەکی مێژوویی زۆری پێدەوێ تا ببێتە ئەفسانە. ئەو ماوە دوور و درێژەش تا دێ پێ بە پێ مەیدانی تێگەیشتن و مامەڵەتکردن لەگەڵ ئەو ڕووداوانە و گێڕانەوەیان لێڵتر دەکەن. هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی ڕیالیستانە دەبێتە کارێکی ئەستەم. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گێڕانەوەی دەماودەم، بە شێوەیەکی لەسەرخۆ بەپێی کات دەگۆڕێن. فۆرمێکی تر وەردەگرن، کە زۆر جیاوازبێ لە ڕاستی ڕووداوەکە. لەو ماوە دوورەدا دەبنە ئەفسانە و ڕۆدەچنە ناو دەروونی مرۆڤ. لێرەدا مرۆڤ بەرەو ڕووی هەڵوێست وەرگرتن دەکاتەوە. وەرگرتنی هەڵوێستیش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی

هوشیاری کۆمەڵ، کە تاک پێیەوە بەندە و ناتوانێ لە ئەو چوارچێوە دەرچی، کە بۆی دانراوە.[1]

ڕەنگە لەسەرەتادا ئەو لافاوە ڕووداوێکی سرووشتی گەورە بووبێ. تاکی ئەو دەمە و سەد ساڵیش دواتر، لێکدانەوەی ریالیستی و لۆژیکانەیان بۆ کردبێ. بەڵام نەوە دوای نەوە گێڕانەوەی دەماودەم، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتبێ. لافاو چەند شێوەی جۆراوجۆری، چی لە شێوەی ڕەوانبێژی و چی لە قەبارەی لافاوی لێ پەیدا بووبێ. (بڕوانە بەشی یەکەم) دوایش کە هاتووتە سەر تەختە بەردە نووسراوەکان، ئەوسا جێگیربووە و ماکی سەردەم و دەستەڵاتی وەرگرتووە.

لە هەردوو شارستانییە دێرین و دینەکان کاریگەری لافاو دەگەڕێتەوە بۆ چۆنییەتی تێگەیشتن و لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ دیاردەکانی سرووشت. ئەوەش وایکردووە کە بە ئاسانی لەگەڵ هێزێکی خەیاڵی دەرەوەی تێگەیشتنێکی ڕیالیستانەی مرۆڤ تێکەڵبێ.
ئەو هێزەش بە پێچەوانەوە. چۆنییەتی جیهانبینی مرۆڤ ئاراستە دەکات، کە چۆن لێکدانەوەیان بۆ لافاو هەبێ. بنەڕەتێک بۆ داڕشتنی چوارچێوەی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ هەر دیاردەیەک، دەکرێ لە ئاستی جیهانبینی و هوشیاریی ئەو کۆمەڵە سەرچاوە بگرێ. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی لەگەڵ گۆڕانی بیروباوەڕ و هوشیاری کۆمەڵگە، ئەویش نەک تەنیا فۆرم و قەوارەی لافاو، بەڵکوو پرۆسەکە لە بنەڕەتدا شێوەیەکی نوێ وەردەگرێ. تەنانەت خوداش فۆرمی دەگۆڕێ، پاشا ئیتر نەمر نییە و بۆتە پێغەمبەر.

---

[1] Svedberg, Lars (2000) Gruppsykologi. Om gruppers, organisationer och Ledarskap. Studentlitteratur.

هاوکات لەگەڵ پرۆسەی گۆڕانکارییەکان، دەستەڵات هەمیشە هەوڵدەدا زانیارییەک بەرهەم بێنێ، کە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵ و بەرژەوەندی خۆی بگونجێ. تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێ بەبێ هیچ تەقەلایەک ئاراستەی کۆمەڵ بەو لایەدا ببا، کە خۆی مەرامییەتی. زانیاریش بە بەردەوامی گۆڕانکاری بەسەردادێ، و لەگەڵ ڕەوتی هوشیاری کۆمەڵگە، و پرۆسەی پەرەسەندن و بنیاتنانەوەی زانیاری هاوسەنگی خۆی دەپارێزێ. و لەگەڵ هەڵومەرجی نوێ دا دیگونجێنێ. تا دەگاتە ئەو ئاستەی تاکەکان خۆیان بەرگری لەو زانیارییە دەکەن کە بۆیان بەرهەم دەهێنرێ. بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر چی بەرهەم هێنانی یان بەکارهێنانی هەبێ. تەنانەت ناتوانن بە گومانەوە بیریشی لێبکەنەوە.[1]

بوونی لافاوێکی گەورە و گێڕانەوەی پڕۆسەی ڕووداو و هۆکارەکانی بەپێی ئاستی پێشکەوتنی شارستانی و نەریتەکانی لە هەر کۆمەڵگەیەک لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی بۆ کراوە و دەکرێ.
تێگەیشتنی دەستەڵات چوارچێوەیەکی زانیاری بۆ دیاردەکان لە بەرژەوەندی خۆی دیاری دەکات. بوونی لافاو و ئەفسانەکەی لە دیدی پاشاکانی سۆمەری و ئەکەدی ناوچەیی بوو و دۆستی مرۆڤیش ئێنکی بوو، کە زیوسوودرا (سۆمەر) و ئەتراهاسیس ( ئەکەد) ی ئاگادارکردەوە. و ڕێنمایی کردن چۆن کەشتی دروست بکەن. لەسەردەمی بابلییەکان داستانەکە لە ڕووی فۆرمەوە هەروەک خۆیەتی، کەچی قەبارەی لافاو گەورەتر بووە، خوداش هەمان خودایە، ناوی گۆڕاوە بە ئێیا. پاشاکانی بابل بەئیمپراتۆرییەتێکی مەزنتری جوگرافی لە هەردوو سۆمەری و ئەکەدییەکان دامەزراند. بۆیە سەیر نییە کە زێدەڕۆیی لە ئەفسانەی لافاویش ڕەنگ بداتەوە. بە پێی گۆڕانی کات و فراوانبوونی دەستەڵات لە لافاوێکی ناوچەیی بچووک بگۆڕێ بۆ سەرتاسەری ( جیهانی).

---

[1] ئەو سیستەمە پێی دەگوترێ Govermentality بۆ یەکەم جار میشیل فۆکۆ لە ساڵانی ١٩٧٠ وەک چەمکی زانستی بۆ چۆنییەتی ڕەفتاری دەستەڵات و شێوەی دروستکردنی زانیاری بەکاری هێنا.

ئەوەی جێگای پرسیارە هەر لە ئەفسانە سەرەتاییەکانەوە، دەستەڵات هەوڵی داوە جیاوازی لە نێوان دەستەڵاتدار و ژێردەست نیشان بدا. بۆ نموونە بۆ ئێنکی و ئێیا تەنیا پاشایان هەلبژارد بۆ ڕزگارکردنی ڕەگەزی مرۆڤ؟ بۆ تەنیا پاشا نەمر بوو؟ ئایا تەواوی سۆمەرییەکان، ئەکەدییەکان و بابلییەکان خراپەکار بوون؟ بۆچی و لەسەر کام تاوان دەبوایە سزابدرێن؟ کەچی مێژووی مرۆڤایەتی شایەتە. کە پاشا و میر تا دەگاتە کێخوای گوندێکیش، زۆردار و خراپەکارترن لە خەڵکی چەوساوە. بەڵام زانیاری دەستەڵات، کارەکانی بەلایەکی تر وەرچەرخاندەوە. پاشا هەم پەسندە لای خودا و هەم نەمریشە. چەوساوەش خراپەکارە. دواتر دەبینین هەمان شت لای دینەکانیش دووبارە دەبێتەوە. نووح و ژنەکەی و کوڕ و ژنەکانیان بووردراون. کەچی چەوساوە و بەدبەختەکان خودا قینی لێ هەڵستاون. ئەوەش لە تەورات بە ڕاشکاوانە باسی کراوە و لە قوڕئانیش دووبارە بۆتەوە.

لێرەدا ڕۆڵی دەستەڵات لە بنیات نانی ئەفسانە دیار دەکەوێ. بەرهەم هێنانی زانیاری نوێ بۆ کۆیلەکردنی مرۆڤ بە شێوەی Governmentality[1]، تا بتوانێ بەبێ هیچ هەوڵێکی دەستەڵات خۆی خۆی کۆنترۆل بکات زانیارییەکەش وا پیرۆز بکات کە نەوە دوای نەوە خۆی خۆی بگوازێتەوە، تا دەگاتە ئاستی بە پیرۆز زانینی و خۆ کۆیلەکردن و بەرگری لێ کردنی. ڕووداوی لافاوو و لێکدانەوەی دیمەنێکی ووردی ئەو زانیارییەیە کە دەستەڵات نەک دروستی دەکات، بەڵکوو بەردەوام نوێکاریشی تێدا دەکات. تا شێوەی کۆیلەکردنەکە قووڵتر و کاریگەرتر بێ.

[1] Governmentality میشیل فۆکۆ مەبەستی ئەوەیە کە دەستەڵات هەوڵدەدا زانیارییەک بەرهەم بێنێ بۆ ئەوەی، کۆنترۆلی تاکەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی کاریگەر بکا، تا دەگاتە ئەو ئاستەی هاونیشتمانیان خۆیان بەرگری لە دەستەڵات وزانیارییەکەی بکەن. ئەوەش لە ڕێگای زانیاری گۆنجاو و پلان بۆدانراو.

دەستەڵات و شێوەی ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەن لە ئاستێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. بۆیە کۆمەڵگە و دەستەڵات ئاوێنەی یەکترن لە چۆنییەتی جیهان بینی و رەفتارکردن. لەلایەک بەرامبەر بە دیاردەکانی سرووشت. لەلایەکی تر بەرامبەر یەکتری. ئەوەش دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆنتێکستێکی هەمەلایەن کە لەگەڵ ئاستی هوشیاری و تێگەیشتنی کۆمەڵگە بێتەوە.[1]

دوای ئەوە کاتی دیاردەی ڕووداوی لافاو و ئەفسانەکەی. دەپەڕێتەوە ناو دینە جیاجیاکان و ڕەنگدانەوەی لە پەیامیان بۆ مرۆڤ. گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شێوەی گێڕانەوەکە وەردەگرێ. کەچی پەیامەکە هەمان پەیامی شارستانییەکۆنەکانە.

ئەو گۆڕانەی لە فۆرم و ناوەرۆکی داستانی لافاودا. دوو هۆکاری هەیە. یەکەم مرۆڤ بە قۆناخێکی هەستیار دا تێپەری و وازی لە فرەخودایی (فرەپەرستی) هێناوە و دەستی بە تاکپەرستی کردووە، هەر بۆیەش فۆرمی گێڕانەوەکە دەبێ شێوەیەکی تر وەربگرێ. دووەم فراوان بوونی ڕووبەری جوگرافیایی. ئەوەش کاریگەری لەسەر دەستەڵات و قەڵەمڕەوەکەی هەیە. ئەو پرۆسەیەش هەر لە سەردەمی بابلییەکانەوە دەستی پێکردبوو، بە پەیدابوونی دینە تاکپەرستەکان، زیاتر پەرەی سەند و فۆرمەکەی لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا گونجێندرا.

ڕووداوی لافاو وەک چمکێکی نوێ و چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی لە نێو دینە ئیبراهیمییەکان (جوولەکە، کریستیان و ئیسلام). هەر ڕووداوە کۆنەکەیە، لە بەرگێکی نوێدا. بە بەراورد لەگەڵ شارستانییەتەکانی سۆمەر و ئەکەد و بابل. دیمەنی دیاردەکە ڕوونتردەبێ و نهێنییەکانی قووڵتر دەبن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی. لێرە بەدواوە ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە لە

---

Engels, Friedrich (1884) The origin of the family, private property and the state. [1]

نێوان خودا و نێردەکەی نامینێ. بۆ نموونە لە نێوان ئێنکی و زیۆسوودرا و ئەتراهاسیس پەیوندییەکی ڕاستەخۆ هەبوو، کەچی لە نێوان نووح و خوداکەی ئە پەیوەندییە نامێنێ.

هەرچەندە هەر سێ دینەکان لەناو هەناوی ئەو گەلانە و شارستانییەتەکانیان پەیدابووین. میراتگری کولتوور و شارستانییەتی ئەوانن. و داستانی لافاو و ئەکتەری ڕزگارکەریش کۆپییەکی هامان شارستانییەتییە. کەچی ئاست و ڕەوتی گێڕانەوەکە شێوەیەکی نوێ وەردەگرێ. و ئەفسانەکەش هەم دەبێتە ئامرازێکی دینی و هەمیش وەک ڕووداوێکی پیرۆز بە درێژایی ٤ هەزار ساڵ تەنیا نووح کەشتی وانە و خۆی لە دینە ئیبراهیمییەکان دووبارە دەکاتەوە.

ئەو پرۆسەیە لە ناو دینەکانی تری ناوچە جیاجیا کانی جیهان بە هەمان شێوە پرۆسەکەی گۆڕاوە و دیمەنی سرووشتی کۆمەڵایەتی، بە پێی ژینگە و باوەڕی دینی وەرگرتووە.
لە دینەکانی زەردەشتی و هیندۆسی ڕەوتی بە دینی کردنی ئەفسانەکە، و شێوەیەکی کۆمەڵایەتی تری هەیە. کە جیاوازە لە دینە ئیبراهیمییەکان. هەرچەندە خودا بەدوای کەسێکدا دەگەڕێ بۆ ڕاسپێرییەکەی، بەڵام ئەو کەسە پیخەمبەر نییە. بەڵکوو دەستەڵاتدارە. لە دینی زەردەشتی پاشایە و لە دینی هیندۆسیش وەزیرە. سەرەڕای ئەوە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەو دوو دینە، شێوەی ڕووداوەکە و جیهانبینی لە ناوەرۆکی داستانەکە جیاوازە، بەتایبەتی دینی زەردەشتی (بڕوانە بەشی یەکەم). ژینگەی کۆمەڵایەتی و جیهانبینی دەستەڵات، پەڕجووی داستانەکە و شێوەی بەکارهێنانی دیاردەکەن.

گۆڕانی داستانەکە لە ئەفسانەیەکی کولتوور و شارستانیی بۆ ئەفسانەیەکی دینی پەیوەندییەکانی نێوان خودا و نێردەکەشی دەگۆڕێ. نێردەکەی ئیتر نەمر نییە مرۆڤێکی ئاساییە و کۆیلەی خودایە. ئەوەی رووشدەدا لە دەرەوی توانا و تێگەیشتنی نێردەکەی و

مرۆڤ دەبێ، هەر بۆیەش کاریگەرییەکی دەروونی لەسەر تاکی کۆمەڵ پەیدادەکات و توانای بیرکردنەوە ودۆزینەوەی ئالترنەتیڤی نامێنێ.

لافاویش لە کاریگەرییەکی ریالیستانەی سرووشتی بەهێز دەگۆڕێ بۆ ئەفسانەیەکی کە تەواوی مێشکی مرۆڤ کۆنترۆل دەکا. بە درێژایی مێژوو وەک ڕاسپێرییەکی پیرۆز، دەبێتە کۆت وپێوەند لەسەر کۆمەڵگە، وەک سێبەر هاوڕێی گەشتی ژیانی و پەیوەندییەکانی دەبێ. چونکە هێزێکی سرووشتییە و مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی وێنای بکات و سەرەڕای ئەوە گۆڕدراوە بۆ پەیامێکی ئاسمانی کە مرۆڤ لەبەرامبەری بێدەستەڵاتە.

بە پلەی یەکەم هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕووداوەکە بە لایەنێکی نادیار بەستراوەتەوە و بە ئاسانی مرۆڤی پێ کۆنترۆل دەکرێ. کۆمەڵگەش بەپێی تێپەڕبوونی کات، تا دێ بە بەردەوامی و بێ پسانەوە ئەفسانەکە کاریگەرتر دەکا.
هەر ئەو هێزە نادیارەشە کە دەبێتە بنەڕەتیک بۆ لێکدانەوەی مرۆڤ سەبارەت بە ڕووداوەکان و کاریگەرییان. کە بەستراوەتەوە بە ئاستی هوشیاری بەرامبەر پرۆسەکانی دیالێکتیکی دەروونی سرووشت. بۆ ئەوەی بتوانێ درک بە هۆکار و دەرئەنجامەکانی بکات.

بە پلەی دووەم کارەساتی لافاو، وەک دیمەنێکی ترسناکی سرووشتی دەتوانرێ بە ئاسانی دیمەنی و ترسناکییەکەی لە مێشکی مرۆڤ دا، وەک فیلم بکێشرێ. ئەوەش وادەکات کە هەمیشە کارەساتێکی بەهێز لەلایەن هێزێکی نادیار بەسەر هۆش و دەروونی مرۆڤ دا زاڵبێ. بۆ تۆقاندن چەکێکی بە هێزبێ.

لەوەتەی ئەو جیهانە بەر لە ٤،٦ ملیارد ساڵ ئەفرێندراوە، بەبەردەوامی ئامانج بووە بۆ کارەسات و ڕووداوی سرووشتی. جا ئەگەر ئاڕاستەی پەرەسەندنی، نەش گۆڕیبێ ئەوا

کاریگەری لەسەر داناوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی پەرسەندنی مێشکی مرۆڤ و لێکدانەوەی بۆ کارەساتەکە.
بۆ زیاتر تێگەیشتن، لە مەبەستی ئەو باسە. با دوو ڕووداوی سرووشتی گەورە لەگەڵ لافاوی نووح بەراورد بکەین.

## ڕووداوی یەکەم

دەریای سپی ناوەڕاست بەر لە ٥٠ ملیۆن ساڵ لە ئەنجامی بەریەک کەوتنی کیشوەری ئەفریقا و کیشوەری ئەوڕوپا دروست بووە. ئەوەش هاوکات لەگەڵ بەریەککەوتنی هیندوستان لەگەڵ ئاسیا.[1] دەریای سپیّ ناوەڕاست هەرچەندە هەندێک لە دەریاکانی تری جیهانی دابڕابوو، بەڵام ئاوی هەر هەبوو. بەرلە ٥،٦ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا گەرووی جیبراکتەر گیرا و بە تەواوی پەیوەندی لە نێوان دەریای ئەتلەنتیک و دەریای سپی ناوەڕاست بڕا. ئەوەش درێژەی هەبوو تا ٥،٣ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر. تا وای لێهات لە دەوروبەری ٥،٣٣ ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا قووڵایی دەریای سپی ئەوەندە ووشک بوو، بوبووە بیابانێکی کاکی بەکاکی.[2]

لە دەوروبەری ٥،٣ ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا بە هۆی توانەوەی سەهۆڵ و گەرم بوونی ئەتمۆسفیر، ئاو لە دەریای ئەتلەنتیکەوە توانیویە بە ماوەی ٢ ساڵ دەریای سپی ناوەڕاست بگەیێنێتە ئەو ئاستەی کە ئێمە پێی ئاشناین. واتە زۆر زۆر گەورەتر بووە لە لافاوی دەریای ڕەش و نووح.[3]

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی حەوتەم - ١. توێژەکانی زەوی لە ناوەڕاستی ئاسیا و ئاسیای بچووک.
[2] Forskning och framsteg 2010 – maj - 04
[3] هەمان سەرچاوە

ئەو ڕووداوە. چی لە گۆڕانی تۆپۆگرافییای سرووشت و چی کاریگەری لەسەر ژیانی بوونەورانی سەر زەوی. زۆر گەورەتر بووە لە لافاوی نووح. کەچی نە پیرۆزە و نە سزای بوونەوەرانیش لەلایەن هێزێ نادیارەوە هاتووە. مێژووی مرۆڤایەتی هەر باسیشی ناکات.

هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو قۆناخەدا مرۆڤ هێشتا وەک بوونەوەرێکی هوشیار و سەربەخۆ نەیتوانیووە بەسەر سرووشت دا زاڵ بێ. تا ئەو کاتە بە تەواوی لە برا مەیموونەکانی دانەبڕابوو و توانای بیرکردنەوەی قووڵ و پەیجووری ئەو پرسیارە گەورانەی نەبووە.
هەر بۆیە نیتوانیووە ئەو ڕووداوە گەورەیە درک بکا و بیکاتە ئەفسانەیەکی نەمر. و ڕەنگە تەنیا هەڵاتنی بەدەستەوە بووبێ و دوای گەیشتنە شوێنێکی ئارام ئیتر لەبیری چووبێ.

## ڕووداوی دووەم

لە ٢٤ مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٤ تسوونامی هەڵستا و لەماوەیەکی کەمتر لە دوو ڕۆژ لە نێوان ٢٣٠ تا ٢٧٠ [1] هەزار کەس بوونە قوربانی ئەو لافاوە گەورەیە. بێجگە لەوەش بە چەندان ملیۆن خەڵکی ناوچەکانی کارەساتەکە دەربەدەر بوون و نەخۆشی و برسییەتی بەشێوەیەکی ترسناک بڵاو بوونەوە، ڕوخانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەیشتە ئاستێکی چاوەڕوان نەکراو[2]. وولاتەکانی قەراخی دەریای هیندی بە شێوەیەکی ترسناک گرتەوە لەوانە تایلەند، ئەندەنوسیا، بەنگلادیش، سریلانکا، بورما، مالداڤا و مەلایسیا بوونە قوربانی هەرە گەورەی ئەو لافاوە. لە قەراخی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقاش تەنزانیا، سۆماڵ و کێنیای گرتەوە زیانێکی کەمتری بە دانیشتوانی قەراخ دەریا بەتایبەتی کەشتیوان

[1] Aftonbladet 22 august 2005
[2] National Geographic 7 januari 2005

و ماسیگرەکان گەیاند. ئەندازەی تسونامی چی لە ڕووبەری کارەساتەکە وچی لە کاریگەری ئابووری و کۆمەڵایەتی، شتێکی کەمتر نەبوو لە لافاوی نووح.
بەڵام ئاستی زانستی و هوشیاری کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیا، بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی ئەوە نادا نووحێکی تر دروست بێ و مرۆڤایەتی بە کەشتییە چەپرەکەکەی ڕزگار بکا .

وولاتانی جیهانی پێکەوە بوونە نووح و بە هانای ئەو وولاتانەوە چوون. لە ماوەیەکی کورت، هەم یارمەتی ئەو ولاتانەیان داو هەمیش توانیان هۆکارەکانی ئەو لافاوە دیار بکەن. توانییان چارەسەریش بۆ پێشگرتن لە ئایندەدا بەگوێرەی توانا دابنێن. هەرچەندە پێشبینی کردن لە کارەساتی سرووشتی کارێکی ئەستەمە، بەڵام خۆ ئامادەکردن، مەحاڵ نییە.

سەبارەت بە لافاوی نووح، هەر چەندە چی لە ئەفسانەی گەلانی جیاواز و چی لە ناو کتێبی دینەکان، تەمومژ ولێلییێکی تەواوی بەسەرەوەیە. کە ڕاستی ڕووداوەکەی گۆڕیووە بۆ ئەفسانەیەکی پیرۆزی خودایی. بەڵام لە ڕووی زانستییەوە، ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە، کە لافاوێکی لەو شێوەیە ڕوویداوە و کاریگەرێیەکی گەورەی لەسەر ژیانی خەڵکی هەبووە و ژیانی مرۆڤیشی بە هەنگاوێکی مەزن بەرەو پێشەوە بردووە.

بەرزبوونەوەی ئاوی دەریای سپیی ناوەڕاست بە هۆی پاڵەپەستۆی زەریای ئەتلەنتیک. لە ئەنجامی توانەوەی سەهۆڵێ ناوچەکانی پۆلی باکوور و ئەسکەندەناڤیاوە. دەرئەنجامەکەی بووە هۆی تەوژم و پاڵەپەستۆی ئاوی دەریای ناوەڕاست بەرەو گەرووی بۆسفۆر. دوای بەرگەنەگرتنی گرد و تەپۆلکەکەنی نێوان دەریای سپێ ناوەڕاست و دەریای ڕەش. و درز پێبردن و هەڵدڕینی کەناڵێکی زۆر گەورە کە لە ماوەی شەووڕۆژێک ٢٠٠ جار بەقەد تەواوی تافگەی نیاگارا، ئاو لە دەریای سپیی ناوەڕاست ڕژاوەتە دەشتاییەکانی دەوروبەری دەریای ڕەش. ئەوەش وای کردووە خەڵکی ناوچەکە بەرەو هەمووولایەک بە پەلە کۆچ و ڕەوبکەن. پسپۆڕانی جیۆلۆژی شوێنەواری ڕووداوی لافاو و دادڕینی کەنالێکی گەورەیان

لە ناوچەکانی بۆسفۆر دۆزیوەتەوە. سەرەڕای ئەوە زەریاناسان توانیویانە ئەوە تۆماربکەن، کە ٧٦٠٠ لەمەو بەر دەریای ڕەش دەریاچەیەکی ناوچەیی ئاستی نزم بووە ئاوەکەشی شیرین و سازگار بووە . دواتر بە هاتنی ئاوی سوێر لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە هەموو ئەو گینلەبەرانەی ئاوی شیرین لەناو چووین و لە جیاتی ئەوان هی ئاوی سوێر جێیان گرتوونەتەوە.

جیاوازییەکە بەگشتی لەوەدایە، هەڵستانی دەریای سپی ناوەڕاست لە دەستپێکی پەرسەندنی مرۆڤ دا بووە. هەر لەو سەردەمەوە کۆچ و ڕەو و بڵاوبوونەوەی دەستی پێکردووە. هەرچەندە زۆر گەورەتر بووە لە هەموو لافاو و بوومەلەرزەکانی جیهان، کەچی مرۆڤایەتی نەک هەر پیرۆزی ناکا. بەڵکو هەر ئاگاشی لێ نییە. ئەو بابەتە تەنیا لەلای لێتۆژەرەوان ڕووداوێکی ئاشنایە. تسوونامی لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی هەم لەڕووی تەکنۆلۆژیا و هەمیش پەرەسەندنی مێشکی تاک ڕێگا نادا ببێتە ئەفسانە.

بەڵام لافاوی دەریای ڕەش لە سەردەمێکدایە مرۆڤ لە بەرەبەیانی هوشیاریدایە و پرسیاری گەورە مێشکیان هەراسانکردووە و بەدوای وەڵام دەگەڕێ و دەستی ناکەوێ، ئاستی تێگەیشتنی تەنیا بۆ دیاردەکانی سرووشت و هێزێکی نادیار دەچێ، کە نازانێ چییە و خۆی وەک هێما ناوی لێدەنێ (ئێنکی دوایی ئێیا ... هتد) ، هەر بۆیەش پەنا بۆ ئەفسانە دەبا و لە گەڵ دیاردەکانی تری وەک نەخۆشی زۆر و برسییەتی، گرانی... هتد. دەکاتە وەڵامی خودایی. و لە کلاوڕووژنەی ئەو کارەساتانە داستانەکان دەهۆنێتەوە.

دوای ئەوەش هاتنی دینەکان هەنگاوێکی ترە لە بەرجەستەکردنی هۆشی مرۆڤ. پەڕینەوە لە فرەپەرستی بۆ تاکپەرستی، بەڵام هێشتا ئاستی پەرسەندنی هوشیاری، لەو پلەیە دانییە. تا وەڵامی کارەساتە گەورەکانی پێبێ. وادەزانێ تەنیا ئەو تاکەی ئەو دەیپەرستێ، ئەو هێز و توانایەی هەیە کە ئەو کارەساتەنە ئەنجام بدا. داواشی لە مرۆڤ ئەوەیە کە بیپەرستن و

کۆیلەی بەردەرگای بن. جا لافاوی نووح یا هەر ناوێکی تر، دەبێتە کارێکی خودایی و لە گشت لافاو و کارەساتەکانی تری سرووشت جیا دەبێتەوە.

مرۆڤ و کولتووری بەرهەمێ ژینگەن. ئاستی پەرەسەندنی مرۆڤ لە سێ ڕووداودا. ڕووداوی دەریای سپی ناوەڕاست پێش ٥،٦ ملیۆن ساڵ، لافاوی دەریای ڕەش بەر لە ٧،٦ هەزارسال و تسوونامی لە ساڵی ٢٠٠٤. هەرسی لافاو لە ڕادە بەدەر گەورەن و کاریگەرییان بە شێوەی جیاواز لەسەر پرۆسەی پەرسەندنی سرووشت و مرۆڤایەتی هەبووە و هەیە. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنج دانە، تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ هەریەک لەو سێ ڕووداوانە جیاوازە، ڕەفتاریشی بەرامبەرییان لە چۆنییەتی تێگەیشتنی سەرچاوە دەگرێ.

لەلایەکی تر پسپۆران بەگومانن، لە لافاوێکی بە تەوژمی وەک لافاوی نووح. وەک لە پەرتووکە دینییەکان دا هاتووە. ئەگەر لافاوێکی وا ڕوویدابێ و هەموو شتێکی نقووم کردبێ و هەموو بوونەوەری سەر زەوی قڕکردبێ، دەبوایە شوێنەواری لاشەی مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی تر بدۆزرابایەوە، وەک چۆن کەرەستەی تر دۆزراوەتەوە.[1]

پسپۆرانی بوارە جیاجیاکانی زانستی لەسەر ئەوە کۆکن، کە لافاوێک ڕوویداوە. بەڵام تا ئێستاش نەیان توانیووە، لاشەی مرۆڤ و گینداری تر بدۆزنەوە، کە بەڵگەبێ بۆ سەلماندنی بوونی لافاوێکی قڕکەر. و هۆکاری بێ بۆ کۆچ ورەوی خەڵکی دەوروبەری دەریای ڕەش.

---

[1] Allt om vetenskap 2015 maj 24

سەرەڕای ئەوەش پسپۆران لەسەر ئەوە کۆکن کە لافاو تەکانێکی بە هێزبووە بۆ ڕەوتی پەرسەندنی شارستانییەتی. نەک تەنیا ناوچەیەکی بچووک، بەڵکوو سەرتاسەری ناوچەکە هەر لە ناوەڕاستی ئەوروپاوە ( بۆلگاریا، هەنگاریا و یۆنان..هتد) تا دەگاتە ناوەڕاستی ئاسیا ( ئاسیای بچووک، میسۆپۆتامیا تا پاکستان و هیندستان).

ئەو کاریگەرییە هەم لە ڕووی تەکنیکی کشتوکاڵ و ئاودێری تا دەگاتە گۆزەگەری و خانوو و بەرە. لەبەر ئەوەی ناوچەکانی دەورو بەری دەریای ڕەش زۆر پێشکەوتووتر بووین لە ناوچەکانی تر و ئەو پێشکەوتنەیان لە گەڵ خۆیاندا گواستۆتەوە، بۆ ناوچە جیاجیاکانی جیهان.

ئەوەش لەگەڵ ئەفسانەکانی گەلانی دەوروبەری، چی میسۆپۆتامیا و چی یۆنانی باش دەگونجێ. یەکەم هەردوو کۆمەڵگە یەکەم ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی کۆچ و ڕەوی دانیشتوانی دەوروبەری دەریای ڕەشیان لەسەربووە. ئەوەش لە ووردەکارییەکانی ئەفسانەکان، باش بەدی دەکرێ.

دووەم گێڕانەوەی ئەفسانەکان لە هەردوو شارستانییەتی، بە چەندان شێوە تۆمارکراوە. ئەوەش لە خۆیدا ئەوە دەسەلمێنێ، کە سەرەڕای جیاوازی کولتوور و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، یەک سەرچاوە هەر هەموویان بەیەک دەبەستێتەوە ئەویش دەریای ڕەشە.

لێرەدا لەسەر دووڕیانی نێوان ئەفسانەی شارستانییە کۆنەکان و دین لەلایەک و لێتۆژینەوەی زانستیانە لەلایەکیتر، هەڵوێستە دەکەین. جیاوازییەکی بنەڕەتیی لە بۆچوونی ئەفسانەی دینەکان لەگەڵ زانست داهەیە. جیوازییەک کە خۆی لە جیاوازی نێوان بیروباوەڕی ئەفسانە و ڕیالیزم دا دەبینیتەوە.

یەکەم ئەو لافاوە بەو شێوەیە نەبووە کە دینەکان باسی دەکەن، لەبەر ئەوەی نە لەڕووی زانستی و نە لەڕووی کۆمەڵناسییەوە لۆژیکی تێدا نییە. دووەم ئەو لافاوە یان گۆڕانی تۆپۆگرافی ناوچەکانی دەوروبەری دەریای ڕەش بەو خێراییە نەبووە، کە لە پەرتووکە دینییەکان باسی دەکەن. بە پێی دەرئەنجامی لێتۆژینەوەکان دەبێ ماوەیەکی دوورودرێژی تا نزیکەی ٢٠٠ ساڵی پێ چووبێ و خەڵکەکە پێ بە پێ کۆچ و ڕەویان کردبێ و لە ناوچەکانی تر نیشتەجێ بووبن. نەک تاکە کەسێک بە تەنیا لەگەڵ خێزانەکەی ڕزگار بووبێ و سەر لە نوێ بنیاتی مرۆڤایەتی نابێتەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بخرێتە پێش چاو ئەوەیە، لافاو و کاریگەرییەکانی چی شیوەی هاتن و خێرایی لافاوەکە. وەک هەموو لافاوێکی تر بووە. لە هەر سەردەمێکی مێژوویی پەرەسەندنی سرووشت جا لافاو، بوومەلەرزە یان بورکان ڕوویداوە و هەم بوونەوەرەکان کۆچیان کردووە و هەمیش تۆپۆگرافیای سرووشت گۆڕاوە. بەڵام سەردەمی ڕووداوەکە بڕیاردەرە تا چەند ئەو کارەساتە لە ژیانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی هەبێ.

لافاوی نووح بەهۆی بوونی بەو ئەفسانە کاریگەرە، وەک چەکێک لە ناوچە جیا جیاکانی جیهان توانیویەتی، ببێتە پیرۆزترین ڕووداوی خودایی. دوای ئەوەش کۆچ و ڕەوی دانیشتوان و گێڕانەوەی بەسەرهاتی لافاو و کاریگەری لە خێزان بۆ خێزانێکی تر. تابگرە لە تاک بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێ و لە هەر کولتوورێکیش ماک و شوێنەواری ئەو کۆمەڵگەیە وەردەگرێ کە لێی دەگێردرێتەوە، هەر بەپێی نەریت و کولتووری ناوچەکەش پەرە دەستێنێ و شێوەی نوێ وەردەگرێ. ئەگینا ئەو لافاوە کارەساتێکی سرووشتی بووە و کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوتی پرۆسەی گۆڕانی ژینگە کردووە. ڕووداوەکە بە هیچ شێوەیەک لە دەرەوەی توانای سرووشت نەبووە. سزایەکیش نەبووە خوداکان بە مرۆڤیان ڕەوا بینیبێ.

سەبارەت بە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا کە دەبێ لافاوێکی وا گەورە ڕووی دابێ، ئەوەش ڕێی تێ ناچی لە ڕووی جوگرافییەوە هەردوو ڕووباری دیجکە و فوڕات توانای ئەوەیان تێدا نییە، بتوانن لافاوێکی وا گەورە دروست بکەن کە ئاو هەڵبستێ و تا دۆندی ئارارات نقووم بکا. ڕەنگە لافاوی بچووک هەڵستابن. ئەوەش لە داستانە سەرەتاییەکانی سۆمەری دیارە. بەڵام ڕەنگدانەوەی بەو شێوەیە تەنیا لافاوی دەریای ڕەش و نقوم بوونی دەشتاییەکانی دەوروبەری جێی متمانەیە. کۆچ و ڕەوی دانیشتوانی بەرەو هەموولایەک، وایکردووە کە دەنگۆی لافاو وا بە کاریگەری بخزێتە دەروونی میللەتان. بە تایبەتی گەلانی نزیک ئاسیای بچووک، میسۆپۆتامیا لەلای ڕۆژ هەڵات و یۆنان، هەنگاریا و بولگاریا لەلای خۆر ئاوا. ئەفسانەی جۆراو جۆری لێ بهۆننەوە. بەتایبەتیش سۆمەرییەکان لە ڕۆژهەڵات و یۆنانییەکان لە ڕۆژئاوا. بەباشی ئەو بۆ چوونە پشتڕاست دەکەنەوە.

لێرەدا پرسێکی تر گرنگە ئاماژەی پێبکری. ئەگەرچی ئەفسانەی لافاوی دینەکان و شارستانییە کۆنەکان لەیەک ڕووداو سەرچاوەدەگرن. بەڵام ژینگەی کۆمەڵایەتی سیما بۆ ئەفسانەکان دروستدەکا. بۆیە دەبینین، تا ئاستێکی دیار جیاوازی لە نێوان لافاوی نووح لە دینە ئیبراهیمییەکان، لەگەڵ سەهۆڵبەندان و دواییش لافاو هەلستانی جەمشید لە ئاوێستا دا هەیە. لافاوی ڕێکڤیدا و مانو لە هیندۆسی. مۆرکی سرووشت و ژینگەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕوون تێدا دیارە.
سەرەڕای ئەوە ڕایان و پیتمان[1] وای بۆ دەچن. ئەو لافاوە و کۆچ و ڕەوەی گەلانی ئاری ئەو ناوچەیە وبڵاوبوونەوەیان بۆ ناوچەکانی تر تەکانێکی بەهێز بووە، بۆ بڵاوبوونەوەی زمانەکانی هیندو ئەوڕوپی بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و دوور. هەرچەندە بۆچوونێکی وا  پێویستی بە لێتۆژینەوەیەکی بەرفراوانی مێژووی پەرەسەندنی زمانەوانییەوە

[1] William Ryan and Walter Pitman (1996) Noah´s flood.

هەیە، کە تا ئێستا مشتومڕی لەسەرە. لەلایەک ڕایان و پێیان دوو دەریاناسن نەک زماناناس. هەرچەندە بۆچوونەکەیان تا ئاستێک لۆژیکی تێدایە. بەڵام لێتۆژینەوەی زانستی مێژووی زمانەوانی پشتڕاستی نەکردۆتەوە. لەبەر ئەوە هێشتا زووە بۆ بڕیاردان لە دروستی بۆچوونەکە لەوە بترازێ شۆڕشێکیان لە تێگەیشتنی ئێمە و وڕێنەکانی دیندا کرد.
هەروەها لە ئایندەدا لێتۆژینەوەیەکی زماناسی لە ڕووی مێژوو و کۆمەڵایەتی بکرێ بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆ چوونە.

لە کۆتاییدا ئەنجامی لێتۆژینەوەی زانستی و بەلگەی جیۆلۆژی و شوێنەوارناسی، دینەکان کەوتوونەتە نێوان دوو بەرداش. هەڵومەرجێکی سەخت. ئەگەر دان بەوەدابنێن کە لێتۆژەرەوان و پسپۆران، بە بەڵگەکانیان سەلماندوویانە کە لافاوی نووح هەمان لافاوی دەریا ڕەشە، واتە دان بەوە دادەنێن کە دین شتێکی دەروەی توانای مرۆڤ نییە و چمکەکانیشی لە ئەفسانە زیاتر نین. ئەوەش ڕاستەوخۆ داننانە بەوەی دین تەنیا داهێنانێکی مرۆڤە لە سەردەمێکی مێژوویی و بەس.

بەڵام ئەوان ڕێگایەکی تریان گرتووە، نکۆڵی لە زانست دەکەن. ئەگەرچی دەشزانن، بێ بنەمایە. کەچی تا ئێستاشی لەگەڵدابێ، هەر بەردەوامن لەسەر داستانە ئەفسانەییەکەی خۆیان و نکۆڵی کردن و پشووتەنگیان بەرامبەر دۆزینەوەکانی زانستی و مێژوویی.

## دەرئەنجام

# سەرچاوەکان:

## به زمانی کوردی


ئابادانی، عەبدوڵڵا موبلغی (٢٠٠٢) مێژووی ئایینی زەردەشتی. وەرگێڕانی: وریا قانع.

حاجی زادە، جەلال. زەردەشتی کورد وخوێندنەوەیەکی فەلسەفی – مێژوویی.

پەرتووکی ڕەش (مصحفا ڕەش)، پەرتووکی پیرۆزی ئێزیدییان

گولالە کەمانگەر (٢٧١٢) قورئان لە نێوان ئوستوورە و جادوو.

مۆکریانی هەژار (١٩٧٢) شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیسی. چاپی کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا. ل ٨٣٧

مەحمود، شێرزاد عومەر. کوردۆپێدیا.


## به زمانی فارسی


جەلیل دوستخواه(١٣٦٤) آوستا نامه مینوی آیین زرتشت. چاپ پنجم.


## به زمانی عەرەبی


جیجو، فرحان امین (٢٠١٠) القومیة الآزیدیة. جذورها- مقوماتها- معاناتها. بغداد

خالق محجوب، سومر – رحم الادیان السماویه.

الشرق الاوسط رقم ١٣٨٠٨٣ ژانواری ٢٠٠١

علی مولا ( ١٩٩٧) دیوان الاساطیر _ سومر و آکاد و آ شور کتاب الثانی

قربی، عمار. الديانة الآزيدية

الكتاب المقدس (١٩٨٨) دار الكتاب المقدس – فی الشرق الوسط

القرآن الكريم (١٩٧٩) دار الايمان – بيروت – لوبنان.

به زمانی سوێدی

Aftonbladet, 2006 april 26

Allt om vetenskap. 2015-november-17

Allt om vetenskap 2015 maj 25

Atlantipedia

Bi 2000 (2000) Bibelkomissionen.

Bibelfakta www.alltombibeln.se

Dagens nyheter 2000 september 20

Epoch time www.epochtimes.se/intraffade-verkligen-sv

Epoch Time 2009 August 11

Fakta om Fartyg: www.faktaomfartyg.se/rosella-1980.html

Fakta om djur

Forskning och Framsteg. 2008 december 1

Geobastard 2010 april 26

Hagman, Olle (2000) Människa Teknik Samhälle. Liber

Hörnqvist, Magnus (1996) Foucaults maktanalys. Carlsson bokförlag

Illustrerad vetenskap nr:3 1999. Bilaga Från apa till människa.

Lundquist, Anders (2016) Kan människan andas vatten? Om våra luftvägar och lungor. Lunds Universitet.

National Encyklopedin ئینسیکلۆپێدیای نیشتمانی - سوێدی

Nurmi Seppo (2007 - 2010) Myt möter fakta. Kosmiska.

Hagman Olle (2000) Teknik, människa Samhälle. Liber

Populärhistoria. 2001 mars 19

Koranen (2009) översättning av KV Zetterstéen.

Koranen (1994) Översättning av Régis Blachére.

SMHI.se دامودەزگای کەشناسی_ سوێد
www.smhi.se/kunskapsbanken

Souli, Sofia (1995) Grekisk mytologi s.19

Svedberg, Lars (2000) Gruppsykologi. Om gruppers, organisationer och Ledarskap. Studentlitteratur. Pp.97

Von Kotzebue, Maurit (1922) Resa till persian med Rysska ambassaden år 1917

Världshistoria (1983). Del 1 av 16.

## بەزمانی ئینگلیزی

Andalkar, Amar Skiing the pacific Ring of the Fire and Beyond.

Discurse and Truth: The problematization of Parrhesia. 6 lectures given by Michel Foucault at the University of California at Berkeley. Oct – Niv. 1983.

David, Wright (2012) The timeline for the Flood, Answers in Genesis. 2012 mars

Durheim, Emile (1933) The division of labor in sociaty. The MacMillan Company.

Encyclopaedia Iranica

Encyclopedia of Judaism (2006)

Engels, Friedrich (1884) The origin of the family, private property and the state.

Ham, Ken (uå) Was there really a Noah:s Ark and flood.

Historic Mysteries 29 august 2014

Insight on the Scriptus (1988) Volume 1 of 2.

Johnson, Paul (1988) A history of the Jewes. Harper Perennial.

Mundi Anno. From Noah to Dardanus

National Geographic

National Geographic News 2006 july 5

Oceanus magazin. 2009 september 2 Pitman & Ryan (1998) Noaks flod.

William Ryan and Walter Pitman (1996) Noah´s flood.

The Guardian 2000 september 14

The New York Times. 1996 december 17

The New York Times. 2001 januari 09

The New York Times 2001 mars 19

Tresvel

Wikipedia